# کاتێك ئەزموونەکان دەدوێن

(چەند دیمانەیەکی ئەدەبی)

لەفارسیەوە: کەریم سۆفی

**پێشەکی** :

درەختی قەد ئەستووری ڕەگ داکوتراوی ئەدەب , لق و پۆپی زۆر لێ دەبێتەوە , تا ڕەگەکانی زیاتر بە ناخی زەویدا ڕوو بچێت , باشتر جێگیر دەبێت و قەد و بالآی توند تر و خۆڕاگرتر دەبێت , ڕەونەق و جوانی و چێژ و بەروبوومی زیاتر بە سروشت دەبەخشێت و دیمانەکانیان ڕازاوە تر و گەشاوە تر چاوان ڕوون دەکەنەوە , دڵەکان زیاتر هەناسەی خۆشی و دڵنیایی هەڵدەمژن و هەنگاوەکانی تەمەنی خۆیان نویێ دەکەنەوە.

قسەکردن لە بوارەکانی ئەدەب زنجیرە لێکدانەوەیەکی ماتماتیکیانەی ڕووت و بێ گیان نین کە ژمارەی ڕەق و تەق بەمێشك بسپێرن و بەبێ دەنگی ببڕێنەوە . لەناو دنیای ئەفسووناوی ئەدەبدا , خانەکانی مێشك باڵندەی بەرزەفڕی ڕەنگاوڕەنگیان لێ دەڕسکێ , دەمارەکان گەرمایی بە جەستە و ناخی مرۆڤ دەبەخشن .

کە لاپەڕەکانی ڕۆژگاری ئەدەب بەسەر یەکدا کەڵە بوون , وێنە و دیمەنەکانی ژیانی ئەدیب , دەردانەوەی ئەزموونی لێ دەکەوێتەوە , ئەزموونەکان بە هەموو ڕەنگ و ڕووەکان , سەرەتای ئەزموون بۆ نەوەکان دادەمەزرێنن , کارەکەش هەر لە سەرەتاوە بەم شێوەیە ڕێچکەی خۆی بڕیوە , نەوەیەك دوێنێ چاندی , نەوەیەك ئەمڕۆ دەیچێنێ , نەوەیەك بەیانی دەیچێنێ ... ئەمەیە ئەزموونی نەوەکان بۆ ئاودانی بوارەکان , هەروەکو چۆن نەوە , نەوەی لەدوایە , ئەزموونیش , ئەزموونی لەدوایە , با بەیەکەوە بە چاوی دڵ لەم چەند ئەزموونە ڕامینێین ... تا ئەزموونەکانی خۆمان لە کایەکانی ئەدەبدا بیر بکەوێتەوە و ئاسۆی بیرمانی پێ ئاو بدەین و زانست و زانیاری خۆمانی پێ پاراو بکەین تا لە بوارەکانی داهێنانی ئەدەبیدا بەهرەمەند و بەهرەبەخش بین .

# چقلێك بۆ چاوە نەخۆشەكان
## (گفتوگۆیەكی ونبوو لەگەڵ نیما یوشیج)

* كاتێ بۆ سەردانی نیما چووم , پێچەوانەی بۆچوونی پێشووم , بینیم نیما ئەو ناڕەزایی و هێرشانەی كە دژی كراون , بەحاڵەتێكی نائاسایی و ناچاوەڕوانكراوی وەرنەگرتووە و هیچ ڕق و كینەیەكی لەدڵدا نییە , ئەمەش حاڵەتێكی شایستە و شیاوی پێشەنگ و گۆڕانكارێكی هونەری و هونەرمەندێكی واقیع بینە ، كە لۆژیك دەخاتە سەرووی هەست و سۆزی كەسایەتییەوە .

دوای ئەوەی نیما لە مەبەستی چاوپێكەوتنەكەی من گەیشت , كە مەبەستم بوو ڕاوبۆچوونەكانی بزانم سەبارەت بە ڕەخنە و ناڕەزاییەكانی (دەشتی) لەسەر شیعرە نوێیەكانی و بەتایبەتی لەمەڕ خودی كەسایەتی ئەو . بەزمانێكی نەرم و نیان و ڕێك وتی :

ئەم هێرش و تۆمەتانە شتێكی نوێ نین و هەمیشە هەموو نوێخوازییەك , هەموو شاعیرێكی نوێكەرەوە لە سەردەمی خۆیدا كەوتووەتە بەر شاڵاوی سەرزەنشت كردن و دژایەتیكردن و هەتا گاڵتەپێكردنیش لەلایەن ئەو كەسانەی كە لە بەرهەمەكانی تێنەگەیشتوون .

عادەتەن پێویستیش ناكات كە لەیەك سەردەم و ڕۆژگاردا شێوازی شیعر وتن و گوتاردانی هەموو كەسێك وەكو یەك بن و لەیەك ئاستدا بن .

لەو ڕۆژگارەی كە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە شیعریان بەشێوازی خۆراسانی (توركستانی) دەوت , لەبەشی ڕۆژئاوای ئێرانەوە ، شێوازی (عێراقی) باو بووە .

بۆ ئەوەی جیاوازی شوێن کاریگەری بەسەر شێوازی شیعرەوە هەبێت , ئەوا جیاوازی ڕۆژگاریش ئیدی شوێنی خۆی هەیە و کاریگەریشی زیاترە , لێرەوەیە کە دەبینین زمانی شیعری (سائیب تەبریزی) لەڕووی شێوازەوە بە تەواوی لەگەڵ زمانی پێشینانی خۆی جیاوازی هەبووە , چونکە وەك (نیزامی) وتەنی :

لەگەڵ هەموو خولانەوەیەکی ڕۆژگار
دەخولێنەوە دۆخێکی دی فێرکار

هەمان ئەو شاعیرەش وەختێ کە بەرهەمەکانی خۆی بلاۆکردەوە , کەوتەبەر شالاۆی وەدەرنان و ڕەتکردنەوەی هاوچەرخانی خۆی , بەلاٌم پاشان زانرا کە چ خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبیات کردووە . (نیزامی) لەبارەی دوورکەوتنەوەی شاعیرانی پێشکەوتوو لە چێژی گشتی ، چەندان بەیتە شیعری هەیە , تەماشای ئەم دوو بەیتە شیعرە بکەن :

دەمی شیرینی خەڵکی لە زمانمدا
وەك ژەهری کوشندەیە لە تالاۆی دەممدا
وەکو دەریا منی فرێ داوەتە پەراوێز
یەخەم پڕە لە بەردی تانە و تەشەر

* نیما لەبارەی شێوازی سەمبۆلیزمی شیعرەکانی خۆیەوە وتـی : بەپێچـەوانەی بۆچـوونی هەنـدێك لـە ڕەخنـەگران , شـێوازی سـەمبۆلیزم لاسـایی بیانییـەکان نەکراوەتەوەو ، واتای مەجازی وشەکان لە بەرهەمەکانی ئەوروپی نەخواستراوەو لەنێو بەرهەمەکانی مـەولانا جەلالـەدینی ڕۆمـی و حـافز و هـەتا لـەنێو گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکیدا , بەکارهێنانی ووشە بۆ واتای مەجازی وەك دابێـك بـاو بووەو زۆریش دەبینرێت , وەك ئەو پەندە باوەی دەڵێت (پاشی ناخۆشییەکان , خۆشییە) یان (لەدوای تاریکی , رووناکی دێت) کە مەبەست تێیـدا باشـتر بـوونی ڕۆژگاری ئایندەیە . لەنێو سەتاسەری بەرهەکانی حـافزدا , وشـەکان بەشـێوەی مـەجاز بـەکارهاتوون و شـاعیر ناچـار بـووە کـە لـەو دیـو پـەردەی داپۆشـین و تەمومـژاوی ، مەبەسـتەکان بگەیـەنێت . لەبـەر هـەمان هۆیـە کـەوا خـەڵکی هاوچەرخی حافز هەم لێی دووردەکەوتنەوە , هەم پلە و پایەشیان نەدەناسـی : تا ئەو ڕادەیەی کە ناچار بوو بڵێ:

گوتاردان و رەوانبێژی لە شیرازا پەیڕەو ناکەن
وەرە حافز لێرە بارکەین بۆ لایەکی دی

* لێرەدا مامۆستا نیما پیشانی دا کەوتووەتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی حافز و نیزامی و غەزەلێکیشی لەسەر شێوازی حافز نووسیوە کە هێشتان ناتەواوە و تەنیا دوو بەیتی بۆ من خوێندەوە :

بەهای هەموو گوتەکانم لە بازاڕدا بەفیڕۆ چوو
خودایە چارەنووسم بدە دەست سەر و سامانێکی دی
پێ هەڵگرە و وەرەلام بەسەرم کەوە
تا دەست لەتۆ هەڵنەگرم بۆ داوێنێکی دی

نیما ئاماژەی زۆری بە شیعری دیکە داوەو لەم بوارەوە نووسیویەتی , لەوانە ئەم چوارینەی کە دەڵێ:

ئارەزووت وەلای دۆستانە بۆچی؟
سۆزت هەموو بۆ لای خراپان زێترە بۆچی؟
وەك بڵێی قسەم لە زاران نەوەستێ
ئەدی کەوتۆتە سەر هەموو زمانان بۆچی؟[1]

نیما یۆشیج لەبارەی هەڵسەنگاندن و دادوەرییەکی دەشتییەوە وتی:
– من بە هەڵسەنگاندنەکەی دەشتی هیچ دلگیر و دلگران نیم , دەستی نووسەرێکی بەتوانا و کارامە و دەست ڕەنگینە , بەلام دەبێ ئەو ڕاستییەش

هەر بڵێم کە ئـەو تـەنیا مێشـکی پەخشـان ناسـینی هەیـە , نـەك مێشـکی شـیعر ناسین ..!

بـۆ هەڵسـەنگاندن و دادوەریـش , وێـڕای توانـایی و شـارەزایی لـە بابەتەکـەدا , ویژدانیشی پێویستە . دەبێ لەکاتی قسەکردن لەسەر هونەرمەندێك , کاریگـەری کارەکەی بەسەر زمان و سـەردەمەکەی ببینرێـت کـە تـا چ ڕادەیەکـە , ئـەوکات حوکم بدرێت . من لە بێ ویژدانی و دڵڕەقی هیچ کەسێك دڵگـیر نـابم و سـەبارەت بەوانەش ڕەخنە و خەوش لە کارەکانم دەگرن , بەزەیی و نەرم و نیانی دەنـوێنم . هەروەها نیما لەسەری ڕۆیشت و وتی :

– (ئـەوەی کـە بێـژینگی بەدەسـتەوەیە , لـە دواوەی کاروانـەوە دێـت , هـەر هونەرمەنـدێك بـاش یـان خـراپ – سـەردەمەکەی دروسـتی کـردووە , بۆیـە سەردەمێکیشی دەوێت تا بناسرێت )

لەمیانەی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بە دەوروبەری ماهیەتی شیعر , بۆم دەرکـەوت کە نیما لە پێناسە کردنی شیعردا لەگـەڵ (دەشـتی) هـاوڕا نییـە و بەپێچـەوانەی بڕوای دەشتی کە دەڵێت:

(ڕەنگە بەردێك وەبەرپێی سەگێك بکەوێت نووزە و ناڵەیەکی لـێ بـەرز بێتـەوە , بەڵام ئەم نووزە و ناڵەیەی شیعر نییە , ئەگەرچی هاتوهـاواری پـڕ لـە ئازاریشـی کارمان تێ بکات)

* مامۆستا نیما بە تەواوی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە و دەڵێت :

– شاعیر کەسێکە کە توانای بەیانکردن و گواستنەوەی ئەو هەستە شیعرییانەی هەبێت , شاعیر دەبێ کەرستەکانی هۆنینــەوە و ڕێکخستنی شـیعریی هـەبێت و ئەم کەرستانەش بـریتین لـە : شـێوازی هونـەری , دەسـتوورەکانی ڕوونبێـژی و ڕەوانبێژی , ڕێنووس و دارشتنی ڕستەکان , کێش و ... تـاد . شـاعیر پێویسـتە کەم و زۆر شارەزایی و زانیاری لەبارەی کەرستەکانی شیعر و نووسیندا هەبێت و من خۆم بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە ڕادەی ئـەدیبانی بـەرز و بـەڕێز کـە سـەرپێیی موتــالآی بەرهەمــەکانی کلاسـیك و کۆنــەکان دەکەنــەوە , ئــەوا بەرهەمــەکانی ڕابردووانم سەراوبن کردووە . من گەنج نیم و ئێستا پێم ناوەتـە شەسـت سـاڵی , بەدرێـژایی تەمــەنم موتــالآی بەرهەمــەکانی پێشـینان و بەرهــەمی بیــانی کــاری هەمیشەییم بووە .

* نیما ئەم قسانەی بە گەرموگوڕیەکی تایبەتییەوە وت و لە حاڵەتێکدا کـە بـزە خەندەیەکی واتاداری لەسەر لێوبوو , وتی:

– ئەگەر نەشارەزایەك لە ئەنجامی بێ موتالآیی , نەیتوانی هەسـت و سـۆزەکانی خۆی بخاتە ڕوو , نابێ خەڵکانی سووتاوی ناو کار و زەحمەتکێش بەدناو بکات!

منیش زۆر لەو خەم و پەژارانەم هەیە کە (دەشـتی) سـەبارەت بـە خراپـی بـاری شیعری ئەمڕۆکە هەیەتی .

* نیمـای شـاعیر دوای باسـکردنی ئـەم حاڵەتانـە زۆر ئـازاو بەجەرگانـە ڕووی ڕەخنەی لەخۆی کردو وتی:

— مـن ئـەوە بـۆ چـەندان سـاڵ دەچـێت زەحمـەتیم کێشـاوە , هێشـتاش لـەناو کارەکـانی خۆمـدا هـەر خـەریکی ئـەزموون کـردنم . لـە پێشـەکی ئـەو کۆمەڵـە شیعریەی بەناوی (نیما یۆشیج) چاپی ناسحی — دا کە بەم دواییە چـاپ کـراوە , وتوومە : من زۆر ڕەخنە لەکارەکانی خۆم دەگرم .

* لە دامەزرێنەر و پێشەنگی شیعری نوێی ئێرانیم پرسی : کە ئامانجی خـۆی لـە گۆڕینی شێواز , وەك دەڵێن نوێخوازی بخاتە ڕوو , وتی :

— من بۆ ئەوەی بتـوانم باشـتر هەسـتی ناخـەوەم بخەمـەڕوو کـە لەگـەڵ ئـێش و ئازارەکانی کۆمەڵایەتیدا تێکەڵاوە , بڕیارم دا مۆسیقا لە شـیعر جیـا بکەمـەوە , بۆ ئەوەی بتوانرێ باشتر هەستە شیعرییەکان وەسف بکـرێن , پێویسـتە کـۆت و بەنـدەکانی ڕابـردوو وەلا بنـرێن .شـتێکی بەڵگـە نەویسـتە کاتێـك ئـەمجۆرە شێوازەمان هەڵبژارد , ناچارین بەیت و دێرە شیعرەکان کورت و درێـژ بکەینـەوە تابینە پەردە و پۆشاکێکی گونجاوتر بۆ دەربڕینی واتاکان , واتـە واتاکـانی کـێش بۆ شیعر بدۆزینەوە , نەك کێشی عەرووزی کۆن . وەختێ قسـە گەیشـتە ئێـرە , مامۆستای شاعیر ئاماژەی بە گوتەیەکی دەشتی کرد گوایە دەڵێ : (شیعرەکانی نیما کێشیان تێدا نیە):— بۆیە گوتی :

( شیعرەکانی من هەموویان کێشیان تێدایە , بەلآم نەك کێشی کۆن ...)

ئەمەش بەشێکی شیعرییە , هەندێ دەربڕین دەتوانرێت لەنێو هەمان کێش و سەروای کۆن بخرێتە ڕوو , بەڵام خەوشی کارەکە لێرەدایە کە زمانی ڕۆژگاری ئێمە و شێوازی ژیانی ئەمڕۆی ئێمە , ئیدی توانای ئەم ئیشەی نییە , بۆ نموونە : ئەگەر بمانەوێ چیرۆکێك لەسەر بەحری (موتەقاریب) ی فیردەوسی دابڕێژین , لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە پەیوەستن بە ژیان و پێداویستیەکانی ئەمڕۆکەمان , وەك ئۆتۆمبێل , قاسە , هێڵی ئاسنین , فڕۆکەو ... تاد ئەوە دەبێتە کارێکی خاوو بێ تام و بۆو ناسکی و دڵگری هونەری خۆی لەدەست دەدات , بۆیە دەبێ شاعیری نوێخواز , شێوازی نووسینی تایبەت بەژیانی ئەمڕۆکەی خۆی هەبێت و زمانی سەردەمەکەی خۆی بکاتە هۆکاری بەیانکردن و گواستنەوەی واتاکان . هەروەك چۆن شاعیرانی کۆنیش , هەمان ئەو کارەیان کردووە .

زۆر لە دابونەریتەکان دەکرێ و پێویستیشە بگۆڕدرێن , بەڵام دەبێ بزانرێ کە ئەوان ئەم گۆڕینانەیان چۆن ئەنجام داوە . بۆ دادوەریکردن و حوکمدان لەسەر چۆنیەتی گۆڕانکارییەکی هونەری , دەبێ بگەڕێیینەوە سەر کارە ڕەسەنتر و بنەما باشترەکانی کارەکە ، نەك کارە مام ناوەندییەکان .

* نیما شیعری (وك دار)(2) ی خۆی بە شیعرێکی مام ناوەندی داناوە کە یەکێك بووە لەو شیعرانەی کە دەشتی وەك بەڵگە هێنابوویەوە , بۆیە لەم بارەیەوە وتی :

– بۆ هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی من , پێویستە کۆمەڵە شیعری (ئەفسانە , مانگەشەو دەدرەوشێتەوە , وای لەمن , ئای ئادەمیزادەکان , کاری شەو پێ ... تاد بخرێتە بەر موتالاو لێکۆڵینەوە , ئینجا توانای دادوەری و حوکمدان بخرێتە کار , ئەوکات شیعری (وك دار) ی پڕ لە هەڵەی چاپ , کە بەشێك لە ڕەخنەکانی دەشتی لەسەر پانتایی هەمان ئەو هەڵە چاپییانە بنیات نرابوو , نیزامی وتەنی :

لەنێو هەموو شتێکدا هونەر و خەوش هەیە

خەوش وەلانێ , تا هونەر ببینی

* نیما یۆشیج لەو چەند کەسە بەناو – نوێخوازانەی هیچ لە بارا نەبوو دڵی پڕەو لەم بارەیەوە وتی:

– من لە پێشەکیدا بۆ ناساندن و تێبینی , کەمێك هێرشم کردووەتە سەر شاعیرانی لاو کە لەڕووی کێش و دەربڕینەوە بەرەو بێ سەروبەری بەڕێی دەکەن , لەنێوان ئەو بەرهەمانەی کە تاکو ئێستا وەکو شیعر بلاوکراوەتەوە , بەرهەمی بێ سەروبەرو خراپ زۆرە , شیعری نوێ , یان شیعری سەربەست بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ کەس , کارێکی ئاسان نییەو بەتایبەتی من بۆ خۆم نووسینی شیعری سەربەستم لەلا زۆر گرانترە لە نووسینی شیعری کلاسیك .

* حەزم دەكرد ڕاو بۆچوونی مامۆستا بزانم لەبارەی دوو شیعری دیكە كە لە وتارەكەی دەشتی – دا ئاماژەیان پێ كرابوو , لە وەلأمدا وتی :

– شیعری (كچی خۆر) كێشی نییە و ڕێك و ڕەوانیش نییە منیش دام نەناوە , هەروەها لەگەڵ ئەو شیعرەشدا كە لە كتێبی (كەڵەشێری جەنگ) گواستراوەتەوە , هاوڕای نیم و لەو بڕوایەشدام كە دانەرەكەی زۆر ڕەقی و توندی نواندووە و قسەكانی لە ڕاستییەوە دوورن , ئەم وشانە و ئاوازانەش لەگەڵ ئێمە و بە مێشكی ئێمەدا ئاشنا نییە , كەچی لەگەڵ ئەوەشدا من نالێم خراپە ... هەموو تەواو كردنێك (تكامل) لەگەڵ بارودۆخی هەر سەردەم و شوێنێكدا مەودایەكیان لەنێواندایە . لەم حاڵەتەدا هونەرمەندانی پێشكەوتوو ئەركی ئەوەیان لەسەرە كە ڕووەو ئایندە نزیك ببنەوە , نەك ڕووە و ڕابردوو , چونكە بزاڤ و وتەكان و جووڵە و تەواوكردن , لە تایبەتمەندییەكانی سروشتن .

من لەپێشەكی (خانەوادەی سەرباز) دا نووسیومە كە (من چقڵێكم كە سروشت بۆ چاوە نەخۆشەكان بەرهەمی هێناوم)

* وەختێ گەیشتە ئەم ڕستەیە لەنێو وتەکەی دەشتی — دا کە دەڵێ : (خۆ ئادەمیزاد شیعر بۆ جنۆکە و شێتان نانووسێت!) مامۆستا بزە خەنەیەکی هاتێ و وتی :

— قسەکانی (میردامـاد) م بەبیرکەوتـەوە , میردامـاد لـە پێناسـەی جنۆکـە و فریشتەکاندا بەم جۆرە دەئاخڤێ : ئەوانـەی کـاری چـاکە دەکـەن , فریشـتەن و ئەوانەی کاری خراپەش دەکەن ئەهریمـەنن , بـەڵام ئەوانـەی هەنـدێ جـار چـاکە دەکەن و هەندێ جاریش خراپە , ئەوانە جنۆکەن .

* بەم جۆرە قسـە خۆشـەکانی مامۆسـتا کـە لەوپـەڕی تاموچـێژی خۆیـدا بـوو , کۆتایی پێ هات کە دەلالەت لە شارەزایی و بەرفراوانی زانیاریەکانی ئەو دەکـەن لەدنیای ئەدەبیاتی کۆن و نوێدا , بەڵام دیسان دووبارەی کردەوە کە :

— شـیعری سەربەسـت , جـۆرە شـیعرێکە بـۆ گوتـاردان و دوان , نـەك هاوتـا و هاوکێشبوون لەگەڵ مۆسیقادا . ئەم جۆرە شیعرەش تەنیا لەسەر ئەوروپا قـۆرخ نـەکراوە , لـە تورکیـا و وڵاتـانی دیکـەی عەرەبیشـدا بـاوی هەیـە , بـۆ نموونـە دەتـوانرێ نـاوی (نـازم حیکمـەت لـە شـاعیرانی تـورکی و حـەلیم دەمـووس لـە شاعیرانی عەرەبی بەیرووتی) بێنین .

* مامۆستا ڕێنمایی کردم کە بۆ ئاگادار بوونی پترو تەواو لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی ئەو لەبارەی شیعری نوێوە ، بگەڕێمەوە سەر کێشی (دوونامە و پێناسە و تێبینی) هەروەها وادەی دا ئەگەر تەمومژ و نادیارییەك لە نووسینەکەدا هەبێت ، بۆم شی بکاتەوە و چارەسەری بکات تا منیش بتوانم چۆڕاوگەی بۆچوونەکانی مامۆستا بە زمانێکی سادە و ڕەوان بخەمە بەردەست و دیدی ئارەزوومەندان .

وەختێ بۆ خواحافیزی کردن دەستم لەنێو دەستی پێشەنگی شیعری نوێی ئێرانی بوو وتی :

– جارێکی دی جەخت دەکەمەوە کە شیعرەکانی من کێشیان هەیە و هیچ یەکێکیان بێ کێش نین ، بەڵام کێشی شیعرە نوێییەکانی من بەجۆرێکن کە ئیدی ناتوانرێ لەسەر ئاوازی دەشتی و ئەبو عەتا بخوێندرێن .

* لەسەروبەندی ئەم قسە خۆشانەیدا ، مامۆستا کەوتە پێکەنین و منیش بە ناچاری لە حزرووری پڕ لە بەرەکەت و زانیاری ئەو دابڕام و خواحافیزیم لێکرد .

پەڕاوێزەکان

1. لە دەقی نووسینەکەدا دەڵێ ئەم چوارینەی (بەر لەسێ ساڵ نووسراوە) واتە بەر لەسێ ساڵی کاتی ئەنجامدانی گفتوگۆیەکەدا .

2. وك دار (مەبەست بۆقێکی درەختییە گوایە دەڵێن ئەگەر لەسەر دار هەنجیر بخوێنێ , باران دەبارێ) .

{سەرچاوە : گۆڤاری (تکاپو , دورەنو , ژ . 1) , اردیبهشت – 1372 (1993 ز) ل 60 – 65)

تێبینی : ئەم گفتوگۆیە ناوی کەسی لەسەر نییە , لەکۆتایی گفتوگۆیەکەدا نووسراوە , لەژمارەی (22) ی بلاّوکراوەی کاویان وەرگیراوە .}

## شەهرنووش پارسی پوور لە دیمانەیەکدا :
## (هەمیشە کەڵکەڵەی نووسینی چیرۆکی زانستیم لەمێشکدا بووە)
## دیمانە : ناسر زراعەتی

**کورتە ئاماژەیەك :**

نزیکەی دە مانگ لەمەوپێش ئەم دیمانەیەم لەگەڵ نووسەری باشی هاو وڵاتم شەهر نووش پارسی پوور ئەنجام داوەو ماوەیەك دەقی دیمانەکەم لەسەر موسەجەل پیادە کردو بەڕێکخستنەوە چاپم کرد و لەهەفتەنامەی (بازتاب) دا بڵاوکرایەوە کە لەشاری ئۆپسال — ی سویدی دەردەچێت . ئێستا ماوەی ساڵێکە ئەم چەند لاپەڕەیەم لەبەردەستدایە . وابزانم هەمان ئەم دیمانەیە دوای چەند مانگێك , جارێکی دی لە (روزگارنو) چاپی پاریس , بڵاوکرایەوە . هەڵبەتە ئەمەشم لە یەکێك لە هاوڕێکانم بیستووە و خۆم ئەو ژمارەیەم نەبینیوە . دەقی ئەم دیمانەیەشم لەناو دۆسییەی کۆمپیوتەرەکەم ون کردبوو . ئەم شەو بەشێوەیەکی زۆر ڕێکەوتانە , دۆزیمەوە و دووبارە خوێندمەوە .

وابزانم بابەتێکی خراپ نییە و شایانی خوێندنەوەیە . هەروەها بەسەرکردنەوە و یاد بەخێرییەکی خاتوو پارسی پوور — یشە کە ئومێدەوارم ساغ و سەلامەت و بە کەیف و سەرکەوتوو بێت و جارێکی دی بۆ چیرۆکنووسین تێهەڵچێتەوە .

چیرۆکنووسی هاوچەرخ شەهر نووش پارسی پوور کە چەند ساڵێکە لە ئەمریکا لەشاری بیرکلی سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیا دەژیت . مانگی ئابی (2000) بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی کتێبێکی نوێی بەناوی (شیوا) لەسەر بانگهێشتی – بڵاوکراوەی باران – هاتە سوێد و چەند شارێکی دیکە لەوانە گۆتنبێرگ و لەوێ وتار و چیرۆك خوێندنەوەی هەبوو . ئێوارەی ڕۆژی حەفتەمی مانگی ئابی (2000) لە گۆتنبێرگ بەشێکی لە ڕۆمانە نوێیەکەی خۆی خوێندەوە و لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەیدا , لەبارەی ڕۆڵی ئافرەتانی چیرۆکنووسی – ئێرانی بەتایبەتی لەو ساڵانەی دوای شۆڕش دواو وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە .

لەکۆتایی بەرنامەی هەمان شەودا , هەلێك ڕەخسا تا پێکەوە دابنیشین و دیمانەیەك ساز بکەین , ئەمەش دەقی ئەم دیمانە سادە و کورت و دۆستانەیە کە بە ڤیدیۆ تۆمارکراوە :

* خاتوو پارسی پوور , ویستم سوود لەم هەلە وەربگرم و کەمێك لەبارەی دوا ڕۆمانتان بەناوی (شیوا) یان وەك خۆت وتەنی (چیرۆکی زانستی) کە (هاو واتایەکی باش و دروستە بۆ Sceince Fiction بەرچاوتان گرتووە) بدوێیت و لەبنەڕەتدا چۆن بوو بیرتان لە نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکە کردەوە ؟

– کاتێ یەکەمین فیلمی (چیرۆکی زانستی) م بینی کە بەزنجیرە لەسەردەمی شا لە تەلەفزیۆن پیشان درا , من زۆر هۆگری ئەم زنجیرە تەلەفزیۆنیە بووم و بۆی دانیشتم و تەماشام دەکرد . بەسەرهاتی ئسپاك و چیرۆکە خەیاڵیەکەیم زۆر

خۆش دەویست , پاشان فیلمێکم بینی بەناوی ستێنلی کۆبریك . بەڵێ , ئەو کاتی بۆم دەرکەوت کە دەبێ چۆن ئیش لەگەڵ ئەم چیرۆکە زانستییەدا بکرێ , دەکرێ کێشە فەلسەفییەکان بگوازرێنەوە , دەکرێ چەمکە عیرفانییەکان بخرێنەڕوو , بیرم کردەوە کە چیرۆکی زانستی , ئەفسانەکانی سەردەمی ئێستایە , ئەفسانەیەکە خەریکە هەمان سەردەم و ڕۆژگاری ئێمە دێنێتە ئاراوە . لەم سۆنگەیەوە , هەمیشە چیرۆکی زانستی بۆ من مایەی ڕامان و سەرنجڕاکێشان بووە , تا ئەو کاتەی کە فیلمێکی ڕووسی — م بینی بەناوی (سولاریس) نووسینی تارکۆفسکی . بەڵێ ... هەڵبەتە بەداخەوە نەمتوانی دیالۆگەکانی ئەم فیلمە تێ بگەم , چونکە بە زمانی ڕووسی بوو , بەلام دەمتوانی ناواخنی فیلمەکە تێ بگەم . ئەم فیلمە زۆر کاری تێکردم . لە فیلمەکەی کۆبرێك , کە فیلمێکی ئەمریکایی بوو , تەنیا یەك کەس بۆ ناو بۆشایی ئاسمان ڕەوانە دەکرێت کە هەمان کەسە لە تەواوی فیلمەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت و لەکۆتاییدا بەشێوەی مەلۆتکەیەك لەناو زگی ئاسمان دێتە دەرێ کە بە شێوەیەکی جوان لە فیلمەکەدا نیشان دراوە , بەلام لە فیلمی (سولاریس) دا پاڵەوانی فیلمەکە جۆتە بوو , ئەو پیاوەی کە ئافرەتێکی خۆش دەویست , بەشێوەیەکی بەرجەستە دەبینرا . ئەم فیلمە سەبارەت بە (نهێنی گەردوون) زۆر عارفانەتر بوو , لەو سەردەمیدا هێشتا یەکێتی سۆڤیەتی جاران هەڵنەوەشابووەوە . بەهەر حاڵ , بەبۆچوونی من زۆر دڵگیر بوو . ناتوانم بڵێم چیرۆکی زانستی — م زۆر خوێندووەتەوە , بەلام کتێبی سولاریس — م خوێندووەتەوە . نهێنی گەردوون — یشم خوێندووەتەوە . وابزانم زانیارییەکانی

من لەمەڕ چیرۆکی زانستی لەچوارچێوەی ئەم دوو کتێبە دەخولێنەوە , بەلاّم هەمیشە کەڵکەڵەی نووسینی جۆرە چیرۆکێکی زانستی لەمێشکمدا بوو تا ئەو کاتەی ڕۆمانی (شیوا) م نووسینی . هەڵبەتە ناتوانم بڵێم لەم ڕۆمانەدا زۆر سەرکەوتووم , نەخێر (شیوا) ئەگەر بەشێوەی زنجیرەیی تەلەفزیۆنی پێشکەش بکرێت , کارێکی سەرکەوتووە , بەلاّم وەك بەرهەمێکی ئەدەبی , نەخێر لەو بڕوایەدا نیم , چونکە زۆر درێژە . زیاتر لە (500) لاپەڕەیەو باس و خواسی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و لەم جۆرانەی زۆر تێدایە و لە ئەنجامدا ڕەنگە بۆ خوێنەر کەمێك بێ زەوق و بێزارکەر بێت . بەهەرحاڵ , ئەوەی کەمن وەك ڕۆمانێکی (چیرۆکی زانستی) ئارەزووم لێی بوو بینووسم , بۆم نەچووە سەر .

* لەناو هەمان بەشی کە خوێندتەوە کە لە بۆتەی چیرۆکی زانستی بوو , جەنابتان زۆر مەسەلەتان خستبووە ڕوو , لەوانە کۆمەلاّیەتی , سیاسی , مەسەلەی جیاجیای تایبەت بەکێشەی ئافرەتان لە کۆمەڵگەی ئێرانی ئەمڕۆدا , کێشەکانی ئەم سالاّنەی دوایی , کاروباری حکومەت , دادگاکان و بەردبارانکردن و ... تاد ؟

– بەڵێ , لەڕاستیدا , ڕۆمانێکی سیاسییە , بۆ نموونە دەتوانین ناوی بنێیین (چیرۆکی زانستیی سیاسی) . بەڵێ , دەبێ زیاتر لەنێو ئەم جۆرە دەقانەدا پۆلبەند بکرێت .

* بەشەکانی دیکەی کتێبەکەش هەر بەم جۆرەیە ؟ هەر لە کێشە سیاسی و کۆمەلأیەتییەکان دەدوێت؟

–بەڵێ , بەشێوەی جۆراوجۆر ... چونکە ئەو مرۆڤە , هەمان (شیوا) پاڵەوانی کتێبەکە زۆر داهێنانی ئەنجام داوە و لە ڕەوتی پێشکەش کردنی داهێنانەکانیشیدا بۆ کۆمەڵگە , هەمیشە سەری خۆی لەبەردی دەدا , لەلایەک لەناوەوەی ئێران , لەلایەکی دی لەدەرەوەی ئێران . هەروەکو باسمان کرد , لەناو ئەدەبیاتی چیرۆکی هاوچەرخی ئێرانیدا (چیرۆکی زانستی) جددیمان نییە یان زۆر کەمە , ئەگەر چیرۆکە کورت و جوانەکەی سادق هیدایەت بەناوی (س . گ . ل . ل) وەلا بنێین کەوا بزانم یەکەمین چیرۆکی لەم جۆرە ئەدەبەیەو زیاتر لەشەست ساڵ بەر لە ئێستا نووسراوە , ئەوا من ئاگاداری کارێکی دیکەی لەم جۆرە نیم .

* ئایا لەبیری ئەوەدای کە جارێکی دی لەم بوارەدا کار بکەیت ؟ هەروەها لەبۆتەی (چیرۆکی زانستی) دا تا چ ڕادەیەك دەتوانرێ کاربکرێ ؟ کاری دواتری جەنابتانیش (چیرۆکی زانستی) دەبێت یان ئیدی تەواو بوو ؟

– سەلمان روشدی بۆ بێرکلی هاتبوو , ئێمە ئامادەی کۆڕەکەی بووین , وتی : (یەکێك لەکارە سەرەتاییەکانی من کە نووسیبووم , چیرۆکێك بوو زانستی , بەلأم دوایی یەکسەر تێگەیشتم کە ئیدی نابێ ئەم ئیشە بکەم) .

منیش دوای نووسینی (شیوا) وام بەزەین داهات کە شتێك لەم شكل و شێوازەدا هەیە , من بەتەواوی دەركی ناكەم . وای بۆ دەچم كۆمەڵگەیەك كە زەینی زانستییان هەیە , دەتوانن چیرۆكی زانستی بنووسن . بۆ نموونە لەخۆرئاوا , بەتایبەتی لە ئەمریكادا هەیە و ئەنجامەكەشی زۆر پۆزەتیڤ و دڵگیر بەئەنجام دەگات , بەڵام لە كۆمەڵگاكانی جیهانی سێیەمدا وەك ئێران كە لەبنەڕەتدا بونیادێكی زانستی نییە , نووسەرەكەشی هەر ناتوانێت بەم شێوەیە كارێكی سەرنجڕاكێش ئەنجام بدات , ئەگەرچی یەكەمین چیرۆكی زانستی لەدنیادا , لەناوچەی ئێمەدا بووە كە كتێبی (هەزار و یەك شەو) ەیەو لە یەكێك لە چیرۆكەكانی ئەم كتێبەدا , بۆ نموونە ئەسپێكی ئاسنین بە پارچە پارچەیی دێنن و پێكەوەیان دەلكێنن و دەبێتە ئەسپێكی سروشتی و دەست بە فڕین دەكات . لەشوێنێكی دیكەدا , ژنێكی جادووگەر هەیە كە هەموو خەڵكی شارێك دەكاتە ماسی و پاشان كە تەلیسمەكەی دەشكێت , ماسییەكان دووبارە دەبنەوە ئادەمیزاد ... ئەگەرچی بەتەواوی چیرۆكی زانستی نییە , بەڵام بەهەرحاڵ لەنێو ئەم جۆرە دەقە ئەدەبییانەدا جێیان دەبێتەوە .

* هەتا بەشێوەیەك لە شێوەكان دەتوانرێ ناوی چیرۆكی (ماسی چالاك) بهێنرێت یان كارەكانی لەم جۆرە ...؟

– ئەم چیرۆكەم نەخوێندووەتەوە .

* ئەویشیان لەم جۆرەیە نزیکە , چیرۆکێکە ئەگەر ئێستا نەشڵێین زانستییە , خەیاڵێکی زۆر بەهێزی تێدایە و بەسەرهاتی وەك (هەزار و یەك شەو) ەی تێدایە ... زۆر باشە , لەو بەشەی چیرۆکی (شیوا) کە خوێندتەوە , وەسفی چەند ئامێرێکی تێدایە کە ئەم زانا گەنجەیە دایهێناوە و چەند کارێك بە هۆیانەوە ئەنجام دەدات , بەلاّم باری چیرۆکەکە زیاتر لە ئەستۆی (دیالۆگ) دایە , ڕووداوێك ڕووی داوە کە باوکی (شیوا) هەواڵ دێنێ کە بڕیارە لە خوارووی شاری تاران , ئافرەتێك بەرد باران بکەن پاشان بەهۆی ئامێرەکە و بەشێوەیەکی تایبەتی ئافرەتەکە ڕزگار دەکەن و دەیهێننە ماڵی داهێنەرەکە و لەوێ بەسەرهاتی خۆی بەیان دەکات . ئێمە لە ڕێگەی دیالۆگ یان باشتر وایە بڵێین پرسیار و وەلاّمی گێڕەرەوە – نووسەر – پەی بە بەسەرهاتی ژیانی ئافرەتەکە دەبەین . ئەم شێوازەش هەڵبەتە دڵگیر و دروستە . ئەم بارودۆخی لێکۆڵینەوەیەش کارێکی گونجاوە . چونکە ئەم ئافرەتە بەستەزمانە ئەوەندە سەراسۆیی ئەم لێکۆڵینەوانە کراوە و وەلاّمی داوەتەوە , ئێستا لای بووەتە شتێکی ئاسایی , زیاتر هەواڵ و زانیارییەکانی چیرۆك لەم ڕێگایەوە دەگاتە خوێنەر .

– ڕاستە .

* واتە هەموو شتێك لە تێڕوانینی گێڕەرەوەدایە ؟

– بەڵێ , ڕاستە .

* لەو بڕوایەدا نیت کە سنووربەند کردنی چیرۆك و بارودۆخەکەی و بەتەواوی خستنە ئەستۆی دیالۆگ , دەست و پێی نووسەر دەبەستێتەوە و تا ڕاددەیەك سنووربەندی دەکات ؟

– نەخێر , نەك بەم شێوەیە ... پێوەندی هەیە ... بناغەی ڕۆمانەکە خۆی لەسەر دیالۆگ دامەزراوە . زانای لاوی ئێمە (شیوا) ئەم نووسەرەی لە ئەمریکاوە لەگەڵ خۆی بۆ ئێران هێناوەتەوە . بەم پێیە هەموو شتێك لەنێو پێوەندی ئەم دوو کەسەدا پێکەوە و تەواوی ئەندامانی دیکەی ئەم کارخانە زانستییە شێوە وەردەگرێت . بەڵێ لەم کتێبەدا دیالۆگ یەکجار زۆرە , بەلام سنووربەندییەکی بۆ من دروست نەکردووە . تەنیا ڕەنگە تا ڕاددەیەك خوێنەر ماندوو بکات .

* ئێوە خۆتان بەتەواوی لەم ئەزموونە ڕازین ؟

– بەهەرحاڵ بۆ خۆی ئەزموونێك بوو ... زۆر لە نووسەران هەن کە کارەکانیان چەند جار دەنووسنەوە تا بەو شتە بگەن کە خۆیان مەبەستیانە . من عادەتەن لەم تەرحە نووسەرانە نیم , بەڵکو لەو کۆمەڵە نووسەرانەم کە چیرۆکەکانیان یەك جار دەنووسنەوە , ئەگەر لێی ڕازی نەبم , ئەوا دەڵێم : (باشە , بەچەمکی ... کاری دواترم ڕاست دەکەمەوە ...)

* واته ئەم ڕۆمانەتان تەنیا یەك جار نووسیوەتەوە ؟
– بەڵێ ...

* بە پاكنووسكردنەوە یان بێ پاكنووسی ؟
– هەر ڕۆمانێكی منت بینیبێت , یەك جارم نووسیوەتەوە ...

* لەنێو كارەكانی جەنابتان , بەتایبەتی (توباو واتای شەو) و (عەقڵی ئاوی) و هەمان (شیوا) , وا دێتە بەرچاو كە پەخشان و ڕستە و دیالۆگەكانیان كەمێك پێویستیان بەوە هەیە كە ئیشیان لەسەر بكرێت . ئیدی هۆیەكەشی ئەوەیە كە بە یەك جار نووسراونەتەوە ؟ هەڵبەتە ئەو كارانەی وەك كۆچیرۆك (ژنانی بێ پیاو) كە لەبیرمە جەنابتان لە یەكێك لە كۆڕەكانی ڕەخنە و لێكۆڵینەوەی چیرۆك لە كۆمەڵەی نووسەران , وابزانم لەساڵی (1980) بوو , چەند چیرۆكێكتان لێی خوێندنەوە و لێكۆڵینەوەشیان لەسەر كرا , بۆ ئەوەی بكرێ لەساڵی (1989) دا . چاپ بكرێ , حەتمەن ئەمانە چەند جارێك نووسراونەتەوە ئەم جۆرەشیان گرفتی كەمترە ؟
– (ژنانی بێ پیاو) یش هەر تەنیا یەك جار نووسراوەتەوە . چیرۆكە سەرەتاییەكانی نێو ئەم كتێبەم لەساڵی (1976) نووسیوە , پاشان ئەم چیرۆكانە تا دوای شۆڕش مانەوە كە تەواوم كردن , بۆ چاپكردنم بەڕێ كردن , بەڵام دەستكاری بونیادی سەرەكی چیرۆكەكانم نەكرد , مەبەستم بونیادی سەرەكی كاركردن نییە , هەڵەی بچووكی نێو ڕستە و پەخشانەكان دەڵێم ...

بەڵێ هەندێ جار ئەمانەم چاك كردوونەتەوە , بەلاّم لە (شیوا) دا هەرگیز ئەمە نەكراوە .

(شیوا) شانسێكی سەیر و سەمەرەی هێناوە ! كتێبێك بوو كە من دەمویست هەر جێبەجێ بكرێت و ئەم كارەشم كرد , هەڵبەتە لەناوەڕاستی كارەكەدا , دووچاری تەنگ پێهەڵچنینی نەخۆشی خەمۆكی بووم كە ماوەی چەند مانگێك بەجارێ توانای كاركردنی لێ بڕیم . ئەو كاتی تازە شارەزای كۆمپیوتەر ببووم و باش سەرم لێی دەرنەدەچوو كە دەبێ چی بكەم ! بۆ نموونە نەمدەزانی ئەو بابەتەی هەموو شەوێ نووسیومە , دەبێ لەسەر دیسكەكە خەزنی بكەم نەوەك ڕەش بێتەوە یان نەمدەزانی كە نابێ تەواوی نووسینەكان هەمووی لەنێو یەك دۆسییەدا بپارێزم . دۆسیەیەكم دەكردەوە و هەرچیم دەنووسی دەمخستە نێو ئەم دۆسیە , نزیكەی (250) لاپەڕەم نووسیبوو . هەڵچنی و پاكنووسی و نەخشەسازیشم كردبوو , پاشان بەهەڵە دوگمەیەكم داگرت , لەهیكرا هەمووی پەڕی و ڕۆیشت ...! خۆشبەختانە پێشتر دانەیەكم چاپ كردبوو تا بیدەمە خوێنەران بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر بدەن , ئەوم هەبوو , دووبارە دەستم كردەوە بەكاركردن , بەلاّم بەداخەوە ئەم جارەیان لاوازتر و خراپتر لەجاران ئەنجام درا ...

* بەڵێ یەکێك لە گرفتەکانی کارپێکردنی کۆمپیوتەر ئەمەیەکە مرۆڤ ئەگەر شێوازی کارپێکردنەکەی بە دروستی و تەواوی نەزانێ و هەر بەڕێکەوت فێری ببێ و ئیشی لەسەر بکات , تەواوی ماندوو بوونەکانی بەخەسار دەچێت . منیش جارێکیان (300) لاپەڕەم نووسیبوو , کوڕە بچووکەکەم مازیار وەختێ خەریکی یاریکردن بوو بە کۆمپیوتەر , دوگمەیەکی لێ دا و تەواوی بەرنامەکەی ڕەش کردەوە و هەمووی سڕیەوە ! هیچ شتێکم نەمابوو , نەڕەشنووس , نەپاکنووس , نەدانەی چاپکراو ... باشە با واز لەوە بێنین , ئێستا خەریکی چیت خاتوو پارسی پوور ؟

– ڕۆمانێکی نوێم بەناوی (دانیشتن لەسەر باڵی با) نووسیوە کە ئێستا لەژێر چاپدایە , بلاوکراوەی باران چاپی دەکات . سەرەتای ڕۆمانەکە باش دەستی پێکردووە , بەلاَم لەناوەڕاستی کارەکەدا بەفیکری خۆم ئاستەکەی کەمێك دابەزیوە . دەبوایە دووبارە کەمێك بۆی دانیشتبام و کارم لەسەر بکردایە , پێداچوونەوەیەکی جددیم بۆ بکردایە یان لێی بگەڕابام تا ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕێ , پاش دوو – سێ ساڵی دی هاتبامەوە سەری و ... بەلاَم ئیدی خەریکە چاپ دەکرێت ... ڕۆمانێکی مێژووییە .

* چ سەردەمێك دەگرێتەوە ؟
– لەساڵی (1322) هەتاوی (1953 ز) دەست پێ دەکات تا ساڵانی (1367 – 1368) هەتاوی (1988 – 1989 ز) .

* واتە دیسان هەر باس لەدەیەی سییەکان (پەنجاکانی زایینی) دەکەیت ؟
– بەڵێ .

* خاتوو پارسی پوور , فەرمووتان کە بەهۆی نەخۆشی بۆ ماوەیەك لە کارکردن دابڕان – بەهەرحاڵ بەداخەوە کە ئەم نەخۆشییەتان هەیە – هونەرمەندان عادەتەن بەهونەرەکەیان , بێ هێزی دەکەنە بەهێزی . دەمویست بپرسم کە ئەم نەخۆشییە تا چەند لەکاری نووسیندا زیانی لێ داوی و تا چەندیش یارمەتی داوی ؟
– هەمووی هەر زیان پێگەیاندن بووە .

* واتە نەتتوانیوە هیچ سوودێکی لێ ببینی ؟
– نەخێر ... یەکێك لەزیانەکانی ئەوەیە کە دەبێ ئاگاداری مێشکم بم و بۆ خەیاڵکردنی ئازاد بەجێی نەهێڵم . زەینم بێ هێزە , بەڵام توانای خەیاڵکردنم زۆر بەهێزە . بێ هێزی زەینم لە ڕێگەی خەیاڵکردن قەرەبوو دەکەمەوە , بەڵام چونکە هەموو کات دەنووسم , دەترسم مێشکم بەئازادی بەجێ بهێڵم و زەینم بەڕەڵڵا بێت و لافاوی زەینم ڕێ تەی بکات و لەئەنجامدا چیرۆك بێتە بەرهەم هەڵبەتە ئەمەش زیان لەکارەکەم دەدات . ناچارم زەینم ڕێك و پێك بکەم و لەو

حاڵەتەی وەك دەڵێن (ئیلهام) دوور بکەومەوە . ئەوەیەکە کارەکە خۆی لەخۆیدا دەکەوێ و ئیدی ناتوانێ ببێتە ئەو شتەی کە لەڕاستیدا دەبوایە ئەو بێت .

* هیچ وەختێ بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە بکرێ سوود لەم حاڵەتە ببینی — ئەگەرچی ئەمە گرفتێکی بەدەر لەویستە — بەڵکو بێی و لەکاری نووسیندا سوودی لێ ببینی ؟ واتە کاتەکانی خۆتان سنووردار نەکەن , لێگەڕێن هەستەکە بەسروشتی خۆی بڕژێتە دەرەوە ...؟

— بەڵێ قسەکە جوانە , بەلام دەترسم ڕووبەڕووی هەڵمەتی نەخۆشییەکە ببمەوە , بەتایبەتی کە من بەتەنیا دەژیم و لە وڵاتێك و شارێکی دی لە غەریبیدا ... ئەمەش حاڵەتێکی خراپە ... ئەگەر لەپێ بکەوم , کێ ئاگای لێم دەبێ ؟

* مەبەستی من ئەوەیە لەوان وەختاندا دەست بە نووسین بکەیت ... هەتا نەك هەر نووسین , چونکە نووسین لەهەموو حاڵەتێکدا تەرکیزی دەوێت , بەڵکو قسە بکەیت و تۆماری بکەیت . پاشان وەختێ کە دێیەوە سەرەخۆت , قسەکان لەموسەجەل پیادە بکەیت و بیخەیتە سەر کاغەز یان ئەم کارە بە کەسێکی دی بسپێری و ڕێکوپێکی بکەیت , جێبەجێی بکەیت . ئەگەر بەکەڵکیش نەهات , وەلای بنێیت ,هیچ بیرت لەمە کردووەتەوە ؟

— نەخێر ... تا ئێستا بیرم لەوە نەکردووەتەوە .

* زۆرباشه ... خاتوو پارسی پـوور , پێشـتر جـەنابتان کورتـە چـیرۆکی بـاش و جوانتـان نووسـیوە , بـەڵام ڕۆماننوسـین وای کـردووە کـەمتر کورتـە چـیرۆك بنووسن؟

– ڕاسـتە ... کـەمێك لـە جغـزی کورتـە چـیرۆك دەرچـوویمە , هەڵبەتـە ئێسـتا ماوەیەکە گەلاڵەی ڕۆمانێکم لەمێشکدایە وەك کۆچـیرۆکی (ژنـانی بـێ پیـاو) کـە (20 – 25) کورتـــە چـــیرۆکە و بەســـەرە داوێکـــی نـــەبینراو بەیەکـــەوە دەبەسـترێنەوە و لەکۆتاییـدا دەبێتـە کۆمەڵایـەتی و لـە تـەواوی کەسـایەتی چـیرۆکەکان و پێوەنـدی هاوبەشـی نێوانیـان پێـك دێـت . ئێسـتا بیرۆکەکـەی لەمێشکم دەرچووە ... بزانین چی دەبێت ...

* شێوازی (ژنانی بێ پیاو) باش بوو , چەند کورتـە چـیرۆکێکە کـە هەریەکـەیان بۆ خۆی چیرۆکێکی سەربەخۆیە , بەڵام لەهەمان کاتدا پێوەندیان پێکەوە هەیـە و لەکۆتاییدا هەموو مرۆڤەکان کۆدەبنەوە و ئەنجامگیری گشتی دروست دەبـێ . ئەمـەش لـەو شـێوازانە بـوو کـە هـەر نووسـەرێکی دیکـە ئەگـەر دۆزیبایـەوە ، بەئاسانی دەستی لێ هەڵنەدەگرت و بەهـەمان شـێوە دووبـارەی دەکـردەوە ... باشـییەکەی لەوەدایـە کـە دووبـارە نەبووەتـەوە ... ئێسـتا دەکـرێ ئـەم کـارە ئەنجام بدرێ , پاش تێپەڕینی نزیکـەی دوو دەیـە ... خـاتوو پارسـی پـوور لـەم بیست و چەند ساڵەی ڕابردوودا , واتە لە کۆڕەکەی کۆمەڵەی نووسـەرانی ئێـران کە لەسـاڵەکانی یەکـەمی دوای شـۆڕش تـا ئـەمڕۆ , کـەم و زۆر , دوور و نزیـك , ئاگامان لە یەکتری هەبووە . هەمان کۆڕەکـانی نووسـەران , قسـە و باسـەکان و

چیرۆك خوێندنەوەكان ... پاشان كە كۆمەڵەی نووسەران داخرا , لەبیرمە بەدروستی یەك ڕۆژ پێش دەستگیركردنتان , لەڕێگە سەرەكییەكەی ئەفریقیا یەكدیمان بینی كە جەنابتان زۆر ناڕەحەت بوون و وتتان گوایە براكەتیان گرتووە ... لەبیرتانە ؟

– بەڵێ ... بەڵێ ...

* پاشان ئەم ڕووداوانە هاتنە پێش , زیندان و ... كە لەزیندانیش دەرچوون دیسان لە كۆڕەكانی پێنج شەموان یەكدیمان دەبینی و ... ڕووداوگەلی دیكە , هەروەها ئەو گرفتانەی كە لەدوای چاپكردنی (ژنانی بێ پیاو) هاتنە ئاراوە ... پاشان لەو سەفەرەی كە شەش ساڵ بەر لەئێستا هاتمە ئەمریكا , جەنابتان تازە هاتبوونە لۆس ئەنجلۆس ... یەكەمین قسە كە كردم ئەوە بوو: (خاتوو پارسی پوور , ئەگەر دەكرێ نەمێنیتەوە و بگەڕێیتەوە ئێران ...) لەبیرتانە ؟ ئێستا دەمەوێ بپرسم , ئایا لەو ژیانە ڕازین كە لە ئەمریكا بەسەری دەبەن ؟

– نەخێر كاكەی زراعەتی ! نەخێر ... من ئەگەر پارەم هەبێ , دەگەڕێمەوە ئێران بەڵام بێ پارە , نەخێر ... بەو هۆیەی كە من نەخۆشیشم ... لەڕاستیدا لەبەر ئەم هۆیە ... ئەگەرنا بەدڵ حەز دەكەم لە دەوروبەرو وڵاتی خۆم بم . من لەوەی كە لە ئەمریكایە , ئا بەو جۆرەیەی كە پێویستە و دەكرێ سوود نابینم , لەپەراوێزی ژیانی ئەمریكایی دەژیم . زمانی ئینگلیزیم بێ هێزە , لەئەنجامدا ناتوانم بەدوای ڕەوت و ڕووداوە ئەدەبییەكانی ئەمریكادا بچم . حەز ناكەم تەماشای تەلەفزیۆن بكەم , بەكورتی ئاگاداری هەواڵی كۆمەڵگەی دەوروبەریشم

نیم , بۆ سینەماش زۆر کەم دەچم لەبەرئەوەی پارەم نییە , چونکە هەموو جارێ دەبێ بلیت بە (9) دۆلار بکڕم و بچم فیلم ببینم . تەنیا لەناو ئێرانییەکاندا دەژیم , بەوەی باشە کە زۆربەی کۆچکەرەکانی دیکەش عادەتەن بەمجۆرەن , ئەمەش وای کردووە کە پێم باشترە لەشوێنی خۆم بمێنمەوە . بۆ نموونە ئێستا لەهەمان شاردا نزیك بێرکلی کە تێیدا دەژیم , پۆلێکی چیرۆکنووسیم هەیە و چەند کەسێك بۆ ئەم پۆلە دێن , کتێبێکیشم چاپ کردووە لەو چیرۆکانەی کە مندالآن نووسیویانە , بەلآم لەبەر خۆمەوە بیردەکەمەوە کە ئەگەر من بچمەوە ئێران و بتوانم لەوێ ئاوا پۆلێکی چیرۆکنووسی بکەمەوە و گەنج و لاوانی (17 – 19) سالّی بێن و پێکەوە ئیش لەسەر چیرۆك بکەین ... چەند خۆشە !

لەڕاستیدا ئەمە کارێکی داهێنەرانەیە , کارێکە دەبێ حسێبی بۆ بکرێ و مایەی ڕەزابوونی هەست و بیرە , بەلآم بەبێ پارە ئەمە دەکرێ ؟

من بێ پارەم , هەژارم , گەڕانەوە بۆ ئێران بۆمن گرفتە , ناتوانم لەوێ بژیم ... بەهەرحالّ لەئەمریکا دەرامەتێکی دیاریکراوم بۆ بەرهەم هاتووە کە پێی دەژیم , هەلّبەتە ئەمەش بەسۆز و بەزەیی هاورێیانەوەیە , بەلآم لەئێران , ئەم سۆز و بەزەییەم بۆ مەیسەر نابێت , پاشان لەڕاستیشدا , ئیدی لەڕووی دەروونی و دەمارەکی , توانای ئەوەم نییە دیسان بێن و دەستگیرم بکەنەوە و بمبەنە ژووری فلآنە میوانخانە و بمخەنەوە ژێر پرسیار و وەلآم یان بمبەنە ئیڤین یان فلآنە زیندان ... نەخێر ئیدی توانای ئەم جۆرە کارانەم نییە , پەشی خۆم لێی خواردووە ... چوار جار زیندانی کراوم ... وابزانم ئیدی بەسە ...

* کتێبی (یادگارییەکانی زیندان) تان کارێکی سەرکەوتوو بوو , پێشوازیشی لێ کرا . ئایا لەڕوانگەی کەسایەتییەوە , توانی ئاسەواری تاڵی زیندان لەمێشك و دەروونی جەنابتان بسڕێتەوە ؟ چونکە وەختێ مرۆڤ دەنووسێ تا ڕاددەیەك مێشکی دەحەسێتەوە . بۆ جەنابیشتان هەروا بوو ؟

– بەڵێ ... با نموونەیەکتان بۆ بڵێم . هاوڕێیەکم لە بێرکلی – دا هەیە کە بەزۆری بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکەم . وتم کە مێشکم بێ هێزە ! بەڵام ژمارەی تەلەفۆنی ئەم هاوڕێیەم ئەزبەر بوو , بەم دواییە ماڵەکەی گواستەوە . من یەکسەر ژمارەی تەلەفۆنە نوێیەکەم ئەزبەر کرد , بەڵام ژمارەی پێشووم لەیادچوو ... پاش نووسینی (یادگارییەکانی زیندان) یش ڕووداوێکی لەم جۆرە ڕووی دا : ئەو یادگارییانەی کە لە زینداندا هەمبوون , خۆی لە خۆیاندا لە مێشکم سووان ئێستا زۆر کەم بیریان لێ دەکەمەوە , کەچی وەختێك هەمیشە لەمێشکم بوون و بیرم لێ دەکردنەوە .

* پاش بڵاوکردنەوەی کتێبی (ژنانی بێ پیاو) هەراو هۆریایەك بەرپا بوو و ماوەیەکیش کەوتیتە زیندان , ئەوجاری زیندان چۆن بوو ؟ چ جۆرە ئەزموونێك بوو ؟

– بۆ من ئەزموونێکی دڵگیر و سەرنجڕاکێش بوو , منیان خستبووە زیندانی ماددە سڕکەکان , بەو هۆیەی کە (کۆمیتەی مونکەرات) بۆ خۆی زیندانی نەبوو , دادوەرەکەیان لەگەڵ بەشی ماددە سڕکەرەکان هاوبەش بوو , وەختێ لە وەڵامی بەرپرسی زیندانەکەدا کە پرسی : (چ کارەی ؟) وتم : (نووسەرم و منیان

هێناوەته ئێره !) زۆر زۆر حەپەسا ... بەهەرحاڵ ئەزموونێکی دڵگیر بوو بۆم . ڕوو بەڕوو بوونەوەم لەگەڵ ژنانی بەدبەخت کە زۆربەیان دێهاتی بوون و بەهۆی پێوەندییان بەهێڵی قاچاخچێتی کردن بە مادده سڕکەرەکانەوە گیرابوون کە لە ئەفغانستانەوە بیگرە تا خۆراسان و تاران , هەروەها هەندێکیان قەرەج و کۆچەری بوون و ئافرەتانی لەم جۆرانە ... تاد ئەگەر حاڵم باش بووایە , ئەگەر مێشکم ساغ بووایە , ڕەنگە بمتوانیبایە زۆر سوود لەم ئەزموونەیە ببینم , یادگاری لەگەڵ خۆم ببەمەوە تا پاشان بینووسمەوە , بەڵام لە بەدبەختیم , لەڕووی دەروونییەوە زۆر ماندوو بووم , پاشان لەهەمان زینداندا مێشکم دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە و ترسناك بوو کە ئێستاش سەیرم پێدێ چۆن بەزیندوویی ماوم !

* بەڵێ , ئەوانەی کە سەردەمێك ئەزموونی تاڵی زیندانیان بینیوە , وەختێ بەناوساڵان دەکەون , تێدەگەن کە ئیدی ناتوانن بەری ئەم جۆرە هەل و مەرج و کەش و هەوایە بگرن ؟

– بەڵێ ناتوانرێ , هەرکارێك لەگەڵ تەمەنێك دەگونجێ , من ئێستا توانای منداڵبوونم نییە , ناتوانم ببمە ئەکتەری باڵێ – ش , هەروەها ناتوانم ببمە پیانۆژەنیش , چونکە پەنجەکانم ڕەق بووینە و ئیدی ئەو نەرمی و توانای جووڵەیان تێدا نییە . ناتوانم بچمەوە زیندانیش , مەبەستم ئەوەیە ئیدی حەوسەڵەم نەماوە .

* ئەدی ئەو ئەزموونەی پـۆلی چیرۆکنووسـی چـۆنە لەگـەڵ ئـەو قوتابیانـەی کـە هەیە ؟

– زۆر باشە ...

* زۆرترینیان ئافرەتن ... وانییە ؟

– بەڵێ , زۆرترینیان ئافرەتن , لەسەرەتاوە زۆر گەرمو گوڕ بـوو , بـەڵام ئێسـتا شێوەی ڕەوتێکی یەك نەزمی بەخۆوە گرتووە . لەگەڵ ئەوەشدا , حـەز دەکـەن کۆببنەوە , چونکە جۆش و خرۆشێکی بۆ نووسین تێدایە .

* چەند کەسن ؟

– ژمارەکانیان چەسپاو نییە ... لەنێوان (7 – 10) کەسن .

* وەك گرووپێك لەیەك تەمەندان ؟

– زیاتریان لە دایکبووی دەیەی سییەکانن (پەنجاکانی زایینی) .

* جەنابتان کارەکانی خۆتان هەرلەوێ دەخوێننەوە ؟

– نەخێر .

* لەبەرچی ؟

– من لەشێوەی کورتە چیرۆکدا هیچم نەنووسیوە تا لەپۆلدا بیخوێنمەوە .

* کورتە چیرۆك نا , هەمان ئەو ڕۆمانانەی کە دەیاننووسی ...

– نەخێر , من ئەم پۆلە دەخەمە ئەستۆی هاوڕێیان , پێم باشترە کارەکانی ئەوان بخوێندرێنەوە .

* بیرت لەوە نەکردووەتەوە بۆ نموونە : کۆڕێك یان چەند کۆڕێکی نائاسایی ساز بکەیت و کارەکانی خۆتی تێدا بخوێنییەوە تا ئەوانیش وەك یەکەمین خوێنەری ڕۆمان گوێ بگرن و تۆش لەبارەیەوە قسەیان بۆ بکەیت ؟

– نەخێر تا ئێستا هەوڵی لەم جۆرەم نەداوە .

* بیریشت لێی نەکردووەتەوە ؟

– نەخێر ...

* بەهەرحاڵ , ئەزموونێکە , جەنابتان هەموو هەفتەیەك لەگەڵ چەند کەسێکدا سەروکارت هەیە و یەکدی دەبینن و پێکەوە چیرۆك دەخوێننەوە و لێی دەکۆڵنەوە , خراپ نییە ئەگەر بەرهەمی خۆشتان بخوێننەوە ...

– نازانم ... دەزانی ؟ یەکێك لەو هۆکارانەی کە کارەکانی من بێ سەرپەرشتیارن ئەوەیەکە حەزناکەم قورسایی ئیشەکەی خۆم بخەمە ئەستۆی کەسانی دیکە و بڵێم : (وەرەو سەرپەرشتی کارەکەی من بکە .) هەوڵ دەدەم خۆم کاری خۆم ئەنجام بدەم ...

* من قوتابییەکان ڕادەسپێرم کە بابەتەکە لەپۆل بخوێننەوە .

– بەڕاستی دەلێی .

* بەڵێ , کارێکی لەجێ و شیاوە . ئێمەش چەند هاوڕێیەك لێرەدا هەموو هەفتەیەك پێکەوە کۆڕی چیرۆك خوێندنەوەمان هەیە . دوا چیرۆك کە نووسیومە لەو کۆڕەدا خوێندمەوە , لەوانە ئاماژە بە بیست خاڵ کرا , حەوت یان هەشت خاڵم پەسند نەکرد , بەهەرحاڵ خەڵکانی دیش بۆچوونیان هەیە , لەکۆتاییدا نووسەر خۆی بڕیاری لەسەر دەدا . دوازدە خاڵ لەوانە ڕاست بوون و چاکم کردنەوە و ڕەنگە خۆم ئاگاداریان نەبوو بم . هەڵبەتە پێچەوانەی جەنابتان , ئەو چیرۆکانەی کە دەیاننووسم لەوانەیە تا بیست جار بیاننووسمەوە .
– ڕێم بدەن با شتێکتان بۆ باس بکەم . کاتێ کە کتێبی (بەسەرهاتە بچووك و سادەکانی گیانی درەخت) دەرچوو , قوتابییانی پۆل کتێبەکەیان لەمن کڕی و پاشان وتم : (وەرن ڕەخنە لەو کتێبە بگرن ؟) هیچ یەکێکتان ئامادە نەبوون ڕەخنە لە کتێبەکە بگرن و وتیان : (تۆ مامۆستای ئێمەی , نامانەوێ ڕەخنە لەکاری جەنابت بگرین .) وتم : (هاوڕێیانی خۆشەویست من حەز دەکەم کە ئێوە ڕەخنە لەکارەکەی من بگرن , حەزدەکەم خەوشی کارەکەم بدۆزمەوە , تکام وایە قسە بکەن ؟) قسەیان نەکرد ... بەهەرحاڵ کارەکە بەم جۆرەیە ... ئەوان خووڕەوشتی تایبەتییان هەیە .

* سوپاست دەکەم خاتوو پارسی پوور , چاوەڕوانی کاری باشتری جەنابتانین .

**{سەرچاوە : ئەم بابەتە لەلاپەڕەی gooya ی ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە . هەینی 2001/8/10 }**

**بهزاد زەرین پوور – لەدایکبووی 1968 ز**

**لە بەرهەمەکانی (خۆزگە لەهەر چوار لاوە خۆر هەڵاتبا) 1996**

**دیوانە شیعر**

* جـــەنابی زەریـــن پـــوور , وابـــزانم دوای وەرگرتنـــی خـــەڵاتی گـــەردوون , ئامادەبوونتان لەنێو دنیای چاپەمەنی کـەم بووەتـەوە , هـۆی ئـەم مەسـەلەیە . بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

– دوای وەرگرتنی ئەم خەڵاتە , قۆناغێکی نـوێ لـە ژیانمـدا دەسـتی پێکـرد کـە مەسەلەکانی بژێوی و باری ئابووری , زۆرترین کات و وزەی منیان بۆ خۆیان برد . لەڕاستیدا هۆی سەرەکی کەم ئامادەییم لەبواری شـیعریدا , بـۆ هـەمان هۆکـار دەگەڕێتەوە .

* باشە , زۆر ڕاستگۆیانە ئاماژەت بە کاکڵەی مەبەست دا ؟

– لەم قۆناغـەدا , ئـەو سـاتە نایـاب و شـاعیرانەیەی کـە پێشـتر خـۆی بەدوامـدا دەهـات و منـی لەگـەڵ خـۆی ڕاپـێچ دەکـرد , زۆر کـەمتر بەدوامـدا دێـت , بـە دەربڕینێکی تر , لەبیری ئەوەدابووم کە مشوورێك لەباری گوزەران و بژێوی خۆم

بخۆم , له ڕاستیدا , لەم قۆناغەدا کەوتبوومە نێو بۆتەیەکی تر و ئەو بەهزاد زەرین پووره نەبووم , کە بڕیار بوو ببێت . هەڵبەتە لەکۆتاییدا , دەستم کردەوە بە کارکردن لەسەر شیعر .

* بەکورتی و پوختی وەڵامەکەت دایەوە , ئێستا بفەرموون چ بەرنامەگەلێکت لەبواری شیعردا بۆ خۆت گەڵاڵە کردووە ؟

– دەڵێن : عادەتەن بازرگانە شکست خواردووەکان , دەکەونە دوای شیعر ! بۆ ئەو مەسەلەیە سەبارەت بەمن دروستە . بەرنامەم ئەوەیە کە تەواوی کاتی خۆم بۆ شیعر تەرخان بکەم و ئەو کارەی بڵاوکردنەوەش ئەنجام بدەم کە تازە ئیمتیازەکەیم وەرگرتووە بەشێوەیەکی گشتی , پیشەی ڕۆژنامەنووسیم زیارەت کرد و کشامەوە و هەستم ئەوە بوو کە ئەگەر واز لەم پیشەیە نەهێنم , ناتوانم بەشاعیری بمێنمەوە . وای بۆ دەچم کە خراپترین نەفرەت بۆ شاعیرێك , ئەوە بێت کە پێی بڵێین ئینشاڵڵا خوا دەتکاتە ڕۆژنامەنووس !

* جەنابی زەرین پوور , گوایە شیعری ئەم قۆناغە , یان بەشێوەیەکی تر , شیعری دەیەی حەفتاکان , شیعرێکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە , بەتایبەتی لەڕووی زمان و ئاواز و گۆشە نیگای شاعیرانەوە , کە لەگەڵ شیعری قۆناغی ئەمڕۆ , ئیتر ئەو بەها و شانازیەی بۆ نموونە , شیعری دەیەی چلەکان نەماوە . جەنابت ڕەگ و ڕیشەی ئەم گۆڕانکارییە لەکوێوە دەبینی و بەبۆچوونی تۆ ئەم گۆڕانە لەگەڵ شیعری چ شاعیرانێك دەستی پێکردووە ؟

– هەڵبەتە , من لەو بڕوایەدا نیم کە شیعری ئەمڕۆ , ئیتر شیعرێکی بێ بەها و بێ شانازییە ! پاشان (دێینە سەر ئەو مەسەلەیە) بەلاّم لێرەدا دەبێ بڵێم کە بە گەواهی ڕەوتی شیعری ئەمڕۆ لەنێو چاپەمەنیەکاندا , ئیتر ئەم گۆڕانکارییە لە چاپی شیعرەکانی منەوە دەستی پێکرد . لەڕاستیدا جوانیناسی نوێ , یان جوانیناسی شیعری دەیەی حەفتاکان , لەگەڵ شیعرەکانی من دەستیان پێکرد و ئەمەش زۆر ڕوون و ئاشکرایە . بەرلەوە , هیچ جیاوازیەکی دیار لەنێوان ئەو شیعرانەی کە هاوڕێیان دەیاننووسی , لەگەڵ شیعری بۆ نموونە : دەیەی شەستەکان , یان بەرلەو , بوونی نەبوو کە بتوانێت قسە لەبارەی ڕەوتێك بکات بەناوی شیعری دەیەی حەفتاکان . مەبەست لێرەدا ئەوە نییە کە ئیمتیاز و تایبەتمەندییەك بۆ خۆم بەشایان بزانم ...

* باشە , خەریکە ئیتر ئەم کارە دەکەیت ... !

– تەماشاکە , لەگەڵ چاپکردنی شیعرەکانی من , پێشنیارێك پێشکەش بە شیعری ئەمڕۆ کرا کە لەلایەن دۆستانی هاو وەچەم پێشوازی لێ کرا . هەڵبەتە بەر لەو کاتەش , هەست بەم زەروورەتە دەکرا و هەمووشیان دانیان بەم جۆرە تێرکردنە دانا بوو , بەلاّم ئەو شیعرە بوونی نەبوو کە ڕێگە چارەیەك بۆ ئەو مەسەلەیە پێشنیار بکات . بەهەرحاڵ , دەمارگەلێ لەکاریگەری شیعری من بەسەر کاری دۆستانمەوە دیارە و ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە گونجاوی و توانایی بۆ یەکەمین جار بەهۆی شیعری منەوە کەوتە کار و ئاشکرا بوو , یان لەڕاستیدا کەوتە بەرچاو . لەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ دۆستاندا هەمانبوو ,

هـــەموویان لەســـەر ئـــەو ڕایـــە کـــۆك و تـــەبا بـــوون کـــە وێـــڕای ئـــەوەی کـــارە وروووژێنەرەکانی ناو شیعری شـاعیرانی وەك شەمسـی لـەنگروودی , سـەید عـەلی سـالْحی , فریشـتە سـاری , مەسـعوود ئەحمـەدی و ... تـاد کـە لـە دەیـەی شەسـتەکاندا ئـەنجامیان دابـوو , بنــەمای جوانیناسـی ئـەم شـاعیرانە لەگـەڵ شیعرەکانی بەر لەشۆڕش هاوجووت بوون ، جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەوانـدا نەبوو , بەلاّم من یەکەمین کەس بووم کـە تـوانیم ئـەو زەینیەتـە و ئـەو ئایدیالـە لەشیعرەکانمدا ئاشکرا بکـەم و بـە جـۆرە شـیعرێك بگـەم کـە ئەگەرچـی ڕەگ و ڕیشەکەی لەشیعری فرووغدایە و دەبێ بشزانی کە شـیعری فـرووغ سەروچـاوەی ڕەسەنی شیعری دەیەی شەستەکان بوو . بەلاّم بنەمای خسـتنەڕووی کارەکـانی من , هـەروەکو وتم , توانایـەکی نـوێ بـۆ شـیعری فارسـی پێشـنیار دەکـات کـە پاشتر لەڕێگای دۆستانی ترمەوە بەرفراوان بوو .

* دیارە کە کۆمەڵە شیعرەکەت بەناوی (خۆزگە لەهەر چـوار لاوە خـۆر هـەلاّتبا) وەکو کۆمەڵە شـیعرێکی ئـەم دەیەیـە , لەلایـەن زۆربـەی هاوڕێیـانی شـاعیرتەوە پێشوازی لێ کراوە , گومان لەوەدا نییە , بەلاّم بۆ تۆ نەهاتووە وەکـو شـاعیرێك , خۆتان بە سەرەتاو دەست پێشخەر دابنێن , مەگەر وەکو ڕەخنـەگرێك ڕەفتـار بکـەیت و بەڵگـەی بـڕواداریش بهێنیـەوە , ئـەوجا ئـەو حوکمـە بـدەیت , یـان بانگەشەی ئەوە بکەیت گوایە شیعری تۆ سەروچاوەی ئەم گۆڕانکارییـە زەمانییـە بووە ؟

– سەیرکە , من بەڵگە دێنمەوە , لەسەرەتاوە ڕێگەم بدە با جیاوازی نێوان بنەمای جوانیناسی شیعری دەیەی هەفتاکان لەگەڵ پێشتری ڕوون بکەمەوە , پاشان بەپێی ئەم جیاوازیانە , مەسەلەکە ڕوون بکەمەوە . ئەم دەستوور و بنەما تازەیە , دەربڕی پێشەنگ بوونی شیعری منە , بەپێچەوانەی تێڕوانینی بۆچوونەکانی زۆربەی هاوڕێیانی شاعیرم وەکو (فەلاح) , یان ئیدی کە دەخرێنە ڕوو , کە لەبنەڕەتەوە پشت بە جێگیرکردنی چەند تایبەتمەندیەك دەبەستن , بۆ نموونە دەوترێ کە شیعری ئەم قۆناغە , پاژبینی لەجێگەی گشت بینی [1] و زمانی گفتوگۆی لەجێگەی زمانی ئەدەبی بەها و ... داناوە . دەمەوێ بڵێم ئەو جۆرە شتانە ڕاست نین , ڕازیبوون بەم تایبەتمەندیانە , واتە ڕەتکردنەوەی تایبەتمەندیەکانی پێشوو . جیاوازی سەرەکی ئەوەیە کە زەینیەتی دوالیزمی زاڵ بەسەر شیعری قۆناغەکانی پێشوو , لەشیعرەکانی ئێمەدا وەلانراوە . ئەگەرنا تایبەتمەندیەکانی تر . لەنێو شیعری قۆناغەکانی پێشووش هەر دەبینرێت . ئەگەر ئێمە لەم قۆناغەدا بۆ نموونە خۆمان دەخەینە پاڵ پاژبینی , خۆ گشت بینی بە تەواوی وەلا نانێم یان کە ڕوو دەکەینە زمانی گفتوگۆ , خۆ واز لە زمانی بەهادار ناهێنین , سوود لەو توانایانەش وەردەگرین . تایبەتمەندی سەرەکی هونەری پۆست مۆدێرن , کە شیعری دەیەی حەفتاکانی لێوە نزیکە , لابردنی یەکێك لەناتەواویە گەورەکانی هونەری قۆناغی مۆدێرنە . مۆدێرنیزم بەو بانگەشەیەی کە کردی سەبارەت بە کۆتایی چەرخی بەر لە مۆدێرن و ناڤین , یان بەشێوەیەکی تر تێڕوانینی دوالیزمی ڕاگەیاندووە , بەڵام شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆی لەگەڵ جیهانی کلاسیکدا , دوالیزمییە ...

* ئومێدەوارم باسەکەمان ئەوەندە پەرت و بڵاو نەبێت کە نەتوانین کۆیان بکەینەوە , باسی ئێمە لێرەدا لەسەر شیعری بەهزادی زەرین پوورە ...!؟

– بەڵێ , هۆکاری ئەم ڕوونکردنەوانە , ئەوەیە کە من لەو بڕوایەدام , ئەو بینینەی کە شیعری ئێمە پشتی پێ دەبەستێت , بەبینینێکی پۆست مۆدێرنیزمی حسێب دەکرێت و ئەم بینینەش , یەکەمین جار لەشیعری مندا سەری هەڵدا . مەبەستم ئەوە نییە کە ئێمە لاسایی جیهانبینی ڕۆژئاواییمان کرووەتەوە . بەبۆچوونی من , لەجیهانی هاوچەرخدا , ئیتر هێنانە ناوەوە و ناردنە دەرەوەی [2] فیکر بوونی نییە . ئامانجم ئەوەیە کە بەپێی ئەم تێڕوانینە . خۆمان ڕوون بکەینەوە . شیعری ئێمە بە ئاڕاستەیەکی ڕەخنەگرانە لەڕابردوو هەروەها ئیلهام وەرگرتن لەم بیری پۆست مۆدێرنیزمە دێت و سوود لە هەموو توانایەکانی مرۆڤایەتی وەردەگرێت . بۆ نموونە : من کە بەرەو زمانی ڕۆژانە دێم , لەهەمان کاتدا شکۆمەندی و شێوەی کلاسیکیش لە شیعرەکانمدا دیارن ...

* سەیرکە , من نەمگوت شیعری ئەم دەیەیە , شکۆمەندی نییە . بەڵکو گوتم بەهاداری و لایەنە سەلبیەکانی وەلا ناوە . واتە ئێمە نامانەوێ بەشیعرەکانمانەوە بەها و شانازی بفرۆشین و توانایی ئەدەبی و هونەریمان وەکو شاعیرێك , بەڕووی خوێنەر دابدەینەوە ؟

– بەم پێیە , ناساندنی جەنابت , زیاتر لایەنی جوانناسی و ڕازاندنەوە دەگرێتەوە و جەنابت زاراوەیەکی گونجاوت بەکارنەهێنا . بە بۆچوونی من ,

ئەوەی کە زمانی شیعر لە زمانی غەیرە شیعر جیا دەکاتەوە , هـەمان بـەهاداری و شانازیکردنە . زمانی شیعر ناتوانێت بەهادار نەبێت .

* ڕەنگە خراپ نەبێت کە بڵێم زمانی ڕەسمی , بۆ نوونە زمـانی شـیعری شـاملوو ...؟

– نـەخێر , زمـانی شـاملوو ، زمـانی دیـوانی , یـان ئاراکائیـك – ە , کـە جـۆرە زمانێکی مێژووی پشـت ئەسـتوور بـە ئەدەبـە . لەدەیـەی شەسـتەکاندا , زمـانی شاملوو , زمانی زاڵ نەبوو , ئەگەر بڕیار بێت ئـەو زمـانی گفتوگۆیـە بەوەدەسـت هێنـانی خۆمـان بـزانین , ئـەم زمانـە لەدەیـەی شەسـتەکاندا ڕەواجـی هـەبوو , شـیعری ئـەم قۆناغـەش کاریگـەری زمـانی ئـەدەبی لەسـەر نـەبوو . ئـیتر ئەمـە تایبەتمەندی شیعری دەیەی حەفتاکان نییە . تایبەتمەندی ئێمە . هەمان بینینی پۆست مۆدێرنیزمیە . بەشـێوەیەکی گشـتی , ئـەو پێشـنیارانەی کـە ڕۆژئـاوا بـۆ ئێمـەی دەکـرد , لەڕێگـەی شـاعیرانی سـەرکەوتووی ئێمـەوە , وەکـو شـاملوو , فرووغ , سپێهری و هەتا یەدوڵڵای ڕوئیایی ... دەبووە شتێکی ناخەکی و لەگـەڵ نەریتە کلاسیکیەکانی ئێمە تێکەڵاو دەبوو و شتێکی تازەی لێ وەبەرهەم دەهات . ئەم شاعیرانە بەو زانیاریە قووڵانـەی کـە سـەبارەت بـە نەریتـە کلاسـیکیەکانی خۆمان هەیانبوو , توانیان ئەم تێڕوانینانە بە باشترین حاڵـەت بـەکاربهێنن , مـن ئاماژەم بە (ڕوئیایی) کرد . پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەو شارەزاییەکی زۆر چـاکی لە ئەدەبیاتی کلاسـیکی خۆمانـدا هەیـە , لەگـەڵ ئـەو هـەموو نیشـانە و مـۆرك و مارکانـــەی لەشـــیعرەکانی دەدەن , نـــاتوانرێ هـــەروا بـــە ســـادەیی بـــە تـــەك

شـیعرەکانیدا تێپـەڕێت . ئـەو وەکـو شـاعیرێك : زۆر بـاش زمـان دەناسـێت و هەستەوەری خۆی نیشان دەدات . شـیعری (ڕوئیـایی) بەلایـەنی کەمـەوە , ئـەو کاریگەریەی بەسەر منەوە بـەجێ هێشـت کـە هـەروا بـە سـانایی بەسـەر وشـەدا تێنەپەڕم .

بەم پێیە , تایبەتمەندیەکانی شیعری دەیـەی حـەفتاکان , ئـەو شـتانە نییـە کـە هاوڕێیان ئاماژەی پێ دەکەن . ئەو تایبەتمەندیانەی وەکو مەیل وەلای سـادەیی , یان زمانی ڕۆژانە , یـان هـەتا شـیعری چـەند ڕێسـایی لـە شـیعری قۆناغـەکانی پێشووش دەبینرێت . ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی شاعیرێکە کە زۆر لـە شـیعرەکانی چەند ڕێسایین .

* باشە , لێـرەدا باشـتر وایـە کـە جـەنابتان بـاس لـە تایبەتمەندیـەکانی خۆتـان بکەن؟

– گـوتم کـە خاسـیەتی سـەرەکی شـیعری ئـەم قۆناغـە , تێڕوانینـی پۆسـت مۆدێرنیزمە , پۆست مۆدێرنیزم لە ڕاستیدا جۆرە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیـە بـۆ مۆدێرنیزم . ئـەو بەڵێنانـەی کـە مـۆدێرنیزم دابـووی , بـۆ نموونـە شـیکردنەوەی جیهانێکی بەتاڵ لە کلێشە باوەکـانی بـەهۆی هونـەری پۆسـت مـۆدێرنیزم بـەدی هات , بەدەربڕینێکی تر , هەڵگرتن و لابردنی هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە نەیاندەهێشت جیهان بەبێ پـەردە وەکـو خـۆی ببینرێـت . لەوانـەی بەڵێنـەکانی مۆدێرنیزم بوون کە بەدی نـەهاتن و مـۆدێرنیزم خۆیشـی بـەکردەوە , بنەماکـەی خۆی کرد بە کلێشە , ئەو کلێشانە هەموویان لەسەر ڕێگەی دۆزینـەوە و بینینـی

مرۆڤایەتی , کۆسپ و تەگەرەی جدیان هێنایە ئاراوە و عەقڵی مرۆڤایەتی کە پێشتر ئەوەی کێشا بوو , جووڵەی ئادەمیزادی لەنێو بۆتەیەکی دیاریکراو لەقالب دا . لەبواری هونەریشدا مۆدێرنیزم بە ئاراستەیەك ڕۆیشت کە جوانیناسی تاکی , تەواوی پێوەرەکانی گشتی وەلانا , بۆ نموونە لە هونەری شێوەکاریدا , شێوەکار دەهات و هەرشتێکی حەزی لێ باو ئارەزووی کردبایە دەیکرد , کاتێ لێی دەپرسرا چ پێوەرێکتان لە کارەکەتاندا ڕەچاو کردووە ؟ دەگوترا : ئەوانە پێوەری کەسی خۆمن . ئا بەم جۆرە هونەری مۆدێرن خەریك بوو دەگەیشتە شوێنێك کە هەموو جۆرە پێوەندیەکی لەگەڵ (بەردەنگەکەی) ڕەت دەکردەوە .
وەختێ دەڵێین لەپۆست مۆدێرنیزمدا جۆرە گەڕانەوەیەك بۆ نەریت دەبینرێ , واتای ئەوە نییە کە بێین و بەقالب و بۆتەی کلاسیك شیعر بنووسین . لە قۆناغی مۆدێرندا هەموو جۆرە پێوەرێکی گشتی و زانراو وەلانراوە , پۆست مۆدێرنیزم ئەم ناتەواویەی چاك کرد و بەجێگیر کردنی پایەی پێوەرەکانی گشتی , پێوەرەکانی تاکی بەرەوپێش برد . بەم جۆرە , پۆست مۆدێرنیزم لەنێوان نەریت و نوێکاریدا ناوبەند و پێکەوە بەستانێکی هێنایە کایەوە کە لەشیعری دەیەی حەفتاکانیش ئەم خاسیەتە بەدی دەکرێت . بەپێچەوانەی ئەم پێشوازیەی کە مۆدێرنیزم بەرفراوانی کرد کە چینی ناوەند ناتوانێت بەردەنگی (مخاطب) ی ئەو بێت چونکە هونەری مۆدێرن بەردەنگی تایبەتی هەیە . ئێمە لەدەیەی حەفتاکاندا و لەشیعرەکانماندا بەم شێوازیکردنە گەیشتین کە ناتوانین شیعرێك بڵێین کە هەم بەردەنگی گشتی و هەم بەردەنگی تایبەتی بۆ خۆی ڕابکێشێت , هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێ کرد.

بنەمای شیعری وەچەی من لەسەر ڕەتکردنەوە نییە .
زۆر جاران لە ساتە وەختی داهێنانی بەرهەمدا , ئاگاداری ئەوە نیم کە پێویستە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی گشتیمان هەبێت , یان بەپێچەوانەوە , بڕیار لەبارەی بەرهەممانەوە دەرناکەین . شیعری پۆست مۆدێرنیزم , پێکەوە لکانێکی ناسکی نێوان زەینیەت و عەینیەتە و بەردەنگی تایبەت لەسەر حسێبی ڕەتکردنەوەی بەردەنگی گشتی بەدەست ناهێنێت . ئەوەیە کە خاسیەتی سەرەکی شیعری دەیەی حەفتاکان لە شیعری پێشووتر جیا دەکاتەوە و تاکو ئێستاش پەنجە نەخراوەتە سەر ئەم حاڵەتە .

* چەندین ساڵە لەو بڕوایەدام ئەگەر خۆمان بە بەردەنگ ببەستینەوە و پابەندی بین , زیان بە شیعرمان دەگەیەنین , لەکاتێکدا ئەگەر لە جیاتی (بەردەنگ) بڵێین (خوێنەر) , ئەو گرفتەمان نایەتە پێش . با واز لەمە بێنین , بەڵام جەنابتان کاك زەرین پوور , شیعری خۆتان بەدەستپێکی ئەم گۆڕانکاریە زانیوە , ئەم جۆرە بانگەشەیە دەتوانێت ئەو گومانە لەمێشکی خوێنەر دروست بکات کە فلان تووشی خەیاڵ پلاوی بووە ! بەم پێیە , ئەو بانگەشەیە دەتخاتە بەردەم ئەو پرسەی کە بەوردی ئاماژە بەوە بکەیت کە لەشیعری جەنابتدا چ جۆرە پێشنیارێك دیاری کرا بوو ؟
– من هەر لە بنەڕەتەوە لەو بڕوایەدام کە شیعر لەسەر بنەمای خەیاڵ شێوەی خۆی بەرجەستە دەکات . من بنەمایەکی نوێم خستۆتە ڕوو , هەروەها زمانێکی تازە کە خاسیەتی سەرەکی بریتییە لە هاوکێشەی نێوان کۆن و نوێ . ئەم

بونیادە , لەهەمان کاتدا خۆی لە تاك واتایی و تاك ڕێسایی بە دوور دەگرێت , هەروەها بوونی بەمانفێست کە لەشیعری قۆناغی پێشوودا باوبوو , لەهەمان کاتدا پشت بەند و کۆڵەگەیەکی تایبەتی هەیە کە ناهێڵێ شیعرم ببێتە وڕێنە . لەڕاستیدا بونیادی شیعری من , خۆی ئاراستەی خۆی دەکات , لە بواری زمانیشدا خۆم ئارەزوومە کە سیستەمی سروشتی و سەپاوی زمان تێك بشکێنم . لەهەمان کاتدا پێوەرشکێنیم لە بونیادی دەستووری زماندا بە پشت بەستن بە بونیادی ئەدەبی ئەنجام داوە , لەبواری ئارەزوومەندی بۆ زمانی گفتوگۆ , هەڵبەتە بەر لەمن , بەڕێز سەید عەلی ساڵحی جێبەجێی کردووە .

* باس کردنت لەهەمان ئەو خاڵەیەدا , بانگەشەی جەنابت دەخاتە ژێر پرسیارەوە ... ؟

– تەماشاکە , بۆ نموونە لەئیشی سەید عەلی ساڵحیدا ئەم ئارەزووە بۆ زمانی گوتار بە جۆرێکە کە شاعیر خۆی بە تەواوی دەخاتە بەردەست ئەو زمانە تا ئەو شوێنەی کە زۆر لە درکە و زاراوەکانی زمانی گفتوگۆ , بەبێ هیچ بیانوویەکی شاعیرانە , دەخاتە ناو شیعرەکانی و شاعیر بەتەواوی لەڕووی سۆزداریەوە تووشی جۆرە بەد بەکارهێنانێك دەبێت . لەکاتێکدا لەشیعری مندا , مەسەلەکە پێچەوانەیە و هیچ شتێك بەبێ هۆکار و بیانووی ئاراستەی شیعری , خۆی ناخاتە ڕوو . زمانی بازاری و گوتار لەشیعری ساڵحیدا , دەسەلاتێکی ڕەهای هەیە و ئەم شیعرانە دەکرێ کرێکارێك یان هەر کەسێکی تر گوتبێتی . هیچ گۆڕانکارییەکی هەست پێکراو لە ڕێگەی شاعیری ئەم زمانەوە ڕوو نادات کە بڵێین : بۆنموونە ,

زمانی گفتوگۆ بەنێو یەك فلتـەردا تێپـەڕیوە , سـەید عـەلی سـاڵحی ئـەم زمانـەی بەبێ هیچ دەسـتکاری و دەسـت تێوەردانێـك دەخاتـە نـاو شـیعرەکانیەوە . مـن ئیش لەسەر ئەو زاراوە و درکانە دەکەم کە لـەناو بازاڕیـدا هەیـە و هـەوڵ دەدەم واتای ڕاستەقینەیان جارێکی تر سەر لەنوێ بۆ خۆیـان بگەڕێنمـەوە . لەڕاسـتیدا لەگەڵ نەریت گـیری ئـەو زمانـەدا , واتـا سـەرەتاییەکانیان دەگەڕێنمـەوە . ئـەم کارەش لەڕێگـەی هـەمان داب و نـەریتی ئـەدەبی ئـەنجام دەدەم . بەهـەرحاڵ , زمانی ڕۆژانە , بەشێکە لە داب و نەریتی ئێمە , شـاعیریش پێویسـتە ئـەم داب و نەریتە بەشێوەیەك تێك بشکێنێ و توانا شاراوەکانی ئەم زمانـە ئاشـکرا بکـات . بۆ نموونە , لەهەمان زماندا دەڵێیت : (فلاَن سەری لـە هـیچ دەرناچـێت) هـەمان قسەم لەشیعرمدا بەم جۆرە گۆڕیوە :

وەختێ لەکۆلاَن بۆنی هەنگاوی تازە دێت
نابێ لەپەنجەرەوە سەر دەربێنی

ئەم سەر دەرنەهێنانە لە پەنجەرەوە , لەناخەوەدا واتایەکی تـازەی هەیـە . کـە لەناخی هەمان ئەو پەندە گفتوگۆ ئامێزەی سەرەو پەنهانە . شاعیر ئەمە ئاشکرا دەکـات , گەڕاندنـەوەی واتــای سـەرەتایی ئـەم پەنـدە , بەشـێکە لـە ئـەرکی شاعیرانەی من .

* سـەيركە , ئـەم خاسـيەتە لـە كـارى شـاعيرانى تـريش , لەوانـە شەمسـى لەنگروودیدا دەكەوێتە بەرچاو؟

– من لەو بڕوايەدام كە ئەم خاسيەتە , تەنيا لـەكارى منـدا هەيـە , وێـڕاى ئەمـە ئەم خاڵەى كە ئاماژەم پێدا , بۆ چەقى ئاسۆيى شـيعر دەگەڕێتـەوە , لەكاتێـدا كە خاسيەتەكانى سەرەكى شيعرى من پەيوەستن بە چەقى شاقوولى شيعرەوە . ئەوەى هۆكارى ئەوەيە كە شيعرى هاوڕێيان : لـەنگروودى و سـاڵحى , لەهـەمان كاتـدا مـۆر و ئيمـزاى كەسـايەتى ئـەوانى پێوەيـە , ناتوانێـت ببێتـە بانگەشـەى قوتابخانەيەكى نوێ لەشيعردا ، ئەوەيە كە دەلالەتەكان لەشيعرى ئەوان گـۆڕانى بەسەردا نەهاتووە و ئەم دەلالەتانە لەشيعرى قۆناغەكانى پێشـووش دەبينـرێ . بۆ نموونە : چرا , يان درەخت , كە لەشيعرى ئەم شاعيرانەدا هەيە , هەمان واتا و دەلالەتەكانى پێشينان دەگەيەنێت كە وەكو ڕەمـز و خـوازە يـان ئەفسـانە لـە شيعرى شاعيرانى پێشوودا بەكارهاتوون .

لەشيعرەكانى ئێمەدا ئەم دەلالەتانە گۆڕاون و دەلالەتى تازەيان هێناوەتە ئاراوە . ئەمە خاڵێكە لەجياوازييـەكانى شـيعرى ئێمـە لەگـەڵ شـيعرى پێشـوو . وێـڕاى ئەمە وشەكان لەشيعرى ئێمەدا , بەوردى لەبەردەستى خـودى شـتەكاندايە . بـە دەربڕينێكـى تـر , دەلالەتـە خوازەييـە ڕەمزييـەكان لەشـيعرى ئێمـەدا , بـەرەو دواوە دەگەڕێنەوە و لەناو خودى شيعرەكە دەلالـەتێكى گونجـاو لەگـەڵ خـودى شيعرەكەدا بەوان دەبەخشـێت . هـەروەها لـەبوارى بونياديشـدا , شـيعرى ئێمـە جيـاوازە . ئـەو بونيـادەى كـە لەسـەر بنـەماى زنجيرەيـى ڕێكخسـتنى دێڕەكـان لەشيعرى ئەم هاوڕێيانە دەبينرێت , لەشيعرى ئێمەدا جێگەيان بۆ ڕێكخسـتنێكى

تر و سەربەستتر چۆڵ کردووە . ئەم بەدوایەکدا هاتنەش بە سوودی شیعرەکە خۆی بەرەوپێش دەڕوات , نەك لەسەر ئەو بنەمایەی کە شاعیر بەناوونیشانی پەیام , یان مەبەست لە زەینیدایە .

* بەڕێز کاك فەلاح ئەم خاڵەیە بەم شێوەیە بەیان دەکات کە شاعیرانی ئەم قۆناغە , بەپێچەوانەی شاعیرانی وەچەی پێشوو , خۆیان لەدەوری ڕێنماییکارێك , یان چاکسازێکی کۆمەڵایەتی نابینن , تێگەیشتنی من بۆ قسەکانی جەنابت ئەوەیە کە شاعیرانی وەکو لەنگروودی , یان ساڵحی ئەوانیش بۆ خۆیان و شیعرەکانیان بەهەمان ئەو دەورە ناسراوانە ڕازین , لەکاتێکدا کە دەلالەتەکانی ئەمڕۆ تەنیا بۆ خودی شیعر دەگەڕێتەوە ؟

– من لەگەڵ ڕازیبوونم بەو خاڵەی کە شاعیری ئەمڕۆ , خۆی بە چاکسازی کۆمەڵایەتی نازانێ بڕواییم بەو چەمکەش هەیە کە لە دەیەی چلەکان و پەنجاکان لەئارادا بووە . ئێمە بۆ خۆمان بەو دەورە ڕازی نین , بەڵام ئەو بزاڤەی کە ئێمە دەست پێکەری بووین , جۆرە کارکردنێکی کۆمەڵایەتی هەیە . کاتێ هەست پێ دەکەین کە ئەم ڕۆڵە , ئیتر بۆ ئەو کۆمەڵگایە سوودبەخش نییە کە تێیدا دەژین , ڕۆڵی گومانکارێك دەخەینە ئەستۆی خۆمان و بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم ڕۆڵە , چ بمانەوێ , یان نەمانەوێ , جۆرە پەیامێکی کۆمەڵایەتی دەخەینە ئەستۆی خۆمان . بەم پێودانگە , بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی بڕوایان وایە کە شیعری ئەم دەیەیە پشتی لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان کردووە و هەر لەبەر هەمان هۆش , خوێنەریان لەدەست داوە !

بڕوای من وایه كه ههمان ڕووبهڕوو بوونهوهمان لهگهڵ زمانی گهیاندندا , خۆی لهخۆیدا جۆره كردهوهیهكی كۆمهڵایهتییه . تهماشاكه زمانی گهیاندن , شتێك بهسهر خوێنهردا دهسهپێنێ و بهئاڕاستهیهك ڕێنمایی دهكات كه بۆ ئهو زۆر بهسوود نییه . ئهم دوورخستنهوهی واتای گهیاندنی زمان و زاراوهكان , پهیامێكی گهورهیه كه شاعیرانی ئهمڕۆ وه ئهستۆیان گرتووه . ئهگهر زمانی گهیاندن لهههوڵی ئهوهدایه خهڵكی بهرهو ئاڕاستهیهكی تایبهتی ڕێنمایی بكات , ئێمه دهڵێین نهخێر ! ههروهها ئهم ههڵه دهخهینه بهردهمی ئهوان و خۆیان سهربهست و سهرپشك بن لهههڵبژاردن . ئێمه به خوێنهر دهڵێین ئێمه نامانهوێ تۆ بۆ شوێنێك ڕێنمایی بكهین : ئهگهر بینیت كهسێك تۆ بهرهو شتێكی گومانبڕ (قطعي) ڕێنمایی دهكات , بزانه كه درۆیه و دهیهوێ ئازادی تۆ بدزێت . ئێمه وهكو شاعیرێك , ئازادی خوێنهرانی شیعرهكانمان سنووردار ناكهین و ئهمهش پهیامێكی گهورهیه .

* باشه , وابزانم باسهكهمان بهشێوهیهكی زۆر دڵگیر و سهرنجڕاكێش گهیشتووه (قسهكردن لهبارهی شیعری خۆتان , یان ساڵحی و لهنگروودی بۆ كاتی دوای چاپكردنی ئهم گفتوگۆیانه ههڵدهگرین , وهختێ ئهوانیش ڕاو بۆچوونی خۆیان ڕاگهیاند و جهنابیشتان وهڵامتان بۆیان ههبوو )
بهڵام لهشیعری دهیهی حهفتاكاندا , دوو سێ بۆچوون و بڕوایی سهرنجڕاكێش ههیه ! دهمهوێ ڕاو بۆچوونی جهنابت لهم بارهیهوه بزانم , ههروهها به تێڕوانینی جهنابت , نیشانه و كهسایهتییهكانی ئهم جۆره بڕواییانه كێن ؟

– چەند کەسێك لە شاعیرانی ئەم دەیەیە . بەلای منەوە وەکو شاعیرانی جددی . کارەکانیان هەمیشە سەرنجڕاکێش و بایەخدار بووە . کارەکانی ئەمانە بەجۆرە کارێکی تایبەت بە خودی خۆیان جێگیر بووە و بە کەشوهەوایەکی کەسی گەیشتووە , لەو شاعیرانە : عەلی عەبدولڕەزایی , بەهزاد خواجات , میهرداد فەلاح , حافظ موسەوی , شەهرام شەیدایی .

* ئومێدەوارم گرفتاری موجامەلە نەبین . ئەو گرفتەی کە تووشی وەچەکانی ڕابردوو ببوو . یەخەی ئێمەش نەگرێتەوە ؟

– بەر لەم دەیەیە , شیعرەکانی ڕەزا چایەچی بەکارێك دەزانم کە لەو قۆناغەدا کەش و هەوایەکی تایبەتی والا کرد و سەرنجی خوێنەرانی شیعری بۆ ئامادەییەك تەیارو بەکێش کرد کە زیاتر لەناخی شیعرەکانیەوە پەنهانە تا لەشکل و شێوەی شیعرەکانی . هەڵبەتە چایەچی بەداخەوە دەڵێم , چاوی لەو پێشنیارانە پۆشی کە شیعری دەیەی حەفتاکان هێنایە ئاراوە . لەڕاستیدا لەهەمان . جێگە و پێگەی خۆی مایەوە ! هاوکات لەگەڵ من و بەهزاد خواجات دیوانەکانی خۆی چاپ کرد , هەڵبەتە شیعرە سەرەتاییەکانی خواجات بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ شیعرەکانی دەیەی حەفتاکاندا نەدەگونجا و لەژێر کاریگەری زمانی شاعیرانی دەیەی حەفتاکاندا , زمانی کەمێك نەرمتر بوو و هەڵوێستی گۆڕاو ڕووی کردە زمانی ڕۆژانە . لەڕووی بونیادییەوەش . دەستی لەبونیادە سواو و بەسەرچووی تەوژمی نایاب و پوختە کێشایەوە و لەو بونیادە وەرچەرخاوەی شیعری ئەم دەیەیە نزیك کەوتەوە .

عەلی عەبدولڕەزایی کە لەکۆمەڵە شیعری یەکەمیدا , هێشتا لەنێو بۆتەی شیعری دەیەی حەفتاکاندا جێگیر نەبووە و نوێکارییەکەی لە ڕەهەندەکانی نیمایی دەچێت لەدوو کۆمەڵە شیعرەکەی ئەم دواییەیدا (پاریس لەرنو) و (ئەم پشیلە خۆشەویستە) کەش و هەوایەکی والاّ کرد کە پشتی بەجۆرە جەسارەت و بوێریەکی خۆویست بەستووە بۆ تێك شکاندنی سیستەمی سروشتی دەستووری زمان و ڕەوتی باوی باکگراوندی گەیاندنی واتاکان کە گەواهیدەری زەینی هۆشمەندانەی ئەو دەگەیەنن . ئەو زمان باش دەناسێت , بەلاّم هەندێك جار ئەم بۆچوون و بڕواییە , وەك دەستکرد و زۆر لەخۆکردن دێتە بەرچاو . لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ شوێندا , کارەکەی خۆی لەخۆیدا جۆش و خرۆشێکی سروشتییە و دەتوانین بڵێین ئەم حاڵەتەش چواریەکی کارەکانی گرتووەتەوە . ئێمە لێرەدا لەبەرامبەر شاعیرێکین کە کارەکەی گەواهیدەری شێواز و قوتابخانەیەکی کەسییە و شیعرەکانیشی پێشنیاری تازەیان پێیە کە شاعیر لە دەوروبەری تایبەتی خۆیەوە بەرزتر و دیارتر نیشان دەدات . بەهەر حاڵ ڕەزامەندم لەسەر ئەوەی کە عەبدولڕەزایی , سنووری جیاکەرەوەی نێوان شیعری نەوەکانی ئێمە و شیعرەکانی ڕەزا بەراهەنی و نەوەکانی ئەوە . بە بۆچوونی من بە هۆشیارییەوە ئەم شوێنەی هەڵبژاردووە و دەیەوێت لە ئیمتیازاتی هەردوو بۆچوون . بۆ بەرژەوەندی شیعرەکانی سوود وەربگرێت . لەم کۆمەڵە شیعرانەیدا کە توانیویەتی ئەم هاوبەشیە و هاوبەندیە ئەنجام بدات , تێیدا سەرکەوتووە .

لەبارەی (میهرداد فەلاح) یشەوە , دەبێ بڵێم لەدوای چاپکردنی دوا دیوانەکەی بەناوی (چوار دەم و یەك نیگا) هاتە ناو گرووپی شاعیرانی دەیەی حەفتاکان . لەهەردوو دیوانەکەی پێشتریدا , بەبڕوای من , فەلاح هەرگیز بەشاعیری دەیەی حەفتاکان نەدەژمێردرا .

(شەهرام شەیدایی) ڕەنگە بەر لە هەر کەسێکی تر کەوتبێتە ژێر کاریگەری دیار ئەو پێشنیارانەی کە من کردبووم . لەکارەکانیدا دەگاتە کەش و هەوایەکی دیار و زۆر درەوشاوە , بەلاَم زۆر ڕێك و پێکیش نییە و دەتوانین بڵێین هەندێ جار زۆر تێکەڵوپێکەڵیشە , لەگەڵ ئەمەشدا , شاکاری زۆر ناسك و کاکڵە پوخت لەکارەکانیدا دەکەوێتە بەرچاو . من کارەکانی (تۆ , عەنقایی , هیوا مەسیح , شەهرام رەفیع زادە) ش لەنێو ئەم گرووپەیە جێ دەکەمەوە .

(حافظ موسەوی) ش بە دیوانەکەی ئەم دواییەی , خۆی وەکو کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی شیعری دەیەی حەفتاکان ناساند . گەیشتن بەم شیعرە (گران ئاسان — سهل و ممتنع) انە و هاوبەند کردنی کەش و هەوای دەرەوە لەگەڵ کەش و هەوای شیعر , کارێکی پۆست مۆدێرنستییە . هەروەها خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەم دواییەی ئەو , شیعرەکانی حافظ موسەویان لەلام جددیتر کرد . بەهەرحاڵ , لەگەڵ وەلانانی شیعرە لاوازەکان و پشت بەستن بە چەند شیعرێکی , بەلاَم گرینگ و پڕ بایەخ , دەتوانم بڵێم کە حافظ موسەوی بە یەکێك لە ڕووە زۆر داهێنەرەکانی شیعری ئەم دەیەیە دەژمێردرێت , ڕەنگە عەبدولڕەزاییش بەشیعرە سەرکەوتووەکانی , جێگایەکی لەم جۆرەی بۆ خۆی تەرخان کردبێت .

* لەبارەی مـۆدێرن و پۆسـت مۆدێرنـەوە ، لـەو بڕوایـەدام کـە لـەنێو کولتـووری خۆماندا ، دەبێ زەمینەیەکی پێشینەمان هەبوو بێـت کـە ئـەم جـۆرە زەمینەیـە لێـرەدا نـابینم . بـەم پێیـە ، کـاتێ هێشـتا ئاسـەواری ئـابووری و کۆمەڵایـەتی مـۆدێرنیزم بـۆ نموونـە لێـرەدا دەرنەکـەوتووە ، چـۆن دەکـرێ بـاس لەپۆسـت مۆدێرنیزم بکەین لە شیعردا ؟

– سەیرکە ، کاتێ کە نیما هات و مۆدێرنیزمی لـە شـیعرەکانم خسـتە ڕوو ، هـیچ جۆرە زەمینـەکی مـۆدێرنیزم لـە وڵاتەکەمانـدا نـەبوو ! ئـیتر ئەگەرچـی ئێمـەش لـــەبوارەکانی کۆمەڵایـــەتی ، ئـــابووری ، سیاســـی ... مۆدێرنیزممـــان تـــاقی نەکردووەتەوە ، بەڵام لە گوتاری هونەریدا بەتەواوی تاقیمان کردووەتـەوە . بۆ نموونە : سادق هیدایەت بەرهەمی وای نووسیوە کە شان لەشـانی بەرهەمـەکانی جۆیس و پرۆست و ... دەدا و هاوکاتیشە لەگەڵ ئەوان .

لـەبارەی پۆسـت مۆدێرنیزمـەوە ئـەم شـتە ڕاسـتە . کـاتێ ئێمـە بیرمەنـدان و هونەرمەندانمان بیر لەو مەسەلەیە دەکەینەوە و بەرهەمـەکانی هونـەری جیهـانی دەخوێنینــەوە و ڕووبــەڕووی ئــەم کارانــە دەبینــەوە ، نــاتوانین ئەمانــە لــەنێو کارەکـانی خۆمـان وەلا بنـێین . چـۆن دەکـرێ ئـەم کـارە زەینیانــە لــەنێو شــیعرەکانمدا سانســۆر بکــەین ؟ تــەنیا بــەو بیــانووەی کــە هەنــدێك لــە خوێندەوارەکانمان ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم گوتارانە دا نییە !

* مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەوانە لەنێو ژیانی کەسی تۆدا بوونیان نییە ؟

– مــن هــەرگیز لەگــەڵ ئــەو بۆچــوونەدانیم ! ئێمــە زۆر بــە وردی هەســت بەڕووداوەکانی جیهانی هاوچـەرخ دەکـەین . ئەڵقـەکانی پەیوەنـدیکردن ، ئـەمڕۆ

هەموو جیهـانی بـەخۆوە گرتـووە و هابرمـاس گوتـەنی : ئـەوەی ئـەمڕۆ بنـەمای زانیارییە , بینین نییە , بەڵکو قسە و گفتوگۆیە بینینی ئێمە لێرەدا شتێکی تـرە , نابێتـە بەڵگـە , چـونکە ئێمـە لەگـەڵ تـەواوی بنکـە و بوارەکـانی فیکـری و کولتـووری جیهـانی هاوچـەرخ لەحاڵـەتی دیـالۆگ و گفتوگـۆداین و لەئەنجامـدا بـەهۆی تواناکـانی پەیوەنـدیکردنی پێشـکەوتوو , وەك ئینتـەرنێت , بمانـەوێ و نەمانەوێ , لەگەڵ حاڵەتی پۆست مۆدێرنیزمدا ڕووبەڕووین . ئێمە هـەوڵ نـادەین ببینە پۆست مۆدێرنیزم ! چـونکە بـێ خواسـتی خۆمـان پۆسـت مـۆدێرنیزمین ! کاتێ دەرکمان بەشوێنی سەردەمی پۆست مـۆدێرنیزم کـردووە , ئـیتر بەدەسـت خۆمان نییە و ناچارین بەم جۆرە بیر بکەینەوە و ئەم پێك گەیشتنە بپەڕێتە نـاو بەرهەکانمان . ئەمە گوناهی ئێمە نییە کـە تـا ئـەمڕۆ هەنـدێ لـە (بـەردەنگان – مخاطبان) – مان هێشتا دەرکیان بە مۆدێرنیزم نەکردووە ! چ بگات بە پۆسـت مۆدێرنیزم !

ئایا دەبێ ئێمە ئاستی کار و جوانیناسی بەرهەمەکانمان لەسـەر ئـەو بنەمایـەوە دیاری بکەین ؟

زۆر کـەس بـڕوای وایـە , چـونکە ئێمـە هێشـتا دیلـی پێوەندییـەکانی (شـوان – میگەل) ین نابێ قسـە لـەبارەی پۆسـت مۆدێرنیزمـەوە بکـەین ! مـن بـە تونـدی پێچەوانەی ئەم بۆچـوونەم , کـەس نـاتوانێ بـە هونەرمەنـد بڵـێ , ئـەوها بکـە و ئـەوها مەکـە ! ئێمـە بـەپێی زانیـاری خۆمانـەوە کـار دەکـەین و تێگەیشـتن و ئەزموونەکانمان , ڕێنماییمان دەکەن .

* شیعری دەیەی شەست و حەفتاکان , لەگەڵ تەواوی ئەو خاسیەتە ئەرێیانەی کە جەنابت و هاوڕێیەکانی ترت باسی لێوە دەکەن , کەچی بەداخەوە لەلایەن خوێنەران و بڵاوکاران , پێشوازی لێ نەکراوە و پێوەندی خوێنەرانی کتێب لەگەڵ شیعر کەمتر بووە و بۆ من ئەمە زۆر مایەی دڵتەنگییە کە هەندێ کاری وەکو ئەوانەی (مریەم حەیدەر زادە) بڵاویان دەکاتەوە , ئەوەندە خوێنەرەی هەبێت ؟

– هەڵبەتە , ئەو مەسەلەیە لای منیش مایەی دڵتەنگی بوو , بەلاَم لەو گفتوگۆیەی کە بەم دواییە لەگەڵ بێژەن جەلالی هەمبوو , ئەو دەیگوت نزیکەی لەهەموو شوێنێکی جیهاندا , ئەو کارە ڕووکەش و کەم بایەخانەی کە بە چەشنێك زیاتر لە کولتووری گشتییەوە نزیکن , زیاتر پێشوازیان لێ دەکرێت . بۆیە جێگەی نیگەرانی نییە و هونەری جددیش بە تێپەڕینی ڕۆژگار شوێنی خۆی دەکاتەوە .

* هەڵبەتە , ڕەنگە وەکو کاك موسەوی گوتەنی : ئەمە دەکرێ لەلایەکەوە باش بێت , واتە خوێنەرێکی زۆر بەهەر شێوەیەك بێت لەگەڵ شیعر ئاشنا دەکات ؟

– بەو مەرجەی کە پشتیوانیەکی تەواوی هەبێت و هەندێ لە خوێنەرانیش تێکەڵاویان لەگەڵ شیعری ڕەسەن و جددیدا هەبێت . هەروەها ڕووی جددی شیعری نەوەی نوێمان پشتگوێ نەخەن . هەڵبەتە من ڕەگ و ڕیشەی ئەو گرفتە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە دەزگا ڕاگەیاندنە گرینگەکان و گشتییەکانی ئێمە , بەشێوەیەکی گشتی لەدەست حکومەتدایە . ئەم دەزگا ڕاگەیاندنانە دەبێ

ئەدەبیاتی غەیرە حکومی بەشێوەیەکی ڕەسمی بناسن . مەبەست لە هونەری غەیرە حکومی , هونەری دژی حکومەت نییە , هەر لە بنەڕەتەوە دەبێ ئەم لێکدانەوەیە فڕێ بدرێ کە هونەری حکومەتی , ناتوانرێت پێی بگوترێ هونەر . بەم پێیە , دەبێ دەزگا ڕاگەیاندە گشتیەکان ڕۆژێك پەی بەم خاڵە ببەن و مەیدان بۆ هونەر و ئەدەبیاتی جددی والآکەن . دەزگا ڕاگەیاندنە گشتییەکانی وەکو ڕادیۆ , تەلەفزیۆن , سالآنی ڕابردوو , بواریان بۆ شاعیرانی وەچەی ئێمە نەڕەخساندووە تا لەگەڵ خەڵکیدا پەیوەندی ببەستن . سیستەمی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئێمە لەم دوو دەیەیەدا , بەهیچ شێوەیەك لەبەر دەستی شاعیرانی وەچەی ئێمەدا نەبووە ، بۆیە سروشتییە کە خەڵکی ئێمە بۆ نموونە هونەرمەندانی پلەی پێنجەم , یان یاریزانەکانی تۆپی پێی دەستەی سێیەم باشتر لە شاعیرەکانمان بناسن , هەڵبەتە هەلومەرجی هاتنە سەر کاری حکومەتێکی نوێ لە حاڵەتی گۆڕاندایە و ڕۆژنامەکانیش کەش و هەوایەکی زیاتریان بۆ لێکۆڵینەوەی شیعری ئەم وەچەیە ڕەخساندووە .

لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەش کە هەبوو , گرووپی یەکەمی شاعیرانی وەکو چایەچی , موسەوی , خۆم , عەبدولڕەزایی و ... مایەی سەرنجی خەڵکی بوون و دیوانەکانیان ڕەواج و فرۆشتنێکی باشیان بەخۆوە بینیوە و دڵنیاش بن ئەگەر شیعری ئەم وەچەیە بە دروستی بخرێتە ڕوو و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام بدرێ , شوێنی خۆی لەناو خوێنەرانی شیعردا دەکاتەوە . ئەم کەش و هەوا نوێیە , ئەگەر تووشی وەستان نەکرێ , بەردەنگێکی زۆر بۆ شیعرەکانمان بەدیاری دەهێنێ .

* وەکو دوا پرسیار , دەمەوێ ڕاو بۆچوونتان لەبارەی سێ شاعیرەوە بزانم کە لە دەیەی حەفتاکاندا بانگەشەی شیعری پێشڕەویان دەکرد , ئەوانیش بریتین لە سەید عەلی سالّحی , دکتۆر بەراهەنی و عەلی بابا چاهی ؟

– شیعری سالّحی لە دەیەی شەستدا , شوێنکەوتووی هەمان ئەو شعرانەیە کە فرووغ دەینووسی , هەلّبەتە بە بۆچوونێکی توندتر لە زمانی ڕۆژانە , یان وەکو خۆی گوتەنی : زمانی گوتار و سوود وەرگرتن لەلایەنە سۆزدارییەکانی ئەم زمانە . لەگەلّ ئەوەشدا شیعری سالّحی لە کۆتاییدا شتێکی نوێی نەخستە سەر دابی ئەدەبیمان , بۆ نموونە ئەگەر شیعری سالّحی لەگەلّ شیعری فرووغدا بەراورد بکەین , لە ڕووی بونیادەوە , زۆر لە شیعری فرووغ سستره . ڕەهەندی شیعری سالّحی لەنێو خوێنەرانی شیعردا , زیاتر بەرەنجامی هەمان ئەو ڕەگەزی سۆزدارییەیە کە ئاماژەم پێ کرد . بۆ ترۆپکی کاری سالّحی دەبێ لە کۆمەلّە شیعری (درەنگ هاتی ڕێ ڕا) دا بۆی بگەڕێین کە لەوێدا بە بڕوای من چەند کارێکی کردووە کە لەڕووی ناوەڕۆك , زمان و بونیادەوە , بەگشتی پەیکەرێکی توند و تۆلّی دروست کردووە . بەلاّم دوای ئەمە سالّحی بەچاوپۆشی لە پێشبینیەکانی شیعری دەیەی حەفتاکان هەر خەریکی دووبارە کردنەوە و زێدەڕۆیی و فۆڕم سازی بوو . ئەم سووربوون و سەرکێشیە , شیعری سالّحی بەشوێنێك گەیاند کە دەتوانرێ کارەکانی ئەم دواییەی شاعیر لەڕووی بەهای هونەریەوە , بەهاوئاست , یان نزمتریش لە کارەکانی حەیدەر زادە بزانرێ . بەشێوەیەکی گشتی , شیعرەکانی سالّحی یەك ناواخنی بێ گۆڕانکاریان تێدایە

كه تەنیا زێدەڕۆیی و زێدەگۆیی پەیڕەو دەكات . ئەو شاعیرێكه كوشتەی زمانی ڕۆژانەیە و تەنیا بە هێنانەوەی هاوشێوەسازی زمانی , هەوڵ دەدات لاوازی ناواخنی شیعرەكانی داپۆشێت .

لەبارەی (بەراهەنی و باباچاهی) یەوەش دەبێ بڵێم كە هەردووكیان ئەوەندەی بوێریان تێدایە , با شیعرەكانیان لەم قۆناغەدا بگۆڕن , كە خۆی لەخۆیدا كارێكی ئیجابیشە . هەروەها دەبێ (سپانلۆ و مەنوچەهری ئاتەشی) ش بخەینە ڕیزی ئەم دووانە . لەگەڵ ئەوەی كە ئەمانە خاوەن شێوازی خۆیان بوونە , بەلاّم لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریانەی كە بەسەر شیعری دەیەی حەفتاكاندا هات , ئەم هاوڕێیانە بەپێی پێشنیارەكان , بە شیعرەكانیان دەستیان بەگفتوگۆیەكی شیعری كرد لەگەڵ شاعیرانی دەیەی حەفتاكان . دەمەوێ بڵێم كە سەروچاوەی ئەم گۆڕانكاریە لەشیعری ئەم شاعیرانەدا , شیعری دەیەی حەفتاكان بوو . شاعیرێكی وەكو باباچاهی بۆ ناساندنی زۆربەی شاعیرانی ئەم وەچەیە دەست پێشخەر بوو , چونكە لە گۆڤاری (ئادینە) دا بەرپرسی بەشی شیعر بوو . زۆر زووتر بە بەرهەمەكانی شاعیرانی وەچەی ئێمە ئاشنا بوو كە دەیاننووسی و پێشیانەوە كاریگەر بوو .

(بەراهەنی) ش تاڕاددەیەك ئەم ڕەوتەی بڕی و لەڕێگەی موتالاّو خوێندنەوەی بەرهەمەكانی دەرەوە , بونیادی شیعرەكانی خۆی لە بونیادی شیعرەكانی دەیەی چلەكان دوورخستەوە ، بەلاّم گرفتی سەرەكی ئەم هاوڕێیانە لەوەدا بوو كە هەوڵیان دا ئەم گۆڕانكاریانە لە بۆتەی چەندین بەیاننامە و مانیفێستدا سنووردار و پێناسە بكەن . ئەو هەولاّنەی كە ئەم دوو هاوڕێیە لەم بەستێنەوە

ئەنجامیان دا پیشاندەری ئەوە بوو کە زەینیەتی ئەمانە هەمان زەینیەتی بەر لە دەیەی حەفتا بوو , ئەمە لە حالّەتێکدا کە شیعری دەیەی حەفتاکان , خۆی لە پێناسەکردن دەدزیەوە و داوای لە بەردەنگەکانی دەکرد کە پێناسە گەلی دیکە بۆ دیاردەکان بدۆزنەوە گرفتی سەرەکی بەراهەنی لەگەڵ باباچاهی , ئەوەیە کەدەیانەوێ بە بیروباوەڕی بەر لە مۆدێرن , شیعری پۆست مۆدێرن بنووسن . ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیاوازی لەنێوان شێوە و ناوەڕۆکی شیعرەکانیان پەیدا بێت . لە ڕاستیشدا دەبێ بڵێین کە ئەوانە کەوڵی شیعری دەیەی حەفتاکانیان لەبەر شیعرەکانیان کردووە نەك ناواخن و کاکڵەکەی .

پەراوێز:

1. جزئی نگری : پاژبینی ، کلی نگری : گشت بینی .
2. اندیشة صادراتی یا وارداتی .

{سەرچاوە : کتێبی باشاعران امروز (گفتوگو باشاعران نسل نو) م. روان شید , جلداول انتشارات ارویج , تهران – 1379 , ص 53 – 70 .}

## یانیس ریتسۆس

## ژیاننامە .... دواگفتوگۆ

یانیس ڕیتسۆس لە 1909/5/1 لە شارۆچکەی مۆنم ڤاسیا (باشووری ڕۆژھەلاتی پلوپونز – یۆنان) لەدایك بووە . دوا منداڵی خانەوادەیەکی دەوڵەمەندی خاوەن موڵك و زەوی و زار بووە .

سەرەتای ساڵەکانی تەمەنی کەوتبوو سەردەمێك کە خانەوادەکەیان لەوپەڕی خۆشی و بەختەوەریدا دەژیان ، بەڵام لە دواییدا ئەم خانەوادەیە لەڕووی باری ئابوورییەوە ڕووبەڕووی کارەسات بوونەوە , تووشی نەبوونی و مەینەتی گەورە ھاتن . لەساڵی 1921 دا برایەکی بە نەخۆشی سیل کۆچی دوایی کرد . دوای چەند مانگێك دایکیشی بە ھەمان نەخۆشی چوو . باوکی تووشی شێت بوون ھات و لەساڵی 1938 دا لە نەخۆشخانەی دافنی – دەوروبەری ئەسینا – کۆتایی بە ژیانی ھات .

جێی بیرخستنەوەیە , خوشکەکەی (لولا) کە ھاوڕێی بەوەفای سەردەمی منداڵییەتی شاعیر بوو , ئەویش لەساڵی 1936 دا دەخرێتە ھەمان نەخۆشخانە . شاعیر لەگەڵ (لولا) ی خوشکی ساڵەکانی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە شارێکی بچووك بەناوی (گیتو) بەسەر دەبات .

لەساڵی 1925 دا بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەیان , دێنە شاری ئەسینا , بەڵام ئەوەندە ناخایەنێت کە ڕیتسۆس خۆیشی تووشی سیل دەبێت (ئەو نەخۆشییەی تا ئەو سەردەمی , ھێشتا چارەسەری بۆ نەدۆزرابووەوە) ھەتا ساڵی 1940 لە شوێنی حەوانەوەی سیلداران ژیان بەسەر دەبات لە (سویتریا , کاپسالونا ,

ئایوس یوانیس (خانیا – کرت) , پارنیا) لەو ماوانەدا لە ئەسینا بۆ دابین کردنی بژێوی خۆی و مانەوەی , بەناچاری دەست بۆ زۆر ئیشی قورس و زەحمەت دەبات و لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا ژیان دەگوزەرێنێ . وێڕای ڕووبەڕوو بوونەوەی بەو چارەنووسە خراپەی کە بەردەوام هەڕەشەی لە ژیانی دەکرد , هەر لەسەردەمی منداڵییەوە ڕیتسۆس هەست بە شاعیریەتی خۆی دەکات , بێ پسانەوە دەنووسێت . لەڕێگەی شیعرەوە بەدوای پەناگەیەکدا بۆ خۆی دەگەڕا . لەساڵی 1929 دا لەشوێنی حەوانەوەکەی لە سوتیریا , باوەش بۆ ئامانجی سۆسیالیزم دەکاتەوە . بڕوایی بەو خەونەی ئایندە , ئیلهام بە شیعرەکانی دەبەخشێت .

لەساڵی 1934 دا کۆمەڵە شیعری (تراکتۆر) دەنووسێ و لەساڵی 1935 دا (ئەهرام) دەنووسێ . لەساڵی 1936 دا بەبۆنەی کوژران و خوێن ڕشتنی ژمارەیەك لە خۆپیشاندەرانی کرێکارانی تووتن لە تسالۆنێکی , شیعرێکی درێژ بەناوی (ئەپیتافیۆس) دەنووسێت .

(متاکساس) ی دیکتاتۆر ئەو کتێبە و چەند کتێبێکی تری وەك (گومڕایی) و (لێخستن) لەژێر ئەستوندەکانی پەرستگای (زێوس ئۆڵمپ) لە ئەسینا دەسووتێنێت . لەو ماوەیەدا , تا کاتی جەنگی دووەمی جیهانی , ڕیتسۆس بەناونیشانی هونەرمەند و سەماکار لە شانۆیە جۆراوجۆرەکاندا ئیش دەکات . پاشان دەچێتە (شانۆی نەتەوەیی) و (ئۆپێرای ئەسینا) لەوانەی کە هاوکاری بوون . (ماریا کالاس) ی گۆرانیبێژی ناوبزر و لەبیرکراوی ئەو سەردەمی بوو کە پاشان بووە ئەفسانەی گۆرانییەکانی ئۆپێرای ئایندە .

لەسەردەمی داگیرکردنی یۆنان لەلایەن نازییەکانەوە , دەبێتە ئەندامی بەرەی ئازادیخوازی نەتەوەیی (E.A.M) و لەبەشە ئەدەبییەکەیدا دەست بەچالاکی دەکات .

ئەگەرچی گەڕانەوەی نەخۆشییە بەردەوامەکەی (سیل) جارێکی تر دەیخاتەوە ناوجێ , بەڵام لەو بارودۆخە ناخۆشەشدا , دەست لە نووسین هەڵناگرێت و بەردەوام دەنووسێت (زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەی لەناوچوون کە ڕاستەوخۆ لەدوای ڕووداوە شوومەکەی کانوونی یەکەمی 1944 دا دێن کە تێیدا هێزەکانی ئینگلیز , خاکی یۆنان داگیر دەکەن , لەوانە ڕۆمانێکی گەورە و دوازدە کۆمەڵە شیعر) هەر لەو ساڵیدا هێزە چەپەکان , ئەسینا بەجێ دەهێڵن و لە ڕێپێوانێکی گەورەیاندا بەرەو چیاکانی مەکدۆنیا دەگەنە (کوزانی) , لەوێ دەقی شانۆگەرییەکی یەك پەردەیی بەناوی (ئەسینا لەنێو چەکدا) دەنووسێت و ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرێت .

لەسەرەتای ساڵانی دوای جەنگ , لەبڵاوکەرەوەی (گۆڤستی) دا بەناونیشانی سەرپەرشتیاری دەقی ئەدەبی ئیش دەکات . سەرپەرشتی چاپکردنی زۆربەی بەرهەمەکانی (دۆستۆیڤسکی و تۆلستۆی) دەکات . هاوکات هاوکاری وەرزنامەی ئەدەبی (نئاگراماتا) واتە – ئەدەبیاتی ئازاد – دەکات .

لەساڵی 1948 دا دەگیرێ و سەرەتا بۆ (کۆنتۆپۆلی – لیمنۆس) و پاشان بۆ (ماکرۆنیسۆس) و لە کۆتاییدا بۆ (ئای ئیتراتی) دوور دەخرێتەوە .

لەمانگی ئابی 1952 دا ئازاد دەکرێت . جێی بیرخستنەوەیە کە لەماوەی دوورخراوەییدا , بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی قەدەغە بووە .

ساڵی 1954 خاتوو (فالیچا یۆرگیادی) پزیشک دەخوازێ و لەساڵی 1955 دا کچێکیان دەبێت ناوی دەنێن (ئاری) .
ساڵی 1956 بەهۆی شیعری (سۆناتای خۆرەتاو) خەڵاتی نەتەوەیی (حکومی) پێ دەبەخشرێت.
ساڵانی سەرەتای دیکتاتۆریەتی نوێ لە یۆناندا کە بە (یۆنانی سەرهەنگەکان) ناسراوە , لەساڵە هێمن و ئارامەکانی ژیانی شاعیر بووە , هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکی ناخۆش و بێزارکەری نەهاتۆتە بەردەم کارەکانی و ژیانی , لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لێرەدا ئەوەش بیربخەینەوە و بەدڵنیاییەوە بڵێین کە بەدرێژایی تەمەنی هەتا ئەگەر لە ناخۆشترین بارودۆخی ژیانیشدا بووبێت , یەك سات چییە وازی لەنووسین نەهێناوە .
لە 21 ی نیسانی 1967 دا هاوکات لەگەڵ ڕووداوی کودەتای سەرهەنگەکاندا , دەگیرێ و وەکو هەزاران کەسی تر دەیبەنە مەیدانی گەورەی ئەسپ سوارانی (ئیبو درومۆس کە کرابووە شوێنی بەند کردن و کۆکردنەوە و گرتنی کاتی گیراوەکان) پاشان بۆ دوورگەی (یاروس) و دوایی بۆ (پارتنی لـروس) دەگوازرێتەوە .
لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1968 دا تا کۆتایی ساڵی 1970 لە کارلوڤاسی (دوورگەی ساموس) لەماڵەوە لەژێر چاودێری دەبێت و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیشی هێشتا هەر قەدەغە بوون .
ساڵی 1971 لەژێر گوشاری نارەزایی جیهانیدا , ئازادانە بۆ ئەسینا دەگەڕێتەوە . ئێستاش سەردەمی ناسین و ڕێزلێنانی لەناوەوەی یۆنان و لەسەر

ئاستی جیهانیدا گەیشتووە , بۆیە ڕاستەوخۆ لەدوای گۆڕانی سیاسەت و (شکست هێنانی خونتا) زانکۆی تسالوینکی ساڵی 1975 بڕوانامەی دکتۆرای فەخری پێ دەبەخشێ . هەروەها لەساڵی 1978 یشدا زانکۆی پیرمنگهامی بەریتانی و لەساڵی 1984 یشدا زانکۆی کارل مارکسی لایپزیك , بڕوانانەی دکتۆرای فەخری پێ دەبەخشن .

لەساڵی 1977 یشدا بەشانازییەوە , خەلاّتی لینین بۆ ئاشتی پێ دەدرێت . ئا بەم جۆرە ڕیتسۆس دوای ئەم هەموو نەهامەتی و ناخۆشییە , کەوتە بەر ستایش و ڕێزلێنانی زۆر لەشاعیرانی گەورەی سەردەمی خۆی لەوانە (پابلۆنیرۆدا , نازم حیکمەت , ئیلیا ئەهرنبۆرگ , پۆل ئێلوار و لویس ئاراگۆن و .... تاد) ئاراگۆن بە گەورەترین شاعیری دنیای دەزانێت – هەڵبەتە ئەو دنیایەی کە لێی بە ئاگایین و ڕەهەندەکانی دەناسین .

بەهۆی ژیان و بەرهەمەکانیەوە , زۆر خەلاّت و نیشانی شانازیانەی پێشکەش کراوە . هەروەها کراوە بە ئەندامی ئەکادیمیای زانست و ئەدەبیاتی مانیزی ئەڵمانیا ئەکادیمیای مالارمێی فەرەنسا و ئەندامی دەستەی (ژوری) خەلاّتی جیهانی لینین و سەرۆکی شانازی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی و ئەندامی شانازی کۆمەڵەی ئەدیبانی قوبرس و ئەنجومەنی کولتووری یۆنان و ئوسترالیا (مبلورن) و دەیان دامەزراوەی کولتووری تر .

زۆربەی شارەکانی یۆنان بە شانازییەوە ڕیتسۆس بە هاوشانی خۆیان دەزانن . ڕیتسۆس لەدوای شەست ساڵ کاری بەردەوامی شاعیرانەدا , یەك دنیا بەرهەمی پڕ لە داهێنانی بەدنیای ئەدەبیات بەخشیوە . زیاتر لە (100) کۆمەڵە شیعری

چاپ کردووه و زۆریشی هێشتا چاپ نەکراون . هەروەها چەندان وتار , دەقی شانۆیی , وەرگێڕان و ڕۆمانە نۆ بەرگییەکەی و دە بەرگ لە کۆشیعرەکانی کە خۆیان لە (5000) لاپەڕە دەدەن , ئەمانە هەموویان سەرجەمی کارەکانی ئەو پێك دەهێنن .

بەرهەمەکانی ڕیتسۆس بۆ زیاتر لە 45 زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراون کە (250) ناونیشانی سەربەخۆ لەخۆ دەگرن .

پاش ئەم ژیانە پڕ لە بەخششە ئەدەبییەدا , لە کاتژمێر 9,30 شەوی یەك شەممە 1990/11/11 لە حاڵەتێکی پڕ لە ناخۆشی و ئازاردا , دوای یازدە مانگ لەناوجێ کەوتن , یانیس ڕیتسۆسی شاعیر . چاوی ژیانی بۆ یەکجاری لێك ناو ئەم جیهانەی خستە ناو ئاپۆڕەی بارێکی تازیەباری و ماتەمینی , هەروەك چۆن ژیانەکەی زیاتر شێوەی ئەفسانەیی بەخۆوە گرتبوو , ئا بەم جۆرەش ئازادانە ئەو ژیانەکەی زیاتر شێوەی ئەفسانەیی بەخۆوە گرتبوو , ئا بەم جۆرەش ئازادانە و سەربەستانە , بەرەو کەمالی هەتاهەتایی ڕێی گرتە بەر .

لەسەر ڕاسپاردەی خۆی , لە زێدگەکەی خۆی مۆنم ڤاسیا , لەباوەشی تاشە بەردە گەورە و شکۆمەندەکانی ئەم شارۆچکە کەوناراو بچووکەدا بەخاك سپێردرا .

# ڕیتسۆس و دواگفتوگۆ

فەرەیدوون فەریادی شاعیر و نووسەری ئێرانی کە چەندان ساڵە لە یۆنان دەژی و دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ شاعیردا هەبووە , ئەم گفتوگۆیەی لەشاری ئەسینا لە 1989/5/15 دا لەگەڵ شاعیر ئەنجام داوە کە بەدوا گفتوگۆ دادەنرێت بەر لە کۆچکردنی شاعیر لە 1990/11/11 دا .

* یەکەم ڕۆژی مانگی مایسی ئەم ساڵ (1989) هەشتا ساڵتان لە تەمەنی خۆتان بەڕێ کرد , بۆ شاعیرێك کە دەڵێ : (من لە گەنجێتییەکی بێ سنووردا پیر دەبم کە پیر بوونی بۆ نییە) هەشتا ساڵی تەمەن چی دەگەیەنێت و ئەو هەموو ساڵە چۆن دەبینیت ؟

– هاوڕێی خۆشەویست , گفتوگۆ کردنی بەردەوام و وەڵامدانەوەی تایبەت بە هەندێ پرسیار , کە خودی ئەم پرسیارانە جۆرە دژواری و هەمەلاگیر و گشتگیرن , بۆ من گرفت بووە , هەمیشەش ئەو ترسە لە گۆڕێدایە کە ئادەمیزاد لەگەڵ هەندێ لە هەڵەکان , قسەی گشتگیری , یان لە هەندێ حوکمدا , بکەوێتەوە ناو هەمان قسەکردنەکانی خۆیەوە , هەڵبەتە دیمانە و گفتوگۆیەکانی من لە ناخی شیعر و لە ناخی بەرهەمەکاندایە .

بەرلەوەی لەلایەن ڕۆژنامەنووسان , هاوڕێیان , هاوکاران و ڕەخنەگرانەوە پرسیارم بخرێتە بەردەم ! ژیان خۆی پرسیارم دەخاتە بەردەم , منیش بەردەوام وەڵامی پرسیارەکانی دەدەمەوە , بۆیە دەتوانم بڵێم , هیچ شتێکم نییە تا لەو دیمانە و گفتوگۆیانە بیخەمە سەر ئەو قسانەم کە لەلایەن هاوڕێ و

دۆستانم داوام لێ دەکرێ . ئەگەر چەند مەسەلەیەکیش لە شیعرمدا هەبێت و من قسەیان لەسەر نەکەم , بەو واتایەیە کە : یان نایزانم , یان ناتوانم , یان نامەوێ لەبارەیانەوە قسە بکەم . سەرەنجام , سەرەکیترین ڕووداوەکان , نەك هەر تەنیا ڕووداوەکانی تایبەت بە ژیانی کەسییەتیم , بەڵکو ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵ و مێژووەکەشمان , هەروەها جورئەتیش بە خۆم دەدەم کە بڵێم هەموو ڕووداوەکانی جیهانیش کەمو زۆر لەناو شیعرەکانمدا باس کراون , بۆچی ؟ چونکە شیعر بەلای منەوە پانتایی و زەمینەیەکی بەو ڕادە سنووردار نییە کە هەندێ شت پەسند بکات و هەندێکیشی وەلا بنێت , چونکە لە شیعردا قەدەغە بوونی نییە , وشەی (نە) بوونی نییە ! شیعر تەواوی ژیان دەگرێتەوە بە هەموو پارادۆکس و دژوارییەکانەوە , بەلاّم هاوکاتیش لەگەڵ هەموو هەوڵێکی مرۆڤانەشدایە لە پێناو ئاوێتە کردنی و ڕێکخستنی هەموو دژوارییەکان .

لەم بەستێنەوە , شیعر هەم لە ڕابردوودا , هەم لە بارودۆخی مێژوویی و لە هەمان کاتدا , دەتوانم بڵێم سوود لە ئایندەش وەردەگرێت . بەو جۆرەی کە هەندێ جار بەر لە ئاینده و داهاتوو دەژین , پاشان وەبیر خۆمان دێنینەوە , واتە بە زەین دەخەینەوە بیرمان و بە بیرەوەری دەسپێرین . بەشێوەیەکی تر قسەکردن لەبارەی هەشتا ساڵ تەمەنی خۆمەوە کە زۆر چڕکرابووەوە تژی بوو لە ڕووداوی جۆراوجۆر . لەمیانەی بەدوا داچوون و عەودالّی و هەلاّتن , نەخۆشی , مەسەلەکانی پەیوەندی بە خێزانداری , هەروەها لەناو بێ دادوەرییەکان , بەهرە و توانا کوشتنەکان , پەستی و بەکەم زانین و ... تاد وەك ئەوە خۆی دەنوێنێ کە دەست لەکۆکردنەوەی مێژووی جیهان بدەم , نەك تەنیا مێژووی

یۆنان ! بۆیە بەم جۆرە بە جەنابت دەڵێم کە هەشتا ساڵی تەمەنی من زۆر زۆر پڕ و لێوان لێو بوو لەسات و کاتە مەترسیدارە زەبەلاّح و دژوار و سەختەکان , بەلاّم لەهەمان کاتدا پڕ لە شادی و خۆشییەکی داهێنەرانەی بێ پسانەوەی بەردەوامدا بووم . وردتر بڵێم ئەم داهێنانە , هەمان ئەو شتە بوو کە زۆر لە ڕەگەزە ڕەتکراوەکانی ژیانی کەسییەتیم و دنیای پووچ دەکردەوە . بەشێوەیەك ئەو ساتەی کە ئازارێك , ڕەنجێك , ناخۆشییەك , دەبووە هۆکارێکی بزوێنەر و ورووژێنەر تا شتێك دابهێنم , پاشان هەستێکی ڕەزامەندانە و دڵنەوایی پێ دەبەخشیم تاکو بڵێم : (وەرە , ئەمەش بووە هۆکارێکی سوود بەخش بۆ هونەرەکەم .)

کە باس لە هونەری خۆم دەکەم , مەبەستم تەنیا خودی خۆم نییە , بەڵکو مەبەستم ئەوەیە توانیم لەناخی هەزاران دیاردەی ژیاندا بکەومە وێزەی جێگیرکردنی زۆر مەسەلەی ترسناك و بنەڕەتی , بەدڵنیاییەوە پەنجەیان بخەمە سەر و بیانخەمە بەردەم جیهان تا بزانن , وێڕای ئەو هەموو بێ دادوەرییە , چەوساندنەوە و تاریکی و گوشار و زۆر لێکردن و بەسەردا سەپاندن و ... تاد لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا , هێشتا دەڵێم : ژیان جوانە , لەگەڵ ئەو زەحمەتیانەشدا دەبێ بژین , دەبێ کاربکەین , تا هەم خۆمان باشتر بین و هەم ئەم جیهانەش باشتر بکەین .

* باشە هەر لەسەر ئەو بڕوایەیت کە شیعر , نکوڵی کردنی مەرگە ؟ هەروەها ئەو گەنجێتییە نەمرەی کە باسی دەکەیت , هێشتا هەر لە ناختاندا ماوەو پیربوونی بۆ نییە و درێژە بە ژیانی بێ پسانەوەت دەدات ؟

– هەروەکو چۆن زۆر جاران جەختم کردووتەوە و گوتوومە , ڕەنگە ئیتر لەبەر زۆر گوتنەوە و لە سنوور تێپەڕاندن , گوتەکانم سواو بێنە بەرچاو و ئاسایی بووبن , هونەر بەشێوەیەکی گشتی , نەك هەر شیعر , بەڵکو هەر هەموو هونەرەکان , جەنگێکی ڕۆژانەی بەردەوامن لەگەڵ مەرگدا تا ئەو شوێنەی کە زانیاری و ئاگاداری لەبارەی مەرگەوە هەیە . هەر بە پشت بەستن بەو زانینی مەرگەوە , ئاوات و ئومێدمان بە هەمیشەیی و هەتا هەتایی , بناغەی داکوتاوە , تا بەرهەمگەلێك دابهێنین کە لە دوای مەرگیشمان بمێنێتەوە , تا سنوور و کون و کەلەبەری ژیانمان والآ بکەینەوە , ئیتر لەو بەستێنەوە بڕواییم وایە کە زانین لەبارەی مەرگەوەش , خۆی لەخۆیدا پشتگیری و توانایەکی بۆ داهێنان , خاڵی دەستپێك و ورووژاندنن لە پێناو داهێنان و هێنانە ئاراوە .

* باشە ئەدی لای جەنابی ڕیتسۆس , شیعر چییە ؟ ئایا ئەم پرسیارە جاویدانییە , دەبێ هەروا بێ وەڵام بمێنێتەوە ؟ یان دەتوانرێ بڵێین ئامانجی شیعر , خۆی لەخۆیدا گەیشتنە بەم وەڵامە؟

– تەماشاکە , پرسیارەکان دەکرێن . نەك هەر خەڵکانی تر لە ئێمە دەپرسن و ئێمەش هەوڵ دەدەین وەڵامیان بدەینەوە , بەڵکو ئێمە خۆشمان هەموو ساتێك

لەبارەی ئەو شتانەوە دەپرسین , لە مێژوو دەپرسین , لە کۆمەڵگە دەپرسین , لە خەڵکان دەپرسین , لە فیکرەکان دەپرسین , لە خەونەکانمان دەپرسین , لە ئەندێشەکانمان دەپرسین ... تا ئەو ڕادەیەی قبووڵمان کردووە کە پرسیارگەلی وا دێتە پێش کە بێ وەڵام دەمێنێتەوە , ئا بەو شێوەیەی ئێستا ئێوە ئەو پرسیارە دەکەن کە شیعر بەشێوەیەکی گشتی چییە ؟ بۆ بێ وەڵام دەمێنێتەوە ! شیعر لەکوێ دێت ؟ شیعر هەوڵ دەدات بەچی بگات ؟ ئامانجی شیعر چییە ؟ ئەم پرسیارانە هەموویان دەکرێن ؟ هەروەکو چۆن زۆر لە مەسەلەکان دەخرێنە ڕوو , جگە لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان مەسەلەکانی ڕۆژانە کە بریتین لە مەسەلەی پێوەندییەکانی مرۆیی , زۆر مەسەلەی تریش هەنە وەکو مەسەلەکانی بوونناسی , سەرەتاناسی , مەسەلەکانی پێوەند بە فەلسەفەی بوون , یان بە دەربڕینێکی تر , پرسیارگەلی وەك : ئێستا کە ئێمە هاتووینەتە ژیان , بۆچی دەمرین ؟ کاتێ کە بڕیارە بمرین , ئەدی بۆچی هاتووین ...؟ مەبەستی ئادەمیزاد چییە ؟ ئەم پرسیارانە لە گۆڕێن و هەڵبەتە هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدەین , بەڵام ڕەنگە هیچ یەکێك لەو وەڵامانەی کە هەندێ جار دەیاندەینەوە , هەرگیز ڕازیکەر نەبن و ئەم گرفتانەش چارەسەر نەکەن .

* واتە لای شاعیرانیش ئەم پرسیارە , هەر بێ وەڵام دەمێنێتەوە , وانییە ؟
– بەڵێ وایەو ڕەنگە ورد تریش ...

* ڕەنگە هەر بە ئەنقەست بەبێ وەڵام بمێنێتەوە تا شاعیر بتوانێت سەربەستانە تر و ئاشکراتر – دەکارێ بڵێین – داهێنانی تێدا ئەنجام بدات ؟

– بە ئەنقەست بێ وەڵام نامێنێتەوە , بەڵکو بەشێوەیەکی خۆ دوورگرتن بێ وەڵام دەمێنێتەوە . باشتر بڵێین لەو خۆ بەدوورگرتنە و لەبێ چارەیی , وەڵامێك نادۆزێتەوە . بەڵام هەمان ئەو واقیعیەتەی کە وەڵامێك نادۆزێتەوە , خۆی لەخۆیدا جۆرە ورووژێنەر و بزوێنەرێکە تا پێ لەسەر ئەو پرسیارە دابگرین , هەندێ جاریش پرسیارێك زۆر لە وەڵامێکی سەر پێیی دەربڕترە , بۆچ ؟ چونکە ناچارمان دەکات بەردەوام قووڵتر و زۆرتر و هەمیشە لەبیری ئەو وەڵامەدابین کە ڕەنگە هەر وەڵام نەدرێتەوە .

* حەز دەکەم بپرسم کە ئایا تا ئەمڕۆش , ئارەزوویەکی تایبەتیت هەیە , یان وا باشترە بڵێم , گەورەترین ئارەزووی ئەمڕۆتان چییە ؟

– ئارەزووم ئەوەیە کە ڕۆژێك بێت , دنیا ئارام و بێ کێشمەکێش بێت و ئاشتی جێگیر بێت , هەرکەسە و لە شوێنی خۆمان بەو پەڕی توانامانەوە لە هەوڵی ئەوەدابین کە ڕێگە نەدەین جیهان ڕووبەڕووی شەڕی ناوەکی ببێتەوە کە بۆ هەموویان ماڵوێرانی و کارەساتە . هەروەها با هەموومان وەکو ئادەمیزاد لەسەرتاپای جیهاندا بە هەموو ڕەگەز و ڕەچەڵەکەوە , دەست لەناو دەست پێکەوە , هاوکار و هاوشانی یەکتربین بۆ باشتر کردن و خۆشتر کردنی ژیانی تەواوی جیهان .

* ئەو پرسیارە پێوەندی بە ئێرانەوە هەیە , تا چ ڕادەیەك ئاشنایەتیت لەگەڵ کولتووری ئێراندا هەیە ؟ لەبارەی ئەدەبیاتیەوە , چ کۆن , چ نوێ , چی لێ دەزانیت ؟ هەروەها چ هەست و کاریگەرییەکت لەبارەیەوە هەیە ؟

– زانیاری و زانینی من سەبارەت بە ئەدەبیاتی فارسی , ئەوەندە کەمە , مافی ئەوەم پێ نادات کە لەم ڕووەوە بیر و باوەڕی خۆم دەرببڕم ! چ جای ئەوەی کە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنم لە بارەیەوە هەبێت . تەنیا شتێك کە بەشێوەیەکی گشتی دەیزانم , ئەوەیە کە زمانێکی لەڕادەبەدەر دەوڵەمەندی هەیە , ئەدەبیاتێکی گەورەی هەیە , شیعری بەرز کە نزیکەی بۆ زۆربەی زمانانی جیهان وەرگێڕدراون . هەروەها لەو بڕوایەشدام , ولاتێك خاوەن ئەم جۆرە کولتوورە بێت , ئەم جۆرە سامان و پاشماوە و میراتە ڕۆشنبیرییە گەورەیە ، میراتی شیعری بەتایبەتی ڕێگەیەکی تری نییە , جگە لەوەی کە ئەمڕۆکەش بەردەوام بێت لە بەخشینی کار و بەرهەمی گەورە . لەو شیعرانەی کە بەداخەوە دەڵێم بەبێ زانینی زمانی فارسی , کە بە زمانی فەڕەنسیم خوێندوونەتەوە , بەو بڕوایە گەیشتووم کە بەڕاستی ئێوە ئەمڕۆ خاوەن وزە و توانایەکی بەرچاون , هەم لە بواری شیعر و هەم لە بواری پەخشاندا , بەو سیفەتەی سەروکارمان لەگەڵ ئەم کارانەدایە , بۆیە بەپێویستی دەزانم لە داهاتوودا بە ئێمەش بناسێندرێن . زۆر بەداخەوە دەڵێم , زۆر کەم بە شیعرەکانتان ئاشنام .

* تا ئەو شوێنەی کە دەزانم زیاتر بەو بەرهەمانە ئاشنای کە پێشکەش بە جەنابتم کردووە , یان بۆتانم خوێندووەتەوە , یان چەند ساڵێك لەمەوبەر لە ئێرانەوە بۆتانم ڕەوانە کردووە ؟

– بەڵێ .

* ئێستا بە سەرنجدانتان لە زۆر لە شیعردۆستان و ژیان بەسەر بردنتان لە ئێران , چ پەیامێکتان بۆ ئەوان بەشێوەیەکی گشتی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەیە سەبارەت بە خەبات کردنیان بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و دادپەروەری کۆمەلأیەتی ؟

– حەز دەکەم نەك هەر تەنیا بۆ ئێران , بەڵکو بۆ تەواوی جیهان ئارامی و هێمنی و ئاشتی و ئازادی جێگیر بێت . ئومێدەوارم ئەو بوارە هەبێت کە ئادەمیزادەکان توانا شاراوەکانی خۆیان بە ئازادی دەربخەن , تەواوی وزە و تواناکانیان بخەنە ڕوو , بتوانن ئەم وزە و توانایانە بە کردەوە ئەنجام بدەن , تا بۆ هەمووان ئاشکرا بکرێت نەك لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قۆرخ و مۆنۆپۆل بکرێن , بەڵکو هەموو شوێن و ناوچەیەکی سەر ڕووی زەوی بگرێتەوە . ئەو بەهرانەی کە هەنە تواناکانی داهێنان , تا بتوانن لەسەر ئاستی جیهان بیانخەنەڕوو . هەڵبەتە بۆ ئەوەی کەسێك بتوانێت ئەو بەهرە و توانایانە لەسەر ئاستی جیهان بخاتە گەڕ , لە بنەڕەتەوە و بەر لە هەموو شتێك نەك هەر پێویستی بە یەك جۆرە ئازادی هەیە , بەڵکو بە دڵنیاییەوە دەڵێم پێویستی بە زۆر جۆرە ئازادی و ئارامی و دادپەروەری و ئاسایشەوە هەیە .

* ئەوەنــدەی مــن بــزانم , جــەنابتان لەبــەر گــەورەیی تەمــەنتان و بــارودۆخی تەندروســتیتان , ئیــدی ئەوەنــدە گەشــت و ســەفەر ناکــەن ؟ ئەگــەر بتــەوێ ســەفەرێکیش بکــەیت هەڵبەتــە ڕووبــەڕوو بوونــەوەی مەترســیدار و ترســناك هەوڵەکانت بەتەسك دەکەنەوە , هەروەکو بۆ نموونە , چۆن لەو سەفەرەی دووبارە بۆ قوبرست کرد , وابوو ؟ لەگەڵ ئەوانەشدا , ئەگەر ئێمە جەنابتان بۆ ئێران بانگهێشت بکەین , ئامادەن تەشریف بێنن ؟

– زۆر زۆرم حەز دەکرد ! زۆر زۆرم حەز دەکرد بێم و بە ئێران ئاشنا بم , بەلاّم لەبێ بەختی خۆم , هێز و توانام ئیتر بە سانایی ڕێگەم نادەن و هاوکاریم ناکەن . زۆرم حەز دەکرد , ڕەنگە جەنابیشت باش بزانیت کە هەموو ساڵێك (10 تا 20 تا 50) داوەتنامەم لە ولاّتانی جۆراوجۆرەوە بەدەست دەگات بۆ بەشداری کردنم لە کۆنگرەی جۆراوجۆر , ڕێ و ڕەسمی هەمە چەشنە , بۆ فیستیڤاڵی هەمە ڕەنگە ... زۆر جارانیش بۆ ڕێ و ڕەسمی ئەو ڕێزلێنانەی کە بەتایبەت لە بەندە دەنرێت , بەلاّم بەداخەوە بە هۆی بێ تاقەتی لە ڕادەبەدەرم , هەروەها بەهۆی گەورەیی تەمەنم , بەتایبەتی بۆ منێکی هەشتا ساڵە ! ناتوانم جێبەجێیان بکەم . زۆر زۆریش بەداخەوەم لەم ڕووەوە , ئەمەش یەکێکە لە خەمەکانی سەردەمی پیری کە مرۆڤ ئیتر ناتوانێت ئارەزووەکانی خۆی بێنێتە دی .

{ سەرچاوە : گۆڤاری (دنیای سخن , شمارە (37) دی ماه 1369 (1990 ن)
ص 28 – 33 }

ئا : فەرەیدون فەریاد .

## شاعیری نەناسراوی یۆنانی ئۆدیسیۆس ئیلیتیس

شاعیری یۆنانی ئۆدیسیۆس ئیلیتیس لەساڵی (1979) خەڵاتی نۆبڵ – ی وەرگرت , بەمەش تەمی ئەگەرەکانی ئەو کاتی ڕەواندەوە کەوا ڕەچاو دەکرا ئەم خەڵاتە بدرێتە گراهام گرین یان جۆرج لویس بۆرخیس . ئەگەرچی ئیلیتیس ناوبانگییەکی ئەوتۆی لە دەرەوەی یۆنان – دا نەبوو , وەك شاعیرانی هاوچەرخی خۆی یانیس ڕیتسۆس و کافافی و جۆرج سیفرس – ی براوەی هەمان خەڵات لەساڵی (1963 ز) , بەڵام لەناو یۆنان – دا دوای ئەوەی مۆسیقاژەنی ناسراو میکس ڤیۆدۆراکیس ئاوازی بۆ زۆربەی بەرهەمە شیعرییەکانی ناو دیوانی (ئەکسیۆن ئیستی) داناو کردییە سروودێکی جەماوەری , ناوبانگی پەیداکرد . ئۆدیسیۆس ئیلیتیس لە دوورگەی کریت لەساڵی (1911) لەدایك بووەو لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە ئەلبانیا جەنگاوە . لە پاریس ژیاوەو چووەتە ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤیەتی جاران , پاشان گەڕاوەتەوە یۆنان و لە شوققەیەکی بچووکدا لە ئەثینا – ی پایتەختدا جێگیر بووە .

ئەوەی سەیرە ناووشۆرەتەکەی ئەوە دەگەیەنێ کە مانای (سەرخۆشیی خۆر) ە ! کەچی شاعیر بەدرێژایی ڕۆژ دەخەوت و بەشەو کاری دەکرد .

ڕەخنەگران دیوانی (شیاوی بایەخ پێدانە) ی ئەم شاعیرە تاکو ئێستا بە باشترین کارەکانی شاعیر دادەنێن . هەروەها بە گرنگترین دەستکەوتەکانی شیعری یۆنانیشی دەزانن .

شاعير بەشێوەیەکی گشتی , هەوێنی بابەتە شیعرییەکانی خۆی لە سروشتی یۆنانی وەردەگرێت وەك :

دوورگەکان , دەریا , ئاسمان , چیا , گوڵ و گوڵزار , لەسەرووی هەمووشیانەوە تیشکی خۆر . هەر لەم ڕووەوە بەیەکەم شاعیری یۆنانی دەزانرێ کە خۆری کردووە بە ناوەندی بابەتە شیعرییەکانی خۆی .

هەروەها دیاردە سروشتییەکانی دیکەی , وەك هۆکارێك بۆ بوارەکانی دیکە بەکاردەهێنا .

دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ , ڕۆژنامەی گاردیان لە دیمانەیەکی خێرادا لێی پرسی :

* بۆچوونت لەبارەی خواست و ئارەزووی شیعرەوە چییە ؟

– وەخت تێپەڕین , لە ئاستی ناوبانگ دەرکردن زۆر سامناکترە , کاتێ کتێبەکانم لەنێو جامخانەی کتێبخانەکاندا دەبینم , هەستێکی غەریبی دامدەگرێ , چییان لەمن دەوێ ؟ من هەوڵ دەدەم لەبەرچاوان دوورکەومەوە , بۆیە هەندێ کەس وا زەن دەکەن کە هیچ خواست و ئارەزوویەکم نییە , کەچی حاڵەتەکە وا نییە , منیش چەند ئارەزوویەکم هەیە , بەڵام هیچ چێژێك لە ئافەرین لێکردنی گشتی وەرناگرم .. بەشێوەیەکی سادەو ساکار ئارەزووی من ئەوەیە کە گەنجان لەکاتی هەستکردنیان بەتەنیایی , ڕوو لە کتێبەکانم بکەن . ئەم جۆرە بە یەکگەیشتنە کەسایەتییە ناڕاستەوخۆیە و بەردەوام بوون لەسەری , ئەوە لای من بایەخدارە , شیعر بەلای منەوە جەنگە لەدژی زەمەن و کەوتن .

منیش بەتەنیا لە شوققەکەی خۆمدا لەم جەنگەدام . ئا بەمجۆرە دڵنیایی خۆم وەدەست دێنم , ئینجا ئەگەر قازانج بکەم یان زەرەر . لەسەردەمی ماددی –

شدا زیاتر بایەخ بە چەندایەتی دەدریٚ نەك بە جۆرایەتی . من شیعر وادەبینم کە تاکە شتیٚکە دەتوانیٚ سەلامەتی گیانی مرۆڤایەتی بپاریٚزیٚ .

* لەبارەی وەرگیٚڕانەوە چی دەڵیٚی ؟

– شیعر هەرچەندی باش بیٚت , وەرگیٚڕانەکەی زەحمەتتر دەبیٚت , بەڵاَم شیعری ئاست ناوەنجی , لە وەرگیٚڕاندا بۆ زمانیٚکی دی , ئاسانترە , کەچی شیعری خراپ , ڕەنگە بە وەرگیٚڕان چاکتر بیٚت !

وەرگیٚڕی سەرکەوتوو , دەبیٚ خۆی شاعیریٚکی چاك بیٚت . لەگەڵ ئەوانەش هەموویدا , مەسەلەکە زیاتر بەندە بە شانس و بەختەوە , ئەگەر لەسەرەتاوە سەرکەوتنی بە نسیب بوو .

* ئەدی سەبارەت بەوانەی کە پیٚیانەوە سەرسامیت ؟

– بەپلەی یەکەم هۆڵدرلین , هەروەها سولوموس – ی یۆنانی . لەنیٚو بەریتانیاییەکانیش , ولیەم بلیك بە ڕوئیا شیعرییەکەی و دیلان تۆماس و ئیلیەت و شیلی . لەنیٚو فەڕەنسییەکانیش , ڕامبۆ و مالارمیٚ .

هەروەها شاعیری یۆنانی جۆرج سیفرس بایەخیٚکی تایبەتی لەلای من هەیە , چونکە هاوڕیٚ و مامۆستام بووە , ئەمەش ئەوە ناگەیەنیٚ کە من وەك نموونەیەك وەرم گرتووە .

{ سەرچاوە : گۆڤاری (الف باء) ژمارە (582) , 1979/10/21 }

تێبینی : کاتی خۆی لە دۆسیەی تیراژ لە گۆڤاری ڕامان ، هەر بەناوی (ڕامان) بڵاوکراوەتەوە .

## نووسەرێك و عیرفانی ڕۆژهەلآت (جاناثان کرۆلّ) لە دیمانەیەکدا

ڕۆماننووسی ئەمریکایی جاناثان کرۆلّ لەساڵی 1942 لە نیویۆرك لەدایك بووە . (سیدنی کرۆلّ) ی باوکی , فیلمنامەنووس بوو , دایکی گۆرانیبێژی دەنگخۆشی برادوای بوو . پیشەکەی دایك و باوکی , ناچاریان کردبوو , کە هەر لە سەرەتای ژیانی لاوێتییەوە سەردانی گەرمیان و کوێستانەکانی کەناری ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوای ئەمریکا بکات .

لە سەروبەندی کوژرانی یەکێك لە هاوڕێیەکانی بە گوللەی پۆلیس , ئیدی کەوتە ناو هەرای شەڕو شۆڕەوە , ئەمەش لەسەردەمێك بوو , کە بیایانی ناتور (جی . دی سالینجەر) دەنگ و هەرایەکی زۆری نابووەوە .

لەساڵی 1971 دا جاناثان ماجستێری لە زانکۆی ڤێرجینیا وەرگرت , ئارەزووی وەلای وانە وتنەوەی زمان لە دەرەوەی وڵاتەکەی , ئەوی بەرەو قوتابخانەی نێو دەوڵەتی ئەمریکایی لە ڤیەننا بەکێش کرد , ئەگەرچی بۆ وانە وتنەوە , ئەویان بۆ تاران و بەیرووتیش بانگهێشت کردبوو.

یەکەمین چیرۆکی خۆی لە سەردەمێکدا نووسی کە قۆناغی بەر لە چوونە زانکۆ بوو , چیرۆکەکەشی باسی لە ژیانی پیرەژنێك دەکرد کە لە نیویۆرك بە تەنیا دەژیا و لەبەر دڵتەنگی و نائومێدی , بۆ هاودەمی و ئاوەدانی , سەگێك دەکاتە هاوڕێی خۆی , بەلآم لەکۆتایی چیرۆکەکەدا سەگەکە دەکوژێ ! .

لەمیانەی کۆمەڵە چیرۆکەکانیدا , دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین : دوای بێدەنگی , ئێسکەکانی مانگ , زارۆکێك لە بەرزایی ئاسماندا , ماچکردنی شانەی مێش هەنگوین , دەستی تاریك , سەرزەمینی بزە , خەوتووی ناو بلێسە و چەندان کورتە چیرۆکی دیکە .

زۆربەی چیرۆکەکانی کرۆلێ لەلایەن خوێنەران و ڕەخنەگرانەوە پێشوازییان لێ کراوە .

* لەنێو چیرۆکەکانتدا دەردەکەوێت کەوا حەز دەکەیت , چیرۆك لەناو چیرۆکدا بگێڕێتەوە , ئایا ئەم حاڵەتە بەخواستی خۆتە , یان لەخۆیەوە دروست دەبێت ؟

– پێشەکی دەمەوێ بڵێم من لەو نووسەرانەم , کەوا لەکاتی دەست پێکردنی نووسین , ڕستە دەنووسم پاشان درێژەی پێدەدەم , زۆر لە هاوڕێیانم هەن بەر لەدەست پێکردنی نووسین , بیریان لە هەموو شتێك کردووەتەوە , من بەم جۆرە نیم , دەست بەهەر کارێك بکەم , چیرۆك دێتە مێشکم و درێژەی پێ دەدەم . هەندێ جاران لەنێو یادگارییە نووسراوەکانم هەڵدەبژێرم .

* ئایا هەمیشە دەفتەری نووسینەوەی یادەوەری لەگەڵ خۆتان هەڵدەگرن ؟

– بەڵێ , هەمیشە دەفتەرێکی بچووکم پێیە , هەر ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش , یان حاڵەتێکی سەرسامکار ببینم , تۆماری دەکەم , پاشان بەسەر ئەو یادەوەرییانەدا دەچمەوە , ئەوەی بە پێویستی بزانم لێی هەڵدەبژێرم .

* ئەو ڕووداوانەی کە دەیانبینی و لەناو دەقی چیرۆکەکانتدا بەکاریان دەهێنی ، ئایا تا ئێستا وا ڕێ کەوتووە کە کارەکانتان دووبارە بوونەوەیان بەخۆوە بینیبێت ؟

– وای بۆ دەچم کە ئادەمیزاد چەندە بە تەمەندا بچێت و گەورەتر بێت ، ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ فەلسەفەدا دەگۆڕێت . بۆ نموونە چیرۆکی (زارۆکێك لە بەرزایی ئاسماندا) دوای چەند جارێك خوێندنەوەی (فاوست) ی (گۆتە) نووسیومە ، کەوا پرسیارێکی زۆر دێنێتە پێشەوە ، وەك : ئایا هونەر زیندوو دەبێت ؟ ئایا ئێمە ڕێمان پێدراوە گیانی خۆمان بفرۆشین؟ هەندێ جاران میانەیەك لەنێوان ئەو بەرهەمانەمدا دەبینمەوە کە نووسیومن . وا هەست دەکەم بەرهەمی خۆم نین ، هەندێ جاریش وای بۆ دەچم ، زۆر لەمن دوورتر گەشت دەکەن !.

* ئایا بیروباوەڕەکانی خۆتان دەئاخننە نێو ڕۆمان و چیرۆکەکانتان ؟

– وا بزانم هەموو کەسێك ئەنگیزەی تایبەت بەخۆی هەیە ، من هەمیشە لەبیری داهێناندا بووم ، ئینجا ئەو داهێنانە هونەری بووبێت ، یان مرۆڤانە بووبێت . وێنەی باوك کە دووبارە دەبێتەوە ، یاخود سێیانەی عیشقی هەمیشە بوونی هەیە ، بەڵام گۆڕانی بەسەردا دێت .

* باشە گۆڕان ، مەگەر نیشانەی بوون نییە ؟

– ڕوونتری بکەوە ؟

* وا دەردەکەویٚ جەنابت زەمینەیەکی پێشینەت لە تێکەڵاوی ئاینزا جۆراوجۆرەکاندا هەیە , وانییە؟
– بۆ وانییە باوکم جوولەکەیەو دایکم مەسیحییە , ڕەنگە جێی رامان بێت , کە بزانی یەکێك لە برایەکانیشم سوفییەو یەکێکیان جوولەکەی ئەرتدۆکسییەو ئەوی دیکەیان مەسیحییە ! بووە بەچێشتی مجێور , وانییە ؟ باشە ئەدی دەزانی بەخۆشم ڕووم لەجۆرە عیرفانێکی ڕۆژهەڵاتی کردووە؟!

* تا ئەو شوێنەی کە چیرۆکەکانی جەنابتم خوێندووەتەوە , کەمتر کۆتاییەکی خۆشیان هەیە ؟ زۆربەی چیرۆکەکانتان کۆتاییەکی خەمبار و هەندیٚ جار کراوەیان هەیە , ئایا بیر لەوە ناکەیتەوە کە کۆتاییەکانی چیرۆکەکانت خۆشی بێت و بەو جۆرەی کە بازاڕ بەسەرنووسەریدا دەسەپێنیٚ؟
– من هەمیشە لەبارەی کۆتایی چیرۆکەکانمەوە , لەگەڵ بازاڕدا کێشەم هەبووە , من بە ئەنقەست کۆتایی خۆشی , یان خەمناك بۆ چیرۆکەکانم هەڵنابـژێرم , تەنیا ئەوەندە بەسە کە خواستەکانی چیرۆکەکە بخوازێت .

هەڵبەتە ئێستا پەیوەندیم باشە , ئەوان من دەناسن و کتێبەکانم دەکڕن , هەروەها ئەوانەش لە حاڵەتێکدا کە پێشتر هیچ کەس بەدوای کتێبەکانمدا نەدەچوون . هەرکاتیٚ قسە لەگەڵ بڵاوکەرەوەکان دەکەم , سەبارەت بە جۆری کارم قسەم لەگەڵ دەکەن! منیش دەڵێم لەسەر ڕەفەکانی کتێبخانەیان دانیٚ , خۆیان کڕیار بۆ خۆیان پەیدا دەکەن .

* باشه بەم حسێبە بێ , جەنابتان تەنیا بۆ خۆتان دەنووسن , نەك بۆ کەسانی دیکە بیخوێنێننەوە؟

– تەماشاکە , ئادەمیزاد لەبارەی شتێکەوە دەنووسێت کە دەیورووژێنێ , هەندێك لە هاوڕێ چیرۆکنووسەکانم , ئەو چیرۆکانە دەنووسن کە خۆیان حەزیان لێیە ! ئیشیان بە بازاڕ نییە . پەندێکی ڕۆژهەلاٌتیش هەیە , کە دەلٌێ : (ئەوەی لەدلٌەوە دەردەچێت , بێ ئەم لا و ئەولا لەدلٌەوە دەنیشێت) .

* ڕەنگە ئەوەت بیستبێت کە دەلٌێن بۆ ئەوەی ببیە نووسەرێکی باش , پێویستە لە ژیانی خۆتانەوە دەست بە نووسین بکەیت ؟

– تا ڕادەیەك قبولٌمە , زۆربەی کەسایەتی چیرۆکەکان , ژیانێکیان هەیە لە دەرەوەی چیرۆکەکەوەیە , لە هەندێك لە چیرۆکەکانمدا , شوێن پێی کەسانی واقیعی دەبینرێ .

* ئایا بەلای تۆوە قەبارەی بابەت گرنگترە , یان چۆنیەتی کارەکە ؟

– زۆر کتێبی عیشقبازی ئاست نزم لەنێو سوپەرمارکێتەکانی ئەمریکا دەفرۆشن , یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە کتێبانە قەبارەیان لە (600) لاپەڕە زیاترە , زۆر بە خراپی نووسراون و کەمتەرخەمی و بێ سەروبەریان زۆر پێوە دیارە . هەتا هەندێ جار سەرپەرشتی چاپکردنەکەش بە خراپی کراوە و حسێبێك بۆ لایەنی زمانەوانی و هەلٌەچنی نەکراوە .

* ماوەیەکە جەنابتان ئەمریکاتان بەجێ هێشتووە و رووتان لە نەمسا کردووە , چ لایەنێکی ژیانی ئەمریکایی بێزاری کردوون و لە لاتان پەسند نەبووە ؟ چ شتێکی نەمسا سەرنجی ڕاکێشاون ؟

– من لەبەر ئیشی خۆم بۆ نەمسا هاتووم , مامۆستای قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا بووم , بڕیار بوو بۆ تاران و بەیرووت بچم , بەلاّم ڕێك نەکەوت . یەکێك لە خەوشەکانی ناوبانگ ئەوەیە , کە هەموو کەسێك چاوەڕێی شتت لێ دەکەن , هەتا ئەو کەسانەی ئاشنایەتی و ناسیاویشت لەگەڵیاندا نییە , بۆیە پیاو ناچار دەبێت کەمێك خۆی بدزێتەوە . ماوەیەك بوو وازم لەوانە وتنەوە هێنابوو , بەلاّم چونکە وام هەست دەکرد , کەوا حاڵەتەکەم لەناو کۆمەڵدا جۆرە دوورە پەرێزییەکی بەخۆوە گرتووە و هەڵسوکەوتم تا ڕادەیەك دژە کۆمەڵگایی پەیدا کردووە , بۆیە بڕیارم دا دەست بەوانە وتنەوە بکەمەوە .

وەختێ لەگەڵ مێشکە زیندووەکانی گەنجان ڕووبەڕوو دەبمەوە , هەستی داهێنانم چرۆ دەکات . ئەو شتەی کە لە ئەمریکا لەدڵی داوم , هەرمێن دانە بەڕواڵەت بینی , یان شت گەورە کردن زێتر لە قەبارەی خۆی و پفدانی شتی بێ ناوەڕۆك . بۆ تەماشای فیلمێك دەچی , یەك دنیا پیسی و بۆگەنی دەخەنە بەردەمی پیاو ... هەواڵەکانی تەلەفزیۆن بە هەمان شێوە , هەمووی هەر ئەمریکین , ئەو شتانە بەرەو شێت بوونم دەبەن ! مێژوو و تێڕوانینە قووڵەکانی نەمساییم لا پەسندە , ئەگەرچی نەمساییەکانیش زۆر فیرعەونانەن , ببەخشە مەبەستم هەموو نەمساییەکان نییە , بەڵکو زیاتر ڤیەننایییەکانە .

* چۆن ئەم قسەیە دەکەیت ؟
– ئایا دەزانیت ئەوانە ئەسڵەن دڵگیرنین , وشك و ئیدارین , کاتێ لەمن دەپرسن , باشە ئەدی بۆچی بەجێیان ناهێڵی و بڕۆی ؟ منیش هەمان ئەو قسەیە دووبارە دەکەمەوە , کەوا سویدییەکان دەیڵێن : (چۆن دەبێت وڵاتێك بەم جوانییەوە , هی ئەم جۆرە خەڵکە کێوییە بێت !؟) من لە ڤیەننا دەژیم ! ئەو هێمنی و ئارامییەی گەرەکمە , لێرەدا دەست دەکەوێ , چێژ و خۆشی تەنیاییت لێ ناشێوێنن , هەتا ئەگەر بەناوبانگیش بێت , بە پێچەوانەی لۆس ئەنجلۆس .

* لە شوێنێکدا خوێندوومەتەوە کە هەتا ئامادەنەبووی وێنەت لەسەر بەرگی کتێبێکیشت چاپ بکرێت گۆشەگیر بووی , باشە ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە : بۆچی دەنووسیت ؟ مەگەر ناتەوێت بخرێیتە بەرچاوو بەرهەمەکانت بخوێندرێنەوە ؟ یان مەبەستێکی دیکەت لە نووسیندا هەیە (پارە , رازیکردنی خواستەکانی ناخ ,...شتی دیکە ...؟) .
– هۆی گۆشەگیرییەکەم ئەوەیە , کەوا لەناو دەقی ڕۆشنبیرییەك سەرم هەڵداوە کە زۆربەی خەڵکی دەیانەوێ لەسەر ڕووپەڕی گۆڤارەکان (خەڵکی پەسندیان بکەن) بێ ئەوەی کارێکیان کردبێت . تۆ پێویستە جیاوازی لەنێوان ناوبانگی و توانایی بکەیت ! ڕەنگە (مادۆنا) ئەمڕۆ یەکێك بێت لە کەسانی بەناوبانگی جیهان , کەچی هاوکات بێ تواناترین کەسیشە , بەڵام تا ئەو ڕادەیە هۆشیار و

بەئاگایە , کە خۆی بگەیەنێتە سەر بەرگ و ڕووپەڕی هەموو گۆڤار و کتێبێك . بە تەواوی وەکو چیرۆکی (پۆشاکی تازەی ئیمپراتۆر) ی هانس کریستیەن ئەندرسن — ە , ئەمەشیان ماوەیەك و پاشان لەبیر دەکرێن , زوو , یان درەنگ . خەڵکی لێیان بێزار دەبن .

* بیروڕاتان لەبارەی وەرگێڕانەوە چییە ؟ ئایا لە وەرگێڕانی بابەتەکانتان ڕازین؟

— وەرگێڕان پردی پێکەوە بەستنەوەی کولتوورەکانە , ئەگەر وەرگێڕان نەبووایە , نەماندەتوانی ئەو هەموو بەرهەمە باشانە بخوێنینەوە .

* بەڵام لەنێو یەکێك لە چیرۆکەکانتدا , پاڵەوانی چیرۆکەکە دەڵێ : قێزم لە وەرگێڕان دەبێتەوە سەرودڵم بە ئەدەبیاتی وەرگێڕدراو تێك دەچێت ! ؟

— بەر لە هەموو شتێك , چیرۆك هەیە , من زۆر چیرۆکی پڕ لە مەترسیم نووسیوە , ئەگەرچی لەکاتی وەرگێڕاندا بۆ زمانانی دیکە , هەڵەی زۆر زەق و خراپیان تێ کەوتووە , بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا , ئەگەر وەرگێڕان نەبووایە , ئایا دەمانتوانی بەرهەمەکانی کازانتزاکی و سەفریس بخوێنینەوە , هەڵبەتە بەرهەمەکانی من بۆ وەرگێڕان زەحمەتن , زۆربەی یادەوەرییەکان باکگراوەندی تایبەتی کولتووری خۆیان هەیە و وشەکانی بە چەمك و دەلالەتی شاراوە پەردەپۆش کراون , بۆ نموونە لە یەکێك لە چیرۆکەکانمدا باکگراوندێك هەیە کە تایبەتە بە (شەقامی توتن) کە پەیوەستە بە ڕۆمانەکانی کرێکاری سەردەمی

سالآنی دەیـەی سـییەکان . ڕەنگـە خـەڵکێکی زۆر ئاشـنایەتی و زانیارییـان لـەم بارەیەوە نەبێت , بە تایبەتی لەمەڕ ئەو ڕۆژگارەوە .

* نـابێ جیـاوازیی کولتـووریش لـەبیر بکرێـت و پشـتگوێ بخرێـت , نیـوەی ئـەو ئامرازانەی کە کارەکانی تۆ دەوڵەمەندتر دەکەن , زەمینـە و پانتـایی کولتـووری بەشێوەیەکی تایبەتی ئەمریکاییە . بۆ نموونە خوێندنەوەو دەرککردنی (زارۆکێك لە بەرزایی ئاسمانەوە) بەبێ تۆمارکردنی تێبینـی و یادداشـت نووسـینی وەرگێـڕ لە میانەی هەر دەروویەکدا کە نزیکـەیی (200) جـار نووسـراوە , زۆر قـورس و زەحمەت دێتە بەرچاو ! ئایا بەنیاز نیت کەمێك خاوو ڕوونتری بکەیتەوە و زیـاتر سوود لە ڕەگەزە بەردەستەکان وەربگرێت ؟

– تەماشـاکە , گـەورەترین وەرگێـڕی ئیسـپانیوڵی (سـەد سـاڵ دوورپـەرێزی) مـارکیزی بـۆ زمـانی ئینگلیـزی وەرگێـڕاوە , مـارکیز خۆیشـی زمـانی ئینگلیـزی دەزانێت , بۆیە کاتێ وەرگێڕانەکەی بەسەر کردووەتـەوە و بـەراوردی کـردووە , وتوویەتی : (تۆ کتێبەکەی منت باشتر کـردووە !) بـە بۆچـوونی مـن , وەرگێـڕی چاك , دەرۆسـتی ئـەم جـۆرە کارانـە دێـت . (گریگـۆری ڕاباسـا) ش لـەم جـۆرە وەرگێڕانانەیە .

* ئومێدەوارم بەرهەمی باشتر پێشکەش بکـەی و وەرگێـڕی چـاکیش پـەیدابن و ئەو بەرهەمانەت بەباشی وەربگێڕن .

– سوپاس .

{سەرچاوە : گۆڤاری (گلستانە) ساڵی دووەم , ژمارە (19) مانگی مرداد/ 1379 , وەرگێڕانی بۆ فارسی (أسد الله امرایی) .}

## هاڕۆڵد نیکلسن:

## ژیان بەبێ شیعر مومکین نییە

بەبۆنەی کەوتنە نێو تەمەنی (75) ساڵەی هاڕۆڵد نیکلسن – ی شاعیر , کەنت هەریس پەیامنێری هەفتەنامەی ئۆبزێرڤەر ئەو دیمانەیەی لەگەڵ شاعیر سازداوە :

هاڕۆڵد نیکلسن بە درێژایی تەمەنی , ماوەی چل ساڵ خەریکی نووسینی مێژوویی و فەلسەفی و ئەدەبی بوو . لەساڵی (1921) دا کتێبێکی دڵگیری لەبارەی ڤێرلین – ی شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی بڵاوکردەوە .
لەساڵی (1929) دا وازی لە سیاسەت هێنا و خۆی بە چالاکی ئەدەبی و فەلسەفی خەریك کرد . دوا کتێبی ئەو کاتیشی (چەرخی لۆژیك) بوو , بڵاوی کردەوە .
ئەمەش پوختەیەکی ئەو دیمانەیەیە کە پەیوەستە بە ئەدەب و لەکاتی خۆیدا هەفتەنامەی ئۆبزێرڤەر لە یەکێك لە ژمارەکانی خۆیدا بە بۆنەی ئەوەی کە نیکلسن پێی نابووە تەمەنی حەفتا ساڵی , بەدرێژی لەگەڵیدا سازی دابوو :

* لەنێو هونەرە جیاجیاکاندا بە بۆچوونی تۆ کامەیان بۆ کولتووری مرۆڤایەتی زەروورییە ؟
– شیعر .

* لەبەرچی ؟

– چونکە شیعر هەست قووڵتر دەکات . ئەو ڕێگایانەی کە بەرەو قووڵترین دنیای هەستەوەری مرۆڤایەتی ڕێنماییمان دەکەن , لەڕێی شاعیرانەوە ڕاستەڕێ کراون , شاعیران فێری ئەوەمان دەکەن کە چۆن هەست بە شتە گەورەکان بکەین . بەم جۆرە ئەوەی کە شیللی شاعیر وتوویەتی , بەتەواوی ڕاستە کە دەڵێ : (شاعیران یاسا دانەرانی غەیرە ڕەسمی جیهانن) ئەوان بیر و بڕواکانمان بەدەربڕینە لەبیر نەکراوەکانی خۆیان بەیان دەکەن و بالآیی بەگیانی ئێمە دەبەخشن و بەرەو دنیای بەکێش و دڵڕفێنمان دەبەن , ئەمەش بەتایبەتی لەو کاتەدا کە شیعرەکانیان تا ڕادەیەك لەگەڵ تەمومژ ئاوێتە دەکەن , ژیان بەبێ شیعر مومکین نییە , چیرۆکنووسان هاوکاریمان ناکەن بۆ قووڵکردنەوەی هەستەکانمان و بەرفراوانکردنی بازنەی هەست و سۆزمان , بەڵکو تەنیا گۆڕەپانی ئاگاداری و دڵبینیمان بەرفراوان دەکەن .

ڤیرجینیاوۆلف شتی ئەوتۆی فێرکردووم , ئەگەر ئەو نەبووایە , فێربوونیان بۆ من مومکین نەبوو . ئەو مەیدانی دڵبینی منی بەرفراوانتر کرد .

ئەرکی چیرۆکنووس بەرفراوانکردنی گۆڕەپانی هەستی مرۆڤایەتییە , بەڵام ئامانجی شاعیر قووڵکردنەوەی هەستەکانە .

* ئەگەر تۆ مرۆڤێکی داهێنەر بووای , چ ڕشتەیەکی هونەریت هەڵدەبژارد ؟

– شاعیرێتیم هەڵدەبژارد , هەموو کەس شاعیرێتی بەلاوە پەسندترە بە بەراورد لەگەڵ هونەری دیدا.

* ئەگەر نەتتوانیبا ببی بە شاعیر , حەزت دەکرد ببی بەچی ؟
– حەزم دەکرد ببم بە ڤۆڵتێر .

* لەبەرچی ؟
– چونکە ئەو هەویرێکی سەیری دنیای گاڵتە و سۆز و بەزەیی بوو !
* چێژ لە شیعری نوێ وەردەگریت ؟
– تی . ئێس . ئیلیەت شاعیرە , ئۆدن شاعیرە , ئۆدن شاعیرە . چێژ لە هەندێك لە شیعرەكانی ستیڤن سپندەر وەردەگرم بەتایبەتی شیعرە سەرەتاییەكانیم زۆر پێخۆشە , بەلاَم بەدەر لە چەند مەسەلەیەك , بەڕای من شیعر لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا لە ڕاستەڕێی خۆی لای داوە و هێشتا هەر ئەم ڕێیە چەوتە دەبڕێ , ئەمەش لەوەوە هات كە شاعیران هەوڵیان دا سەرچاوەیەكی نوێی سرووش و ئیلهام و زمانێكی تازە بۆ شیعر بدۆزنەوە , لەجیاتی ئەوەش , زمانێكیان دۆزییەوە كە جیاواز بوو لەگەڵ ئەوەی كە لەناخی ئێمەی ئادەمیزاد دا هەیە , بۆیە شیعری نوێ چووە بۆتەی خۆپەسەندی و خۆبەزلزانی , بەمەش بوو بە وەسیلەیەكی تایبەتی كە تەنیا گرووپێكی دیاریكراو و بەژمارەكەم لێی بە ئاگان و تێی دەگەن .
سەرچاوە :

{ كتاب هفته , شماره (9) ص 176 . }

تێبینــی : کــاتی خــۆی لــە گۆڤــاری ڕامــان لــە دۆســیەی تــیراژ بــەناوی (ڕامــان) بڵاوکراوەتەوە .

## ئیندیرا کریشنان لە گفتوگۆیەکدا

## عیشق , منداڵ , خەیاڵ , فانتازیا

خــاتوو ئینــدیرا کریشــنان نووســەری کتێبــی منــداڵان لەســاڵی (1943 ز) لــە ویلایەتی نادوی هیندستاندا لــەدایك بــووە . بڕوانامــەی بەکالۆریۆســی لــە زانســتە پەروەردەییەکاندا هەیە , هەروەها لە کۆمەڵناسیشدا دبلۆمی باڵای هەیە . لەپاڵ کاری مانۆستایەتیدا , بۆ منداڵانیشــی دەنووســی , بــەڵام ئێســتاکە تــەنیا خــووی داوەتە نووسین و بوارەکانی منداڵان . تاکو ئێستا پێنج کتێبی بڵاوکردووەتەوە و دەیان وتار و کورتە چیرۆکی بۆ گۆڤار و نامیلکە تایبەتییەکانی منداڵان نووسیوە و سێ خەڵاتی نەتەوەیی وەرگرتووە .

لەگەشتێکی خێزانیدا لەگەڵ پیاوەکەی بۆ ئێــران , گۆڤــاری (تــەکاپو) میوانــداری کرد , بۆ ئاگاداری و زانیاری پتر لە بارەی ڕۆشنبیری و ئــەدەبی منداڵانــەوە ئــەم گفتوگۆیەیان لەگەڵیدا ساز کرد .

* ئایا نووسەرانی تایبەت بە ئەدەبیاتی منداڵان لە هیندستاندا هەیە ؟

– ژمارەی ئەو نووسەرانەی کــە بــۆ منــداڵان دەنووســن , ژمارەیــان لــە پــەنجــەی دەست تێپەڕ ناکات ! ئەو کرێ و هەقدەستەی کــە بڵاوکــراوە تایبەتییــەکان یــان حکوومــەتیش پێشــکەش بــەو نووســەرانەی دەکــەن , ئەوەنــدە نییــە کــە ژیــانی

نووسەرەکان دابین بکات , بۆیە زۆربـەی نووسـەران وەك کـاری دووەم ئـەنجامی دەدەن .

* بەبڕوای تۆ ئەو گرفتانە چین کە دێنە ڕێی نووسەری منداڵان ؟

– لە وەلامی پرسیاری پێشوودا ئامـاژەم بـەوە کـرد کـە یـەکێك لـە گرفتـەکان , مەسەلەی ئابوورییـە . نووسـەری ئـەدەبی منـداڵان , دەبـێ بـۆ ناسـاندنی خـۆی لەشەڕدابێت ! بڵاوکراوەکان , چاپکردنی کتێبـەکانی قوتابخانـە یـان کتێبـەکانی تایبەت بە گەورە و تەمەندارەکان بـە باشـتر دەزانـن کـە هـەقی چـاپکردنەکەیان کـەمترە و بـەزۆری $10\%$ ی ئـەو نرخەیـە کـە لەسـەر بەرگەکـەی دەنووسـرێت , ئەویش ئەگەر بڵاوکەرەوەکە بە ویژدان بێت و ئەم بڕە پارەیـە بـدات ! هـەروەها بڵاوکردنەوەی کتێبەکەش باش بێت تا بفرۆشرێت , کە زۆر جاران بەم جۆرە نییە .

ئەمرۆکـە منـداڵان چـەندان سـەعات لـە بەرامبـەر شاشـەی تەلـەفزیۆن و ڤیـدیۆ دادەنیشـن و شـوێنەواری تێکدەرانـەی ئـەم حاڵەتـەش ڕۆژ بـەڕۆژ زیـاتر ئاشـکرا دەبێت . بە ئاگایی دایك و باوك و مامۆستا و بەرپرسانی دیکەش لـەم کارەسـاتە ڕووخێنەرە , وای کردووە کە هەوڵ بدەن شەوق و ئارەزووی خوێندنەوە لەلایـەن منداڵانــەوە دووبــارە زینــدوو بکەنــەوە کــە خەریکــە بــەرەو هەڵــدێر دەچـێت ! زێـدەبوونی ئـەم بـە ئاگاییـە پلـە و پایـەی نووسـەران باشـتر دەکـات . بـۆ ئـەو منداڵانەی کە بەسەر زمانی ئینگلیزیدا زاڵـن و دەسـەڵاتیان بەسـەریدا دەشـکێ , سەرچاوەی بیانی بەشێوەیەکی بەرفراوان هەیە , لە ئەنجامـدا ئـەو نووسـەرانەی کە بەزمانی هیندی دەنووسن , لە ڕووبەڕوو بوونەوەی پێشوازییەکی زیـاتر دان ,

بلاوکەرەوان زیاتر خۆیان داوەتە چاپکردنی بەرهەمی منداڵان و حکومەتیش ، نووسەرانی ئەدەبی منداڵانی بەڕەسمی ناسیوەو ئاسانکارییان بۆ دەکات لەبواری پێشکەش کردنی کاغەز و توانای چاپ و ... تاد ، بەڵام دیسان هەر هەوڵ دەدەین کە دایك و باوکان تێ بگەیەنین کە ئەگەر سەدان ڕوپیە لە خواردن و پۆشاك و کەرستەی یاریکردنی منداڵان خەرج دەکەن ، پێویستە هەندێکیشی لە بواری خوێندنەوە و موتالاکردنی منداڵان خەرج بکەن .

* کتێبەکانی منداڵان لە هیندستاندا ، چ جۆرە ناواخنێك بەخۆوە دەگرن ؟

– بۆ ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان کەمە ، کتێبەکان وێنەدارن و نووسینەکانیش قەبارەیان کەمە . هەروەها کتێبی بەبێ دەقیش هەیە ! وێنەکان بەشێوەیەك دادەڕێژرێن کە منداڵ خۆی بتوانێت چیرۆکەکە بدۆزێتەوە .

ئەم جۆرە کتێبانە هەم بۆ فێرکارین و هەم خەیاڵکردنی منداڵ پەروەردە دەکەن ، سەیرە کە لێرەدا ئەوەیە هەندێ جار منداڵان چەند لێکدانەوەیەکی جیاجیایان بۆ چیرۆکێك هەیە . لەنێو ئەدەبیاتی منداڵاندا نابێت هەموو شتێك بوترێت . منداڵان بە گشتی هێزێکی خەیاڵکردنی بە تینیان هەیە .

دەبێ نووسەر چیرۆکەکان بەشێوەیەك ڕایی بکات کە شوێنێك بۆ بیرکردنەوەی منداڵ بمێنێتەوە ، بەڵام لە هەموو چیرۆکەکاندا دەبێ کۆتاییەکەیان بە خۆشی تەواو بێت و گرفتەکان بەشێوەیەکی ئاسایی چارەسەر بکرێن ، لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەمڕۆکە تیۆرییەکی دیکە هەیە کە دەڵێ : ئەگەرچی ڕەنگە منداڵ چێژ لە کۆتایی چیرۆکەکە وەرگرێت ، بۆیە دەکرێ گرفتەکان بەبێ چارەسەری

بمێنینـەوە تـا منـداڵان خۆیـان ڕێگـە چـارەیەکیان بـۆ بدۆزنـەوە , لەوانەیـە لـەم ڕێگەیەوە منداڵ باشتر فێر بێت کە چۆن ڕووبەڕووی ڕووداوەکانی ژیان ببێتەوە .

منداڵان عاشقی فانتازیان , جگە لە چـیرۆکەکانی پـەرییان کـە وەرگێـڕدراون , ئەدەبیاتی هیندی دەوڵەمەندە لە چیرۆکی فانتازیی , چیرۆکی میللی و هەقایـەت و سـەربردە کـە بـەپێی گـۆڕانی ڕۆژگـار , گێڕانـەوەی جـۆراو جۆریـان بـەخۆوە گرتووە . ڕووداو و نهێنییەکان لەلای گەنجان دڵگیرتـرە . لـە هیندسـتاندا ڕۆژ بـە ڕۆژ ژمـارەی خوێنــەری ئـەم جـۆرە نووسـەرانە لـە زیادبووندایـە و نووسـەرانی خەیاڵی زانستی لە هیندسـتاندا دەرکـەوتوون کـە لایەنگیرییـەکی زۆریـان هەیـە . ژیاننامە و چیرۆکی مێژووییش خوێنەری تایبەتی خۆیان هەیە .

* لەکارەکانتدا زیاتر بایەخ بە خەیاڵ دەدەی یان واقیع ؟

– من خۆم زیاتر چـیرۆکی واقیعـی و ژیاننامـەم نووسـیوە , بـۆ نموونـە لەسـاڵی 1990 ز دا کە بە (ساڵی کچۆلان) ناوزەردکرابوو , بڵاوکەرەوەیـەکی حکومـەتی چیرۆکەکانی منی کۆکردبووەوە و لەشێوەی کتێبێکدا چاپی کردبوو کە لـەبارەی گرفتەکانی کچۆلانەوە بوو .

* شوێنی ڕەوشت لەنێو ئەدەبیاتی منداڵاندا چۆن دەبینی ؟

– بە بۆچوونی من , دەبـێ ڕەوشـتکاری لـەنێو دەقـی چـیرۆکدا ڕایـەڵ بکرێـت . کتێب بۆ منداڵ ناتوانرێت بەبێ پـەیام بێـت , بـەڵام منـداڵان خۆیـان حـەز بـە لـە قاڵبدان ناکەن , خەیاڵی ڕەوشتی لەم چیرۆکەدا بەم جۆرەیە ... بـەو پێیـەی کـە ڕەوشتکاری بەشێکی جیا نەکراوەیە لە ئەدەبی منداڵانـدا , دەبـێ بەشـێوەیەکی

لێزانانە لەنێو چیرۆکدا ئامادە بکرێ , کەوا لەمندالْ بکات ناچاری پەیڕەوی کردنی بێت .

* تیراژی کتێب یان گۆڤاری مندالآن لە هیندستاندا چەندە ؟

– وەلآمدانەوەی ئەم پرسیارە زەحمەتە و ناتوانرێ تیراژەکان بە ژمارە بلێین ئەوە چاکە یان ئەوە خراپە , ئەمەش بۆ هاوکاری ئالۆزی بونیادی پێکهاتەی کۆمەلگەی هیندی دەگەڕێتەوە . سەرەکیترین کێشە , زمانە !

ئێستا لە هیندستاندا هەژدە زمانی ڕەسمیمان هەیە ! زمانی هیندی لە چوار هەرێمی گەورەی ولآتەکەدا قسەی پێدەکرێ , لە حالەتێکدا بۆ نموونە زمانی بنەڕەتی من (تامیل) تەنیا لە یەکێك لە هەرێمەکانی باشوور قسەی پێدەکرێ . بەم پێیە چاپی یەکەمی کتێبی من کە بە زمانی تامیل – ە بە تیراژەی (5000) دانەیە , بەلآم تیراژی کتێبە بلآوکراوەکانی سەر بە حکومەت , لەم ژمارانە زیاترن . لەلایەکی دیکەشەوە , هەندێك لەو هەرێمانە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە پێشکەوتوون یان هەندێکیان کەمتر پێشکەوتوون یان لەدواترن ئیدی ئەم جیاوازییەی ئاستی ڕۆشنبیری کاریگەری خۆی دەخاتە سەر تیراژی کتێب .

گۆڤارەکانی مندالآن گشتگیرترن و زانیارییەکان و ئەدەبیات تێیاندا بەو شێوە دەخرێنەڕوو کە مندالآن و لاوان دەیانخوازن و دەیانەوێ . تیراژی گۆڤارەکان بە زمانی ئینگلیزی و هیندی و زمانانی دیکە زۆر ترە , بەلآم لێرەدا تیراژیش لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە جیاوازی هەیە . هەرێمەکانی مهاراشترا , بەنگال

, كارناداكا , ئوتار پرداش و تاميل نادو لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە پێشکەوتووترن و پێویستیان بە کتێب و گۆڤاری زێتر هەیە .

* ئایا هیچ مەڵبەندێك وەكو مەڵبەندی پەروەردەیی فیكری منداڵان و لاوان یان ئەنجومەنی كتێبی منداڵان لە هیندستاندا چالاكییان هەیە ؟

– بەڵێ ئەم جۆرە مەڵبەندانە لە هەرێمە جیاجیاكانی هیندستاندا هەن , بەلام بەهۆی جیاوازیی زمانی هەرێمەكان , رادە و ڕێژەی چالاكییەكانیان جیاوازن . (یەكێتی نووسەران و نەخشەسازانی كتێبی منداڵان – AWIC) یەكێكە لەو مەڵبەندانەی كە بارەگاكەی لە نیودەلهی – یەو زیاتر لە (400) ئەندامی لە سەرانسەری هیندستاندا هەیە . هەروەها لقێكی نێو نەتەوەییشی هەیە كە لەبواری كتێبی منداڵان و لاواندا چالاكی دەنوێنێت , بۆ پێنج ساڵ دەچێت , من ئەندامی جێبەجێكاری ئەو مەڵبەندەم . بۆیە من لە نزیكەوە ئاگادارم كە چۆن لە پێناوی گەشەدان بە تواناكان , وەكو پردێكی نێوان نووسەران , نەخشەسازان , بڵاوكاران , سەرپەرشتیكارانی چاپ و خوێنەران , كار دەكات .

وێڕای كۆبوونەوەی مانگانە , هەموو ساڵێك بەرنامەیەك بۆ كارەكانی خۆی پیادە دەكات بۆ هاندان و لێكۆڵینەوە لەپێناوی باشتر كردن و دروستتركردنی ئەدەبییاتی منداڵان و لاوان . هەڵبەتە ئەگەرچی ئەم یەكێتییە ناتوانێت لە ڕووی

داراییـەوە پشـتگیری نووسـەران و نەخشەسـازان بکـات , بـەلاّم هـەموو سـالّێك خەرجی سەفەرکردنی دوو لیژنە دەگرێتە ئەستۆ بۆ بەشـداریکردن لـە پێشـانگای کتێبی منداڵان کە لە پۆلۆنیا ساز دەکرێت .

* لێکۆڵینەوە لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا لە هیندستان , چۆن ئەنجام دەدرێت ؟

– هــەموو ســالّێك لەمیانــەی چــەندین کــۆنفرانس و ســیمیناردا , مەســەلەی پێشکەوتنی ئەدەبییاتی منداڵان لە هیندستان و چۆنیەتیی چارەسەر کردنی ئـەو گرفتانە دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە ڕووبەڕووی نووسـەران . بلاّوکـاران , خوێنــەران و دایــك و باوکــان و کتێــب دانــەرەکان دەبنــەوە . ئەمــەش وەك نیشانەیەکی پێزانینی گشتی بۆ بایەخی ئـەدەبی منـداڵان و کاریگـەری لـە ژیـانی منداڵان و پێکهاتەی کەسایەتییان ڕۆڵی خۆی دەبینێت .

نووســەران و نەخشەســازانی گۆڤــاری (Awic) دوایــین گۆڕانکــاری بــواری ئەدەبییاتی منداڵانی هیند و جیهان بلاّودەکەنـەوە . ئـەم گۆڤـارە مینبەرێکـە بـۆ نووسـەران , نەخشەسـازان , بلاّوکـاران و هـەموو ئـەو کەسـانەی کـە گـیرۆدەی کێشـەی ئـەدەبییاتی منـداڵانن تـا لـەم ڕێگەیـەوە بانگـەوازی خۆیـان بگەیەننـە گوێچکەکان .

هەروەها لەم گۆڤارەدا پێداچوونەوەیەکی ڕاگوزەرانە بۆ کتێبەکانی منداڵان بڵاو دەکرێتەوە . ئەم گۆڤارە بەشداربووی بیانیشی هەیە و لە بواری خۆیدا گۆڤارێکی نموونەییە لە هیندستاندا .

بڵاوکاران , کتێبناسی و ئاگاداریی جۆراوجۆر لەبارەی کتێبی منداڵانەوە بڵاودەکەنەوە . من خۆم ڕووبەڕووی ئامادەکردنی کتێبناسی باشترین کتێبەکانی منداڵانی هیندستان (دەیەی ڕابردوو) کرامەوە .

سەرەنجام لە پێشانگای پۆلۆنیا خرایەڕوو , هەروەها کتێبخانەی نێودەوڵەتی منداڵان و لاوان – ی میۆنیخ بانگهێشتی چەند نووسەرێکی هیندستانیان کردبوو تا لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەدەبیاتی منداڵانەوە ئامادە بکەن . من بۆ ماوەی شەش هەفتە لەمیانەی مانگی (نیسان و , مایسی 1993) بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کرابووم .

پێویستە لەسەرمان موتاڵاو لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبارەی ئەدەبیاتی منداڵانەوە ئەنجام بدەین تا باشتر بتوانین دەرك بەداب و پێداویستی خواستەکانیان بکەین , ئەوکات دەتوانین ببینە خاوەن ئەدەبیاتێکی منداڵانی ڕاست و دروست .

* سینەمای منداڵان لە هیندستاندا لەچ بارودۆخێکدایە ؟

– بە بەراورد لەگەڵ پێشکەوتنی سینەمای بازرگانیی خێزانی و گەورانـدا , سینەمای هونەری و منداڵان ئەوەندە پێشکەوتوو نییە . بەرهەم هێنانی فیلمی منداڵان و لاوان زۆر گرفتی لە ڕێدایە . ئەنجومەنی فیلم بۆ منداڵان و لاوان کە

لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکرێت , بەلایەنی کەمەوە سالأنە بەرهەم هێنانی دوو فیلمی لە ئەستۆدایە . هەروەها یارمەتی ئامادەکارانی کەرتی تایبەت دەدات تا فیلمی بواری ژیانی واقیعی یان فیلمی زیندوو بەرهەم بێنن , ئەم ئەنجومەنە دوو سالٚ جارێك فیستیڤالێك بۆ ماوەی هەفتەیەك ساز دەکات . دوو لیژنەی هەلٚسەنگاندن تەماشای فیلمەکانی منداڵان و گەوران دەکەن و باشترینیان هەلٚدەبژێرن .

ئەم لیژنەیەش پێویستی بە دوو نووسەری منداڵان هەبوو وەك ئەندام لە دەستەی بەڕێوەبەردا . من یەکێك بووم لەو نووسەرانە .

من جەخت لەسەر بایەخی چیرۆك دەکەمەوە بۆ دروست کردنی فیلمێکی باش بۆ منداڵان . بەبۆچوونی من ئەم ئەرکەش مەگەر لەڕێی ئامادەیی نووسەرێکی باشی منداڵان بێت ئەگەر نا ئاسان نابێت .

بەرهەم هێنانی فیلم هەرچەندە لەڕووی هونەرییەوە باشیش بێت , ئەگەر ناوەڕۆکەکەی (چیرۆکەکەی) باش نەبێت لیژنەکە دەستی کردووە بە هەلٚبژاردنی کتێبە باشەکانی منداڵان بۆ ئەوەی فیلمیان لەسەر ئامادە بکات .

* ئامادەیی و بەشداریکردنی منداڵان و لاوان لە ئامادەکردنی فیلمێکدا لە هیندستان لەچ ئاستێکدایە ؟

– پێشتر وای بۆ دەچوون کە فیلمی منداڵان , واتە ئەو فیلمەیە کە دەبێ منداڵان هەموو دەورەکانی تێدا بگێڕن , بەلأم ئەمڕۆکە بۆچوونەکە گۆڕاوە . کاریگەری فیلم وەختێك زیاتر دەبێت کە گەورەکان ببینن و لە قەدەرە خۆشیان رەفتار

بکەن و منداڵانیش ڕۆڵی منداڵان ببینن و ڕەفتاری منداڵانەی خۆیان هەبێت . بەتەواوی وەکو ئەدەبییات . بەهەرحاڵ ڕووداوەکان و شوێنەکان و هێڵی چیرۆك لە سینەمای منداڵاندا لە کەسایەتییەکان گرنگترە .

لە سیمینارێکدا کە لەلایەن لیژنەوە بە ناوونیشانی (چۆن فیلمی باشتر بۆ منداڵان ئامادە بکەین) سازکرابوو , یەکێك بووم لە بەشداربووان , منداڵانی ئەکتەرم بینی کە ئارەزوومەندی خۆیان بۆ ڕۆڵ بینینی زیاتر پیشان دەدا لە ئامادەکردنی فیلمدا , حەزیان دەکرد بە سیفەتی دەرهێنەر , وێنەگری فیلم و هەتا لە دەقنووسین بۆ فیلم بەشداری بکەن . هەڵبەتە ئەمڕۆ لاوان زیاتر لە ئامادەکردنی فیلمدا بەشدارییان هەیە وەك لە ڕۆڵی ئەکتەری . دەبێ ئەوەش بڵێم کە زۆر لە فیلمەکانی منداڵانی سینەمای هیندی , خەڵاتی نێو دەوڵەتییان بەدەست هێناوەو بۆ زمانانی دیکە دۆبلاژ کراون .

* ئەدی شانۆی منداڵان و شانۆگەری بووکۆڵە لە چ ئاستێکدایە لە هیندستان ؟

– شانۆ و شانۆگەری بووکۆڵە لە هیندستاندا هونەرێکی کۆنە , لە ڕابردوودا گرووپی شانۆیی گەڕۆك دەچووە گوندەکان و هەر شەوەی بەرنامەیەکیان پێشکەش دەکرد و ڕووبەڕووی تەماشاکەرانی زۆر دەبوونەوە بەتایبەتی منداڵان . دوایی هێدی هێدی شانۆیی منداڵان جیا بووەوە و گەورەکان شانۆگەری کۆمیدییان بۆ بە پێکەنین هێنانی منداڵان پێشکەش دەکرد . پاشان منداڵانیش ڕۆڵیان تێدا بینی , چیرۆکەکانی ئاژەڵان تێکەڵاو بە مۆسیقا و چەند گێرە

ڕەوەیەکی منداڵ – گەورە کە بەهۆی دەمامك و ماسك ڕۆڵی ئاژەڵیان دەبینی . ئەمانە بەشێکی گرنگن لە شانۆیی منداڵان .

* ئایا کتێبخانەی تایبەت بە منداڵان لە هیندستان هەیە ؟

– کتێبخانەکان لە هیندستان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پێشکەوتنی ئەدەبیاتی منداڵاندا . ئێمە لە هەموو قوتابخانەکاندا کتێبخانەی منداڵانمان هەیە . قوتابییان هەفتانە دەتوانن کتێبێك یان دووان لە کتێبخانە بە ئەمانەت بخوازن و بیبەنە ماڵەوە .

کتێبخانەی قوتابخانەکان بۆ کڕینی کتێب بودجەی ساڵانەیان هەیە . بە زۆری کتێبەکانی خۆیان لە پێشانگای نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی کتێب – ی نیودەلهی دەکڕن . کتێبەکانی کتێبخانەی قوتابخانە حکومییەکان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنەوە ئامادە دەکرێن . لەناوچە دێهاتییەکاندا کتێبخانەی گشتی هەیە و کتێبخانەی گەڕۆکەکانیش کتێب بۆ ئەو ناوچانە دەبەن کە کتێبخانەیان تێدا نییە . هەروەها کتێبخانەی ئەهلیش بۆ منداڵان هەیە . لەوانە دەتوانرێ ئاماژە بە (BC ROY) بکرێت لە نیودەلهی ئەم کتێبخانەیە لەکاتی داخستن و پشووی قوتابخانەکاندا زۆر قەڵەباڵغە هیچ کەسێکی بەتەمەن گەورە مۆڵەتی بە ئەندامبوون یان بە ئەمانەت وەرگرتنی کتێبیان لەو کتێبخانەیەدا نییە .

لێرەدا وەك بیرخستنەوە پێویستە باسێکی کتێبخانەکانی ماڵەوەش بکەم کە پێشنیاری (Awic) یە . ئەندامە خۆبەخشە خزمەتگوزارەکانی لیژنە ,

کتێبخانەی بچووکیان لە ماڵەوەدا هەیە و کتێب بە ئەمانەت دەدەنە منداڵانی گەڕەك . لیژنەکە هەمیشە بەدوای پەیداکردنی کتێبی چاکەوەیە بۆ ئەم کتێبخانەیە . ئیمتیازی ئەم کتێبخانانە وێڕای بەهێزکردنی ئارەزووی کتێب خوێندنەوە , لەنێوان ئەندامان و خاوەن کتێبخانەدا کە عادەتەن نووسەر یان دانەر یان مامۆستایە , ئەوا لە خەمی پتەوکردنی پێوەندییەکانیشە .

عادەتەن منداڵ سەبارەت بەو کتێبەی دەیخوێنێتەوە , کاردانەوە نیشان دەدات , ئەم کاردانەوەیە یارمەتیمان دەدات کە بزانین چ جۆرە کتێبێك زیاتر مایەی بایەخ و پەسەند کردنە . کتێبخانەکانی ماڵەوە , هۆکارێکی باشن کە نووسەران و بڵاوکراوەکان لە ڕێگایەوە بتوانن کتێبی باشتر و دڵگیرتر و سەرنجڕاکێشتر بۆ منداڵان بخەنە ڕوو , بەو سیفەتەی من یەکێکم لە ئەندامانی ئەنجومەنی کتێبخانە , لەم جۆرە گەڵاڵە و نەخشە سازییەدا چالاکانە بەشدارم و حەز دەکەم ئەوەش بیر خەمەوە کە ئەم پلان و نەخشەسازییە , خەڵاتی نێودەوڵەتی بۆ گەشەدان بە ئارەزووی خوێندنەوە لە لایەن ( IBBY ASAHI) ی ژاپۆنی وەرگرتووە .

{سەرچاوە : گۆڤاری (تکاپو) ژمارە (6) ئاذەر ماە – 1372 ی هەتاوی (1993 ز) سازدانی دیمانە : ئیسماعیل سالمی , هایدە عامری , ئیلهام مەهویزانی .}

## ڕۆماننووسی لیبیایی (ابراهیم الفقیە)

## لە دیمانەیەکی خاکەراییدا

ڕۆماننووسی لیبیایی (ئیبراهیم ئەلفەقی) یەکێکە لەو نووسەرە پڕ بەرهەم و خاوەن فیکرانەی لیبیایی کە تاکو ئێستا بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی وەرگێردراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی , ئەو کێشانەی کە ئەم نووسەرە لە ڕۆمانەکانیدا دەیانخاتە ڕوو , گرفتێکن پەیوەستن بە کێشەی گشتی و گەرما و گەرمەکانی مرۆڤ , هەروەها بە دووڕیانی ئەزموونێکدا گوزەر دەکات کە خەڵکی ئاسیا هەمووی پێیدا ڕەت دەبن . ئەم گفتوگۆیە لەلایەن پەیامنێری گۆڤاری (المجلة) وە لەگەڵ نووسەردا بە زمانی عەرەبی سازدراوە .

* لەو ڕۆمانە سێ بەرگییەتدا کە بەم دواییە کراوە بە ئینگلیزی و بلاّوکراونەتەوە ، دەبینین جەنابیشت وەك زۆربەی نووسەرانی دیکەی عەرەب , سەبارەت بە شارستانیەتی ڕۆژئاوا , جۆرە گرێ دەرونییەکت هەیە ؟ لەبەرچی لە چیرۆکەکانتدا تەنیا لاسایی ئەم جۆرە شارستانیەتییەت کردۆتەوە ؟ لە کاتێدا

كە ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین هێما بۆ نموونەی دیکەی وەك شارستانییەتی ژاپۆنی و چینی و ... تاد بکەین ؟

– نەخێر ! سەبارەت بە شارستانییەتی ڕۆژئاوا , من گرێ دەروونیم نییە , بەڵام نووسەرێك یان هونەرمەندێك بەشێوەیەکی ئاسایی چاو دەبڕێتە نموونەی پێشکەوتوو تر و سوود لە نموونەی باڵاتر وەردەگرێ و هەتا ئەگەر ئەم جۆرە نموونانە بوونیشیان نەبێت , ئەوا هەوڵ دەدات بیانهێنێتە ئاراوە , تا لە ڕێگایەوە بتوانێت جۆرە پێوانەیەك لەنێوان هەقیقەتی ژیانی خۆی و ئەم جۆرە نموونانەدا جێگیر بکات کە لە ئەنجامدا بتوانێ (خۆی) بدۆزێتەوە .وەك دەزانین پێوانەکردن یەکێکە لە کۆنترین ڕێگا یان بایەخدارترین شێواز بۆ دەرککردنی (خود) , چونکە هەموو شتێك لەڕێی پێچەوانەکەی دەکرێ بزانرێت . ئەمڕۆکەش شارستانییەتی ڕۆژئاوا لە بەرزترین ترۆپکدا وەستاوە کە ئادەمیزاد لە ڕەوتی دروستکردنی شارستانییەتیدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بەدەستی هێناوە .

بەم جۆرە , لەلایەکەوە لەو بڕوایەدام کە ئەگەر نووسەرێك لەپێناو ناسینی لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکەی خۆی و دەرك نەکردنی فاکتەرەکانی لاوازی و دواکەوتوویی چاو بە شارستانییەتی ڕۆژئاوادا بخشێنێ , ئەوا هیچ نەنگی و کەمی نییە , بەڵام لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە خودی خۆمەوە , دەبێ ئەوە بڵێم کە بەرجەستە کردنی ڕۆژئاوا , هیچ گرێ دەروونییەکی لای من دروست نەکردووە و منیش بەگرێی دەروونییەوە تێی ناڕوانم ! چونکە لە ناخمەوە خۆم بە تاکێکی (عەرەب) دەزانم , چەندین جار لەنێو چیرۆکەکانمدا دانم بەمەدا ناوە , چونکە

پاڵەوان یان کەسایەتییەکانی ناو زۆربەی چیرۆکەکانم ژیانیان پەیوەستە بە شارستانییەتی ئیسلامی و عەرەبی , ئەگەرچی دەشچنە ڕۆژئاوا , ئەوا بە خۆو بە هەموو کولتوور و شارستانییەتی و سروشتە مرۆڤایەتییەکانی خۆمانەوە بۆ ئەویٚ دەچن , بەو ئومێدەی کە لەوێدا ئەزموونەکانی زانستی و ڕۆشنبیری پێویست بەدەست بێنن و بەو هۆیەوە ئەزموونەکانی ژیانی خۆیانی پیٚ دەوڵەمەند بکەن . هیچ یەکێك لەو پاڵەوانانە نکوڵی لە هەقیقەتی مرۆڤایەتی خۆی ناکات و ڕەتی دەکاتەوە و لەنێو کۆمەڵگای ڕۆژئاواش قووت نادرێن.

کەسایەتییەکانی نێو بەرهەمەکانی من دەچنە ڕۆژئاوا تا بەخۆوە بە کۆمەڵێك ئەزموون و زانیاری و بیری زانستی بگەڕێنەوە ولاٚتی خۆیان . ڕاستە لە مەیدانی واقیعەتی جیهانیدا شتێك بەناوی دواکەوتوویی یان گەشەکردن و پێشکەوتن هەیە و هەر یەکەشیان پلە و پایەی خۆیان هەیە . بەلاٚم وەختیٚ کە بەخۆماندا دەچینەوە ، دەبینین هەندێکمان بەرەوپێشەوە هەنگاومان ناوە , هەندێکی دیکەمان بەرەو دواوە ! ئا لێرەدایە کە دەبیٚ بە وردی شوێنی خۆمان لە پلەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی شارستانییەتی جیهانیدا بناسین و بزانین لە خستنە ڕووی بەرهەمی زانستی و ڕۆشنبیری دنیای ئەمڕۆدا چ شوێنێکیان هەیە , بەڵیٚ ئەمە ڕاستە کە ئێمەش ڕۆژگارێك خاوەن شارستانییەتێکی پڕشنگدار بووین , بەلاٚم ڕێم پیٚ بدەن کە دان بەوەشدا بنێم کە ئێمە ئێستا لە حاڵەتێکی خراپی پاشکەوتوویدا دەژین . مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە کەوا ئێمە لەنێو شارستانییەتی ئەمڕۆدا ئامادەییمان نییە ! بەڵیٚ , بەلاٚم ئێمە ئەمڕۆکە تەنیا ساغکەرەوەی (مستهلك) دەستکەوتەکان و بەرهەمەکانی شارستانییەتی

ڕۆژئاواییین , هەر لەم ئاقارەوە دەمانـەوێ لـەڕێك خسـتنەكانی هـەموو تواناكـانی خۆمان , ئەم ناوەندە ترسناكە لە ماوەیەكی زەمەنی زۆر كەمـدا بـەجێ بهـێڵین .
ئیدی دەبێ ئێمە وردبینانە بزانین كە بۆچوونەتە نێو سەدەی بیست و یەكەوە ؟
لە بەرامبەر ڕووبەڕوو بوونەوەی مەسەلەكان لە هەموو بوارە نوێیەكانـدا دەبـێ چ جـۆرە خاسـیەتێكی تایبــەتیمان هــەبێت ، بــەلاَم لــەبارەی بایەخــدانمان بــە شارستانییەتی دیكەوە كە جەنابتان ئاماژەتان پێ كردووە .

من بڕوام بە مكومكردنی پەیوەندییەكانی نێوان كولتووری میللەتانەوە هەیـە و ئەمەش بە پێداویستییەكی ژیاری و ژیانی بۆ هاوكـاری میللـەتان لەگـەڵ یەكدیـدا دەزانم , چــونكە فاكتــەری گەشــەكردن و ســوود وەرگرتنـــی میللـــەتان لـــە تاقیكردنـەوە و ئەزموونـەكانی یەكدی خـەملێوە بەتایبـەتی بـۆ ئـەو میللەتانـەی ڕۆشـنبیریی و كولتووریـان لـە یەكدی نزیكـە و شـوێنەوار و جێمـاوی ئاسـەواری ئیســـتعماری ڕابـــردوو ببـــووە ڕێگرتـــە و كۆســـپێك لەبـــەردەم دامەزرانـــدنی پەیوەندییەكی مكوم و پتـەو لەنێوانیانـدا ئەمـەش وەك پێویسـتییەكی بایەخـدار گرنگی خۆی هەیە . بەلاَم سەبارەت بـە پرسـیارەكەی جـەنابت لەمـەڕ ئـەم سـێ بەرگەی بەرهەمی ئـەم دواییەمـدا , گوایـە زیـاتر جـەختم لەسـەر شارسـتانییەتی ڕۆژئاوا كردووە , نەك شارستانییەتی ژاپۆنی و چینی و كۆریا و ... تاد .

دەبێ بڵێم من چۆن دەتوانم لەگـەڵ شارسـتانییەتێكدا بكەومـە وتووێـژ كـە لـە نزیكەوە , هەتا لە دوورەوەش نایناسم و پێی ئاشنانیم ؟ گوناهە و كەمتەرخەمی مـن چـییە كـە بـەریتانیا لــە دەیــەكانی ســالاَنی (1960) دا ڕێـی تـەواوكردنی خوێندنی پێداوم و منی ناچار كردووە كە شارستانییەتی ڕۆژئـاوا بناسـم , وێـڕای

ئـەوە پێشـوازی کـردن لـە کولتـوور و وەرگرتنـی لـە ڕۆژئـاوا , لەسـەر دەسـتی وەچەی من دەستی پێنەکردووە ، بـەڵکو سـەر بـە وەچـەی (ڕفاعـە تـەنتاوی) و دوای ئەو وەچەی (تەها حوسێن) و (تۆفیق ئەلحەکیم) و پـاش ئـەوانیش (تـەیب صالح) , (عەبدولسەلام ئەلعجیلی) و (سـولەیمان فـەیـاض) و ... تـاد , دەسـتی پێ کردووە و تاکو ئێستاش بەردەوامە هەر یەکێك لەم ڕۆشـنبیر و نووسـەرانەش بـەخۆو بـە تێڕوانینـی جیاجیایانـەوە لـە هـەوڵی ئەوەدابوونـە کـەوا چـۆن ڕێگـا چـارەیەکی گونجـاو بدۆزنـەوە بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی شارسـتانییەتی ڕۆژئـاوا منیش بەدەوری خۆم هەوڵم داوە ئەو مەسەلەیە لەکلاوڕۆژنەیەکی دیکەوە بخەمە بەر موتالاو لێکدانەوە .

* بۆ نموونە لەم بەرهەمەی جەنابتان دەبینین (خليل الامام) کە کەسایەتییەکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە , وەختێکی زۆری لە بەریتانیا بەسـەر بـردووەو پاشـان بـۆ لیبیا دەگەڕێتەوە و دەست لەکار دەکێشێتەوە و واز لە دەرس گوتنەوەی زانکۆ دەهێنێ , لە درێژەی ڕۆمانەکەدا دەبینین کـە ڕوو لـە بیایـان دەکـات و عـەودالی دۆزینەوەی بیر و باوەڕە باوەکانی باب و باپیرانی دەبێـت , ئایـا ئـەم کۆتاییـە , کاردانەوەیەکی سەلبی نییە لەبەردەم شارستانییەتی ڕۆژئاوا دا ؟

– من لە خستنە ڕووی (خليل الامام) دا بەم شێوەیە , ویستوومە کەسایەتییەکی خاوەن کێشە نیشان بدەم , کەسایەتییەك کە لە قەیراندایە !

کەسـایەتییەك کـە ناهاوسـەنگە و زیـاتر سـۆزدارە یـاخود تووشـی جـۆرە خۆسـەپێنیەك و دەمارگیرییـەك هـاتووە , کـە کەسـایەتییەکە کـە تێیـدا جـۆرە

کاردانەوەیـەکی دەکەوێتــە بەرچـاو کـە زادەی زۆر لێکـردن و سـتەم و بەسـەردا سەپاندنە .

* ئا بەم شێوەیە , ویستووتە کۆمەڵگەی عەرەبی لە بۆتەی تاکەکەسێکدا نیشان بدەیت ؟

– وەکو زەروورەت , نەخێر , ئەمە تـەنیا بـوونی تاکەکەسـێکە لـە دەورووبـەری ئێمە , ئەمە نییە کەوا زەن بکەین کە هەر کەسـایەتییەك لەلایـەن نووسـەرێکەوە بخرێتە ڕوو , پوختە و گوشراوەی کۆمەڵگاکەیە ! بـەم بۆچـوونە , ئیـدی ئەگـەر نووسەرێك لەبارەی کەسایەتی (دز) ێکـەوە بنووسـێت , ئایـا دەکـرێ ڕاسـتە کـە کۆمەڵگایـەك لـەم کەسـایەتییەدا بەرجەسـتەکەین ؟ هەڵبەتـە نـەخێر , نـاکرێ ! ئەمانە تەنیا لەو نموونانەن کە لەنێو کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە و بەس .

* دیارە تەنیا هـەر بـۆ دۆزینـەوەی بـەراودکاری لەگـەڵ ئیدیـدا لـە چوارچـێوەی هەمان (خۆناسین) وەك نموونە هێناوە ؟

– لەوانەیە ! چونکە بوونی ئەو تەنیا بەیانگەری حاڵەتێکی تاکەکەسییە و تـەنیا خستنە ڕووی نموونەیەك لە نێوان سەدان نموونـەی دیکەیـە کـە لەژیانـدا هەیـە , هەڵبەتـە ڕەنگـە بڵێـی کـە (خلیـل الامـام) بەیانگـەری کەسـایەتی ڕۆشـنبیرێکی

هەڵخلیسکاوە , هەڵبەتە تا ڕادەیەك , بەڵێ ڕاستە , بەتایبەتی ڕۆشنبیرێك كە هەست دەكات وەدرنراوە و لە پەراوێزدایە !

لە سۆنگەی ستەمكاری سیاسی و حكومڕانێكی كاڵفامی خۆسەپێنەر بەسەر كۆمەڵگەی كۆچەریدا , هەروەها دەورەدراو بە زنجیرەیەك دابونەریتی ناڕێكی كۆن , بۆیە دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە نێو كۆمەڵگەیەكی كراوە و ئازاد لە هەموو بوارەكاندا .

من لەڕێی خستنە ڕووی كەسایەتی (خلیل الامام) لەو دیوی پەردەوە دەمویست لەو پۆلبەندییە باوە نزیك بكەومەوە كە لە دنیای دەروونناسیدا سەبارەت بە كەسایەتی ئادەمیزاد لە ئارادایە , لەوێدا كە گیانی ئادەمیزاد یاخود كەسایەتی ئادەمیزاد لە سێ لایەنی لێك جیاوە دیاری دەكرێت !

یەكەم : ئەو لایەنەیە كە زیاتر پەیوەستە بە كۆمەڵێك مەسەلەی غەریزە و كاردانەوەی غەریزەیی كە وەك زاراوە ناویان ناوە (ئەو) كە لەنێو خەون و خەیاڵەكاندا ئامادەیی هەیە .

دووەم : كە ناونراوە (منی باڵا) پەیوەستە بە ویژدان و ئایدیا و عیشق و چاكە و چاكە كارییەوە .

سێیەم : كە ناونراوە (منی ئاسایی) كە لە ڕێگەی ئەوەوە لەنێو كووچە و كۆڵان و گەڕەك و شەقامەكاندا پەیوەندی لەگەڵ یەكدیدا دەبەستین , لەبەشی یەكەمی ڕۆمانەكەمدا , بەدرەنگ وەختەوە لایەنی یەكەمی كەسایەتی (خلیل الامام) م خستووەتە ڕوو كە ئەو لەگەڵ كۆمەڵگایەكی هاودژ (متناقض) جێگیر دەبێت كە تاكو ئێستا نەناسیویەتی و نە لەنێویدا ژیاوە ! ئەو خۆی لەنێو یەك بار كۆت و

بەندی گیرخواردووی ژیانی خێزانی و عەشیرەتگەریدا دەدۆزێتەوە , ئیدی جڵەوی ئەنگیزە و مەیل و ئارەزووەکانی وەلادەنێت و لەهەمو کۆت و بەندو جەختکارییەکی ڕەها دەکات .

* لەبەشی دووەمدا , ئەوت بەرەو ژیانێکی شێوە ئەفلاتوونی بەڕێ کردووە , تا شارۆچکەیەکی نموونەیی دابمەزرێنێ ؟

– بەڵێ , ئەمەیان ڕاستە !

* بەلام وا دێتە بەرچاو ئەم شارۆچکە نموونەییە , پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەبێت , ئایا ئەمەیان باشترین شێوەی نموونەییە بە نیسبەت واقیعەتی ئەمڕۆی کۆمەڵگەکەمان ؟

– مەسەلەکە بەم جۆرە نییە , بە بۆچوونی من , هەنگاونان بەرەو ڕابردوو یاخود ئایندە , وەك شتێکی ئاسایی هیچ بایەخێکی نییە , بەلام ئەوەی کە نیازی سەرەکی من بووە لێرەدا , هێنانە کایەی حاڵەتێکی فانتازیایی بوون , واتە دامەزراندنی شارێکی ئامانجدار و غەیرە واقیعی کە هەلومەرجەکانی جۆرە ژیانێکی ئایدیالی تێیدا بەدی بێت , شوێنێك کە تێیدا شەڕو شۆڕ و ستەمکاری و مەینەتییەکانی مرۆڤ هەر باسیشی نەبێت !

* بەلاّم ئێمە دەبینین کە هەمان شاری نموونەیی و ئامانجدار , کەوتووەتـە بـەر هەڕەشەو وێرانکردن ! چونکە یەکێك لە زانا گەورەکانی ئەم شارە , دەست بـە دروستکردنی (تۆپ) دەکا ! ئیدی چ هاوکێشـەیەك لـەنێوان ئایـدیا و تـۆپ ... دا هەیـە ؟ ئایـا ئـەم شـێوە نموونەیـە هـەر دەبـێ پەیوەنـدی بـە هـەزار سـاڵ لەمەوبەرەوە هەبێت ؟!

– نـا , نـا . مـن ئـەم جـۆرە مەبەسـتەم نـەبووە , مـن تـەنیا بەشـی دووەمـی ڕۆمانەکـەمم بەشـێوەی فانتازیـایی نەخشەکێشـاوە , هـەوڵی مـن لێـرەدا تـەنیا خسـتنە ڕووی ئـەزموونێکی گیـانی و نـاوەکی یـاخود عاریفانـە بـووە , چـونکە پاڵەوانی چیرۆکەکە بەرەو شارێکی پڕ لـە خـەون و خـەیاڵ کـۆچ دەکـات , بـەلاّم بۆچی ئەم شارە پەیوەستە بە ڕابردووەوە ؟ ئەمەیان لەبەر ئەوەیە کەوتۆتە ژێر کاریگەری و کەش و هەوای ئەفسانەکانی (هـەزار و یـەك شـەوە) لەبـەر ئەمەشـە دروستکردنی شارەکەش هەمان ناونیشانی هەیـە . کۆنـە شـارێکە کـە ئـادەمیزاد جـارێکی دیکـە بـەرەو ئـەوێ گەڕاونەتـەوە و بـەخۆو بـە هـەمان پۆشـاکی ڕێـك و توانـای بەختـەوەری و خۆشـگوزەرانیان , ئەمـەیان لـە ڕاسـتیدا دروسـتکردنی شارێکی ئارەزوومەندانەیە کـە تێیـدا دەڵـێ تینـووی سـەبارەت بـە خێـر و بێـر و جوانی و عیشـق و خۆشەویسـتی وەلاّمـی تـەواویان دەسـتگیر دەبێـت . دنیایـەك تـژی لـە عیشـق و دادپـەروەری کـە تێیـدا شـوێن پێـی سـتەم . زینـدان ، شـەڕو پێکدادان لەسەر کورسی دەسەلاّت و ... تاد , نییە و , ئومێد و ئاواتـەکانی هـەر تاکێـك لـەنێو ئـەم شـارەدا بـە سـانایی و بـێ گـرێ و گـۆڵ بـەدی دێـت , بـەلاّم سەبارەت بە دروستکردنی تۆپ لەلایەن یەکێك لە زاناکانی ئەم شارە , لەڕاستیدا

ئەمە جۆرە ناڕەزاییەکە سەبارەت بە پیشەسازییە مەرگ هێنەرەکانی کە هەڕەشە لە ژیانی ئادەمیزاد دەکەن , چونکە هاتنە ئەویَ بۆ کەسایەتی بنەڕەتی چیرۆکەکە , قەدەغە دەکرێت , ئەم کێشەیە لە هەقیقەتدا هێمایەکە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لەنێو ناخی خۆیدا جۆرە نەهامەتییەك لەخۆی باردەکات کە لە بنەڕەتدا ئەمە خۆیەتی دەبێتە بەرپرسیاری هەموو ئەم وێرانکارییانەی لە جیهاندا ڕوو دەدەن , وەختێ لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە , کارەساتی دڵتەزێنی ئەوتۆ دەبینین کە منداڵی ساوا تووشی سەرسامی و پیر و کەنەفتی دەکات , بە ناچاری لە خۆمان دەپرسین : ئەم هەموو کوشت و کوشتار و وێرانکارییە لەپای چی ؟ ئایا ناکرێ ئێمە لە باوەشی ئاشتی و ئاسوودەیی و برایەتیدا ژیان ببەینە سەر ؟ بەبڕوای من ئەمە بابەتێکی شایستە بەوەیە کە هەر کەسە و لە شوێنی خۆیدا هەوڵی مەردانەی چارەسەری بخاتە کار و درێغی نەکات .

* بە بۆچوونی جەنابت وەك نووسەرێك , تا چ ڕادەیەك دەکرێ بتوانین واقیعیەت بەشێوەی چیرۆك بخەینە سەر کاغەز ؟

– من زیاتر هەوڵی ئەوە دەدەم کە خۆم لەو مەسەلەیە بەدوور بگرم .

ئەم خۆ بە دوور گرتن و ڕاکردنەشم , بەهەر شێوەیەك کە لە توانابێت واتە بەرەو بەرزتر ، یان نزمتر ، یان پێشەوەتر ، یان دواوەتر لەم بوارەدا درێژە پێ دەدەم , چونکە گواستنەوەی واقیع بۆ سەر کاغەز (وەك وێنەیەکی ئاخێوەر) کارێکی ئەوەندە دروست نییە , هەڵبەتە هەڵێنجان لە واقیع کارێکی خراپ نییە , هەر لەبەر ئەمەشە کە من بە ناچاری خۆم لە سوود وەرگرتن لە ئەوزارو

ئامرازەکانی دیکەوە دەبینمەوە کە توانای ئەوەم پـێ دەبەخشـن بتـوانم دەوران دەوری ڕووداو و کەسـایەتییەکان بـدەم کـە پەیوەنـدی نێـوان خوێنــەر و بابــەت بەردەوام بپارێزێ .

خوێنەری ڕۆمانەکەی من لە مـاوەی (2 – 3) کاتـژمێر دەخوێنێتــەوە , باشـە من چۆن دەتوانم ژیان و سەربوردەی کەسێك کە زیاتر لـە (60) سـاڵ ژیـانی لـە ماوەی (2 – 3) کاتژمێر وەك خۆی پێشکەش بە خوێنەر بکەم ؟ ئیـدی ناچـارم پەنا ببەمە بەر پەنا و پێچ و فانتازیای هونەری تـا بتـوانم بەسـەر ئـەو کارانەمـدا زاڵ بم .

* بەم پێیـە دیـارە جـەنابت لەگـەڵ ڕێبـازی ڕیالیزمـدا (گواسـتنەوەی واقیعێکـی ڕووت) دژی و پێچەوانە بیت ؟

– ڕاستە , من ڕیالیزمی ڕاستەوخۆ ڕەت دەکەمەوە . هەڵبەتە جۆرە ڕیـالیزمێکی ئەفسـووناوی – ش هەیـە کـە لەسـەر دەسـتی مـارکیز و بـۆرخێس و ئامـادۆ و نووسەرانی دیکەی نوێخوازی ئەمریکای لاتین سەری هەڵداوە , مـن زیـاتر هـەوڵ دەدەم لەگەڵ ئەم ڕیالیزمییەدا کار بکەم , بەڵام بە ناواخنێکی عەرەبی ڕەگەز ! بە بۆچوونی من ڕیالیزمی ڕاستەوخۆ ناکرێ بە هیچ ئەنجامێك بگـات . ڕاسـتە کـە ژیـان سەرچـاوەی سـرووش و ئیلهامــە , بــەڵام مـن خـۆم لـەو خاڵـە و پێگەیـە دەبینمـەوە کـە لـە بەرامبـەر ئـەم ڕیالیزمیـە سروشـتییەدایە ! هەنـدێ جـار لـە واقیعیەتدا تۆ دەکەویتە بەر هەندێ چرکە سات کە جیهـانێکی تـازەت لەبـەردەم دا بۆ نەخشە دەکێشێ . ئـەم جـۆرە چرکەسـاتانە لـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆدانە

لەگەڵ واقیعەکە , بەڵام خودی واقیعەکە نین , لەم سەروبەندەدا من وای بۆ دەچم , خستنە ڕووی واقیع بە تەنیا بەس نییە ! بۆیە لە چیرۆك و ڕۆمانەکانمدا هەوڵ دەدەم سوود لە پەنا و پێچە فەنتازی و خەیاڵبازی و ئەفسووناوییەکان وەرگرم , یان وەك دکتۆر (سەبری حافز) ناوی ناوە (دەسەڵاتی خەونە ئەفسووناوییەکان , یان زاڵبوونی خەیاڵە ئەفسووناوییەکان) لەڕاستیدا من پەنا دەبەمە بەر زنجیرە پرۆسەسەکی جادووگەرانەی ئەفسووناوی تا بتوانم سەردەمێکی درێژخایەن بە ڕووداوە جیاجیاکانەوە بخەمە نێو بۆتەیەك کە ناوی دەنێم ڕۆمان , بەڵام ئەم جۆرە کارە چۆن مەیسەر دەبێت ؟ هەروەکو پێشتر گوتم ئەمە لەڕێی ئەو ئازار و ئامرازی جۆراوجۆرەوە دەبێت کە ئەو توانایەمان پێ بدات تا بتوانین لەنێو پانتایی واقیعدا لە جووڵە دابین . ئەم کارەش بە واتایی بێ بایەخکردن و پشتگوێ خستنی واقیع نییە , بەڵکو ئێمە جارێکی دیکە واقیع دروست دەکەینەوە و بەرهەمی دەهێنین و لەڕێی ئاوێتە کردنی حەدەس و گومان و خەون و خەیاڵ و هزر و بیرهاتەو ... تاد بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە قووڵایی گیانی واقیعیەت ، نەك تەنیا هەر لایەنی جەستەیی و ڕووکەشییەکەی .

* ئێستا جەنابت کە باس لە خەیاڵکردن دەکەیت , ڕێگام بدە کە هێما بۆ (خەیاڵە جوانەکان) بکەم کە زۆربەی نووسەرانی عەرەب بەشێوەیەکی ئاسایی باسی لێوە دەکەن . بەبڕوای جەنابتان , پلانی نووسینی چیرۆك و گۆڕینی بۆ پلانێکی واقیعی بەمەبەستی نوێکردنەوەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی تا چ ڕادەیەك لە توانادایە ؟

– من خۆم لە چوارچێوەی (خەیاڵە جوانەکان) دەرچوومە کە ڕۆڵێکی بەرزتر لەوەی کە هەیە بە ئەدەب دەبەخشێت , پێویستیش ناکات نکوڵی لەوە بکەم کە منیش وەختێ لە سەرەتای نووسیندا بووم ، بڕوام وابوو کە لە ڕێی ئەو کورتە چیرۆکانەی دەیانووسم , دەتوانم بیروباوەڕی عەرەب بگۆڕم , یاخود بەزووترین کات شۆڕشێکی گەورە لە نێوانیاندا بەرپا بکەم ! بەڵام ئەزموون فێری کردم کە لە خەون بینینەکانمدا لەسەر خۆو خاکەڕایی بم ! ئەمڕۆکەش بەڕادەیەکی ماقووڵ گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە ئەو چیرۆکانەی دەیاننووسم لە کێشە و گرفتەکانی مرۆڤایەتی بە گشتی دەدوێن و لەسەر ئاستێکی بەرفراوانیش شایستەی خوێندنەوەن , ئەگەر وەچەی ئەمڕۆش نەیخوێننەوە , ئەوا وەچەکانی داهاتوو حەتمەن دەیخوێننەوە . ئەمەش حەقیقەتێکە سەبارەت بە نووسەران و هونەرمەندانی گەورەی وەك : هۆمیرۆس , ئەبی عەلا مەعەڕی , موتەنەببی و شکسپیر ... هتد , لە مێژوودا ڕووی داوە ... بەم جۆرە من ئیدی تووشی ئەم خەیاڵ پلاویە نابم کەوا بە خێرایی عەقڵ و ئاوەزی کۆمەڵگە بگۆڕم یاخود کودەتایەك بەرپا بکەم کە هەموو حوکمڕانەکان ڕامالێ ! ئەمڕۆکە من تا ڕادەیەك ئەو بڕوایەم لا دروست بووە کە نووسەر ڕۆڵێکی مرۆڤایەتی دەگێڕێ و هەوڵ دەدات تا ئەوەندەی بۆی دەکرێ بەشێك لە گۆشە تاریك و نەزانراوەکانی ژیان بۆ خوێنەران ڕۆشن بکاتەوە , لەمە زیاتر هیچی دیکەم گەرەك نییە .

* ئایا مەبەستی جەنابتان ئەوەیە کە ئەدەب چ لەشێوەی چیرۆك یان شیعر یان شانۆگەری ناتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەر لەنێو کۆمەڵدا بگێڕێ ؟ ئایا ئەمەش

دووپاتكردنەوەی هەمان وتەكەی ڤۆڵتێر نییە كە دەڵێ : (تەنیا لەكاتێكدا كە كۆمەڵگە پێداویستیەكانی خۆی لەنان و خۆراك دابین بكات , ئەو كاتە دەتوانێ چیرۆك و شیعری جوان دابهێنێ ) ؟

– بەر لە ڤۆڵتێر , ئیبن خەلدوون گوتوویەتی : (هونەر و ئەدەب پاش چرۆ دەركردنی كۆمەڵگە چرۆ دەردەكەن) واتە دوایەمین سەرهەڵدانی گەشەكردن و چرۆ دەركردنی كۆمەڵگەیە .

ئیبن خەلدوون كۆمەڵگەی بە درەختێك دەچوێنێ كە دەبێ زۆر بەباشی چاودێری بكرێت . ئەم درەختەش پاشی ڕەگوڕیشە و لق و گەڵاكان , چرۆ دەردەكات و بەر دەگرێت . ئەدەبیاتیش لە ڕاستیدا دوا بەرهەم و بەری ئەم جۆرە كۆمەڵگەیەیە . هەروەها وەختێ لافاو هەڵدەستێ , خونچە و بەرەكان یەكەمین بەشن كە دەكەونە بەر تەوژمی مەترسی . لەم ڕووەوە هونەر و ئەدەب دوا بەرهەمن كە لە نێو كۆمەڵگەدا دێنە بەرهەم و داهێنان , هەروەها یەكەمین سیما و دیاردەن كە لەكاتی مەترسی و چركە ساتەكانی وێرانكاریدا , دەكەونە زیان پێگەیشتن .

لە ژیاندا هونەر و ئەدەبیات لە پێداویستییە سەرەكییەكانی تاكدا نییە ! پێداویستی بنەڕەتی و سەرەكی ئەو نان و ئازادی و دادپەروەری و ... تاد هونەر و ئەدەبیات دەتوانن وەڵامی پێداویستی باڵاكانی ئادەمیزاد بدەنەوە ! ئەو پێداویستییانە كە لە وجوددا پشت بە نرخ و بەهای مرۆڤایەتی دەبەستن بەشێوەیەكی سروشتی هاوسەنگە لەگەڵ خۆشگوزەرانی و فەڕەحنایی ژیانی مرۆڤایەتیدا .

* ولاّتانی عەرەبی هەمیشە لە ئەنجامی هەژاری و برسێتی و دواکەوتوویی لە مەینەتیدا دەژین ؟ ئایا قسەکەی جەنابتان بەو مانایەیە کە بەر لە تەختکردنی ئەم کۆسپانە , ئومێدی ئەوە ناکرێ کە بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری دابهێنرێ کە خاسیەتی ئەدەبی جیهانی تێدا بێت ؟

– ئەو مەسەلەیە تا ئەم ڕادەیە ڕەها نییە , لەولاّتی ئێمەدا چینی هەژار , برسی و دواکەوتوو هەیە , بەلاّم لە تەك ئەمانیشدا , دەستە و چینی دیکەی بەرفراوانی دەوڵەمەندانیش هەنە کە گەورەترین بەشی بەرهەمهێنانی شارستانێتی جیهانی ساغ دەکەنەوە , بەلاّم ئێستا ئارەزووی من ئەوەیە کە چیرۆکە نوێیەکانی عەرەبی لە قوتابخانەکاندا لە تەك شێوازە بەهەرمێنەکاندا بخوێنرێ ئەو مەسەلەیەش ڕەنگە خێراییەك بە ڕەوتی ڕۆشنبیریی نێو کۆمەڵگە بدات . لەگەڵ ئەمانەشدا , دەزانم کە ناتوانرێ وا زوو ئەو مەسەلانە چارەسەر و یەکلا بکرێنەوە .

* بە بۆچوونی تۆ ئێستا و پاش خەلاّتکردنی نەجیب مەحفووز بە خەلاّتی نۆبڵ و وەرگێڕانی زۆر لە بەرهەمە گرنگەکانی نووسەرانی عەرەب بۆ زمانانی دیکە , ئاستی ڕۆمانی عەرەبی لە دنیای ئەدەبیدا چۆن دەبینی ؟

– گومانی تێدا نییە ئێستا لەسەر ئاستی جیهانیدا تا ڕادەیەك هەست بە ئامادەبوونمان دەکرێت , بەلاّم نەك بەو مانایەی کە جیهان لە ئاستی پێویست چاوی بڕیوەتە ڕۆمان و چیرۆکی عەرەبی , ئەگەر هەر ئێستا زەین بدەینێ , دەبینین وەرگێڕانی چیرۆك و ڕۆمانی عەرەبی بۆ زمانانی دی , زۆر بە سستی

ئەنجام دەدرێت , ئەمەش بە بڕوای من لەبەر پلە و بەهای هونەری و لایەنی جوانناسی ڕۆمانی عەرەبی نییە . بەڵکو ئەم کارە پێویستی بە بەرنامەیەکی ڕێك و پێکی بەرفراوان هەیە تا بتوانێ بەشێوەیەکی مۆدێرن و لەسەر ئاستی پێویست بە خەڵکی جیهانمان بناسێنێ , لە حاڵەتێکدا کە عەرەب بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە بەرنامەیان نییە . هەڵبەتە مەبەستیشم ئەوە نییە کە دامەزراو و دەزگای ڕاگەیاندنی عەرەبی تایبەت بە ڕاپەڕاندنی ئەم جۆرە کارانەی نییە هەتا من خۆم لەم بوارەدا ئەزموونێکی زۆرم هەیە و چەند ساڵێك لەمەو بەر گۆڤارێکم بە زمانی ئینگلیزی و بەهۆی دامەزراوێکی خێرخوازی بەریتانی بڵاو دەکردەوە . لێرەدا مەبەستم گەیاندنی بەرهەم و ئاکاری ئەدەبی عەرەبی بوو بە خەڵکانی دی , بەڵام ئەنجامەکەی بەچی گەیشت ؟ هیچ ؟ چونکە ئەم گۆڤارە دوای ماوەیەکی کورت لەکارخرا , چونکە لەلایەن عەرەب خۆیەوە هیچ پشتیوانییەکی لێ نەکرا , جگە لەوەی کە بودجەیەکی زۆر کەمی هەبوو , هەروەها کارمەندانی گۆڤارەکە دەست هەقیان وەرنەدەگرت و هاوبەشی کردنیان خۆبەخشانە و بەخۆڕایی بوو , لەگەڵ ئەوەشدا کەسێك پەیدا نەبوو کە خەرجی لەچاپدان و کڕینی کاغەز بخاتە ئەستۆی خۆی و بۆی دابین بکات .

ئەم حاڵەتە وەنەبێ تەنیا هەر لەبواری چیرۆك و ڕۆمان و شیعر ... تاد , ڕوو بدات , بەڵکو لەزۆر بورای بەرهەمهێنی دیکەی عەرەبی ڕوو دەدات , ئا بەم جۆرە بەهیچ کلۆجێك نەیتوانی بکەوێتەوە سەر سکەی خۆی , مەسەلەکەش زۆر سادەیە , وەکو هەر کالآیەکی دیکە کە دەخرێتە بازاڕ , ئەگەر ئەدەب و

هونەریش پشتیوانی پێویستی خۆی لێ نەکرێت ، ئەوا ڕێگای لێ تەنگ دەبێتەوە و بە سستی بەڕێوەدەچێت .

* ئایا لەم ڕووەوە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان شکۆمەندی دەسەلاتی شارستانییەتێکدا هەیە بۆ بەجیهانیکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم شارستانییەتە ؟

– بەبڕوای من ، ئەو مەسەلەیە کاریگەرییەکی ئەو تۆی لە بواری بەجیهانیکردنی بەرهەمی ئەدەبی یان هونەریدا نابێت ، بە تایبەتی ئەگەر بەرهەمەکە خۆی خاسیەتی هونەری بالأو بەرزی تێدابێت بۆ نموونە تۆ تەماشای وڵاتی (بۆرکینا فاسۆ) بکە ، وڵاتێکە لەسەر ئاستی جیهانیدا ، بچووکترین و هەژارترین وڵاتە ، بەڵام توانیویەتی فیلمی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێ کە لەسەر ئاستی جیهانیدا سەرکەوتن وەدەست بهێنێ ، هەروەها وڵاتی (سەنیگال) یش بەهەمان شێوە ، یان لە مەیدانی چیرۆکنووسیدا وەك (ئەلبانیا) کە لە ڕێی چیرۆکنووسێکیان بەناوی (ئیسماعیل قەدری) دەبینین ناوبانگی جیهانی وەرگرتووە .

* ئایا وازەن ناکەیت کە لەنێو قسەکاندا جۆرە دژایەتییەك دەکەوێتە بەرچاو ! هەروەك لەلایەك دەڵێی : عەرەب بۆ خستنە ڕووی بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیان لەسەر ئاستی شارستانییەتی ئەمڕۆی جیهانیدا بەرنامەیەکی ڕێك و پێکیان نییە؟ لەم ئاقارەوە هەموو کەم و کورتی و کەمتەرخەمییەك دەخەینە ئەستۆی وڵاتانی عەرەبی ! لەلایەکی دیکەوە دەڵێی : وڵاتێکی وەك بۆرکینا فاسۆکە ئەم شوێنە

لەســەر ئاســتی جیهــانی وەدەســت هێنــاوە , چــونکە بەرهــەمێکی ئــەوتۆی خستۆتەوە کە شایستەی وەدەست هێنانی ئەم سـەرکەوتنەیە ! ئایا بـە بـڕوای جـەنابتان ولاّتـانی وەك ئـەلبانیا یـان ولاّتـانی ئـەمریکای لاتـین , ئـەم جـۆرە بەرنامەیە ڕێك و پێکەمان هەبووە ؟

– نەخێر , بەرنامەیەکی لەم جۆرەیان نەبووە , بەلاّم هـەر یـەکێك لـەم ولاّتانـەی باس کران , خودان خاسیەتی تایبـەت بـەخۆیان بووینـە کـە لەگـەلّ ئـەم جـۆرە بەرنامانـەدا هاوسـەنگ و هـاودەنگ بـووە , بـۆ نموونـە ولاّتـی ئـەلبانیا , بـەهۆی ڕژێمێکی دیکتاتۆری تۆتالیتاری هەمیشە لەژێر چاودێری و سانسۆری دەزگاکـانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا بووە , وەخـتێ کـە (ئیسـماعیل قـەدری) بەرهەمـەکانی خـۆی بلاّوکردەوە , زۆر بـە گـەرمی پێشـوازی لـێ کـرا , چـونکە چیرۆکەکانی ئـەو لـە سایەی جۆرە ڕژێمێکدا ئیلـهامی وەرگرتبـوو کـە لەگـەلّ هەلّوەشـانەوەی بلـۆکی ڕۆژهـەلاّتی لەجیهانـدا زۆر بـە پەرۆشـەوە بـوو تـا بزانرێـت لـەو دیـوی پـەردە ئاسنینەکانی حکومەتی (ئەنوەر قۆجە) دا لە ئەلبانیا چ دەنگوباسە !

ئا لێرەدا بوو کە ڕۆمانەکەی ئەو لەگـەلّ ئـەم جـۆرە هەلومەرجـە مێژووییانـەدا هاودەنگ و هاوئاهەنگ بوو . هەر لەبەر ئەم هۆیەشـەوە بـوو کـە لەسـەر ئاسـتی جیهـانی پێشـوازییەکی لـە ڕادەبـەدەری لـێ کـرا . بـەلاّم سـەبارەت بـە ولاّتـانی ئەمریکای لاتین , دەبێ بلّێین لەوێدا شێوەی ڕەوتێکـی چەسـپاو هەیـە , چـونکە کولتوور و شارستانییەتی ئەم ولاّتانە لەنێو مندالّدانی ویژدان و هەسـتی ڕۆژئـاوایی ئامادەیی هەیە, چونکە زمانی ئەوروپایی , زمانی ئاخافتنی ئەم ولاّتانەیە . جگـە لەمە لە تێڕوانینی هزروانانی ئەوروپایی و ئەمریکاییدا شارستانییەتی ئەم ولاّتانـە

، درێژ بوونەوەی شێوە گشتییەکەی شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەگرنە خۆ . ئیدی لەبەر ئەم هۆیانە بۆ ناسینی شاکارێکی ئەدەبی یان هونەری لەم جۆرە وڵاتانەدا ئەوەندە پێویستیان بە بوونی بەرنامەیەکی تایبەت نییە .

* جەنابی (ئەحمەد ئیبراهیم ئەلفەقی) وەك نووسەرێك ، چ شتێکتان بۆ سەر ئەزموون و تاقیکردنەوەی وەچەی بەر لە خۆتان لە دنیای ڕۆماندا زێدە کردووە ؟

— گومانی تێدا نییە بەرزەفڕی نووسەرێك یان هونەرمەندێك ، تا ئەو شوێنەیە کە بزانین یان ببینین تا چ ڕادەیەك بەشداری ئەو لە زێدەکردن و دەوڵەمەند کردنی ئەزموونەکانی پەیوەندی بە وەچەی ڕابردووەوە هەبووە ، من بە کورتە چیرۆك دەستم پێ کردووە ، ساڵانێکی زۆر لە تەمەنم لەم بوارەدا بەسەر چووە کە بەرەنجامەکەی شەش کۆمەڵە چیرۆك بوو ، لە مەیدانی کورتە چیرۆکدا ، من لە کارەکانی خۆم ڕازیم ، ئەو پاداشت و خەڵاتانەش کە لەم بوارەوە بە نسیبم بووە ، گەواهی ئەو سەرکەوتنەم دەدەن ، بەڵام لەبواری ڕۆماننووسیدا ، من خۆم بەدرێژە پێدەری کاری مامۆستایانی دیکە دەزانم و لەم دەروازەش هاتوومەتە ناو ئەم مەیدانەوە . ئەو مامۆستایانەی کە یەکەم بەردی بناغەی ڕۆمان — ی عەرەبییان دامەزراندو گەیاندییانە ئاستێکی باڵا . گومانی تێدا نییە کە نووسەرێك کاتێ خۆی لە بەرامبەر ئەزموونێکی لەم جۆرە دەبینێتەوە ، ناچارە

کارەکەی خۆی لەو شوێنە دەست پێ بکات کە ئەوانی بەر لەو کۆتاییان پێ هێناوە , نەك ئەزموونی ئەوان دووبارە بکاتەوە . من لەبەرهەمەکانمدا هەوڵم داوە شتێکی تازە بخەمە سەر ئەزموونی وەچەی ڕابردوو , بۆ نموونە لە بەرهەمەکانمدا شێوەی گوندێکی نوێم کێشاوە کە پێشتر نموونەی نەبووە .
هەروەها هەر بۆ نموونە , لەنێوان ڕۆمان – ی من و ڕۆمان – ی نەجیب مەحفووزدا جیاوازی سەرەکی هەیە , مەحفووز هەوڵی داوە لە بەرهەمەکانیدا سەر گوزەشتەی وەچە جیاجیاکان بگرێتەوە , بەشێوەیەك کە هەر بەرگێکی ڕۆمان – ەکەی پێوەندی بە وەچەکەیەوە هەیە ! بەلاّم کاری من گێڕانەوەی وەچەکان نییە , بەڵکو گێڕانەوەی ساتەکانە , ئەو ساتانەی کە کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە لە غوربەتدا ژیان بەسەر دەبات , چرکە ساتی چوونە نێو تاقیکردنەوەیەکی عیرفانی و چرکە ساتەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ نیشتمانی ڕاستەقینەیدا . هەروەها خستنە ڕووی هەموو ئەو هاودژیانەی کە لەو نێوانەدا هەنە , لەڕاستیدا هەوڵی من بۆ تێکشکاندنی سەردەم و زیاد کردنی قەبارەکەی شتێکی ناسراوە لای خوێنەر . هەڵبەتە من لەم ڕاستاییەدا دووچاری کۆسپ و تەگەرە و گرفتی زۆر هاتووم , وەك چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە گیانی شیعری بێ ئەوەی کار لە شێوە داڕشتنی چیرۆکەکە بکات و بێ ئەوەی شیعریش دووچاری کورت هێنان و وەستان بێت , چونکە شیعر سەروکاری بە هەمەلایەنییەوە (کلیات) هەیە و ڕۆمان – یش بەیەك لایەن یان پاژو بەشێك (جزئیات) .

ئەمە بەشێك بوو لەو شتانەی کە من هەوڵم داوە بیخەمە سەر ئەزموونی وەچەی ڕابردوو . ئەو مەسەلەیەش ئەگەر هاتبایە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە پێشتر باسی لێوە نەکرابووایە و پشتیوانی لێ نەکرابایە , ئەوا جەسارەت و زاتی ئەوەم نەدەکرد ئەم بانگەشەیە بۆ خۆم بکەم , لەگەڵ ئەمانەش هەموویدا , من بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە ڕاو بۆچوون و تێڕوانینی ڕەخنەگران دەکەم و هەرگیز بەرگری لەو شتانە ناکەم کە نووسیومن , چونکە خودی بابەتەکە دەبێ بەرگری لەخۆی بکات .

{تێبینی : ئەم گفتوگۆیە لە گۆڤاری (المجلە) ژمارە (815) لە 1995/9/30 بلاْوکراوەتەوە و لەلایەن محەمەد عەلی عەسکەری کراوە بە فارسی و لە گۆڤاری (دنیای سخن) بلاْوکراوەتەوە , بەداخەوە کاتی خۆی تەنیا فۆتۆکۆپی کردنی بابەتەکەم دەست کەوتبوو , بۆیە ژمارە و مێژووی دەرچوونی گۆڤارەکەم نەنووسیوە چونکە لەسەری نەبوو .}

**پێرست** :

* پێشەکی :

1. چقڵێك بۆ چاوە نەخۆشەکان ........................ دیمانە لەگەڵ نیما یوشیج

2. هەمیشە کەڵکەڵەی چیرۆکی زانستیم لە مێشکدا بووە ................ دیمانە لەگەڵ شەهر نووشی پارسی پوور

3. شیعری نوێی فارسی ........................ دیمانە لەگەڵ بەهزاد زەربی پوور

4. یانیس ڕیتسۆس , ژیاننامە .............. دواگفتوگۆ دیمانە لەگەڵ یانیس ڕیتسۆس

5. شاعیری نەناسراوی یۆنانی ............... دیمانە لەگەڵ ئۆدیسیۆس ئیلیتیس

6. نووسەرێك و عیرفانی ڕۆژهەلاّت .............. دیمانە لەگەڵ ڕۆماننووسی ئەمریکی جاناثان کرۆڵ

7. ژیان بەبێ شیعر مومکین نییە ................ دیمانە لەگەڵ نووسەری ئینگلیزی هارۆڵد نیکلسن

8. عیشق منداڵ , خەیاڵ , فانتازیا ................ دیمانە لەگەڵ نووسەری هیندی خاتوو ئیندیرا کریشنان

9. لە دیمانەیەکی خاکەراییدا ...................... دیمانە لەگەڵ ڕۆماننووسی لیبیایی ئیبراهیم ئەلفەقی